# حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەیەک بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا دەنێرێ

**رووداو – هەولێر**

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، چەند سەعاتێک دوای دەستپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاڤا، نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن ئیمەیڵێکی بۆ ئەندامانی کۆنگرێس نارد و لە دوایین گۆڕانکارییەکان ئاگاداری کردوونەتەوە و داوای لێکردوون گوشار لە سەرۆکی وڵاتەکەیان بکەن بە بڕیارەکەیدا لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا بچێتەوە.

لە بەشێک لە نامەکەدا کە کۆپییەکی دەست ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی کەوتووە، هاتووە "کوردی سووریا هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن و ئەمە نیشتمانی باوباپیرانیانە. بۆ کورد ئەمە پرسی مەرگ و ژیانە. ئەوان ناچار دەبن بەرگری لە خۆیان بکەن و لە هەڵمەتی دژی داعش خاو ببنەوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانێکی زۆرە هاوشێوەی دەوڵەتەکان لە واشنتن کاری لۆبی دەکات، بۆ ئەوەی دەنگی بە سیناتۆر و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بگات. ئەو سیاسەتکارە دیموکراتەی کە نامەکەی بە (دەیلی بیست) داوە، دەڵێ: "ئەم نامەیە بە تایبەتی زۆر خەماوییە و راشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە چی دەگوزەرێ و چ شتێک دەکرێ رووبدات".

کورد لە پێنج ساڵی رابردوودا بەشدارێکی کارای شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا بووە، ئەوە هۆکارێک بووە بۆئەوەی کۆنگرێسمانەکانی هەردوو پارتی سەرەکیی ئەمریکا دژی بڕیاری ترەمپ لەبارەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەڵوێستی توند بنوێنن.

«3

رووداو RÛDAW

ژمارە (574) دووشەممە 2019/10/14 – 22ی رەزبەر 2719 (750) دینار

## عێراق سنوورەکانی لەگەڵ رۆژئاڤا توند دەکات

3

رۆبەرت فۆرد بۆ (رووداو):

## پێشنیاز دەکەم کوردی سووریا پەیوەندی بە حکومەتی ئێرانیشەوە بکەن

7



مەجید نیزامەدین گلی

## راستییە نێودەوڵەتییەکانی پشت کارەساتەکەی رۆژئاوا

16

لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی SETA نزیک لە حکومەتی تورکیا:

# دەروازەی ئۆڤاکۆی تاکە رێگەی ئێمەیە بۆ بەهێزکردنی بەغدا لە بەرامبەر هەولێر

پرۆژەی ئۆڤاکۆی توانای ئەوە دەداتە بەغدا کە حکومەتی هەرێم سزا بدات و تورکیاش سوود لەم دۆخە وەربگرێت

بەشداری تورکیا لەئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننییەکان رێ لە فراوانخوازیی شیعە دەگرێت

پرۆژەی ئۆڤاکۆی دەبێتە دەروازەیەک بۆ تورکمانەکانی تەلەعفەر

بۆئەوەی پرۆژەی ئۆڤاکۆی جێبەجێ ببێ، پێویستە حکومەتی عێراق پێش هەر شتێک ناوچەی پێشخابوور (سێمالکا) بخاتەوە ژێر دەستی خۆی

«6-5-4




# ترەمپ هەسەدەی ناچارکرد لەگەڵ رووسیا و سووریا رێکبکەوێت

ئەفسەرێکی ئەمریکی: شەڕڤانانی هەسەدە یەکێک لە رەوشتبەرزترین ئەو خەڵکانە بوون کە لە ژیانمدا بینیومن

«16






سارا محەممەد حوسێن، تەمەن 7 ساڵ بەهۆی بۆردوومانی تورکیا، لە گەڕەکی قودووربەگ لە شاری قامشلۆ لە رۆژی 2019/10/11 لاقی راستی برایەوە، دایکی و برا 12ساڵییەکەی گیانیان لەدەستدا (فۆتۆ: AFP)

منداڵێکی کورد لە قامشلۆ لەئەنجامی بۆردوومانی تورکیا گیانی لەدەستداوە

"زەواجی موتعە". هاوسەرگیریی سێبەر لە عێراق

«12

## مەلاکانی بەغدا هاوسەرگیری بۆ کچانی تەمەن 9 ساڵانیش رێکدەخەن

مانگێک مۆڵەت دەدرێتە وەبەرهێنەران

«8

## روشدی سەعید داوای پرۆژەی دەشتی بەهەشت دەکاتەوە

3 راپۆرت

## هەندێ پەرلەمانتار داوای "ناردنی هێز" بۆ رۆژئاوای کوردستان دەکەن



2 راپۆرتە هەواڵ

## هاوڵاتییەک بە نووسراوی ساختە زەویی حکومەت دەفرۆشێ

13 کۆمەڵایەتی

## منداڵێکی 11 ساڵان خۆی دەخنکێنێ



10 هونەر

## هۆلیوود ئامادەیە سەردانی کوردستان بکات



ڕووداو
ژمارە (574) - دووشەممە 2019/10/14



## کرێکارێک بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێ

**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کرێکارەی لەبەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) باسی چۆنێتی ساختەکردن و دەستکاریکردنی مێژووی بەسەرچوونی هەندێ لە ماددە خۆراکییەکانی کرد، لە چەند کۆگایەکی شاری هەولێر، بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت.

لوقمان وەردی، ئەندامی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2019/10/13 کارزان کەریم هاتە پەرلەمان، ئێمە وێڕای دەستخۆشی لەو بوێرییەی بۆ ئاشکراکردنی ئەو ساختەکارییەی نواندی، لەلایەن لیژنەکەمانەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پێشوازیمان لێکرد، چونکە ئەو کرێکارە زۆر شتی گرنگی ئاشکرا کردووە کە شایەنی بەدواداچوونە".

## فەرمانبەرێکی شارەوانی هاوکاری کردووە

# هاووڵاتییەک بە نووسراوی ساختە زەویی حکومەت دەفرۆشێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

لە هەولێر هاووڵاتییەک بە هاوکاریی فەرمانبەرێکی شارەوانیی هەولێر فێڵ لە حکومەت و خەڵک دەکات و سەدان هەزار دۆلاری خاوەن نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە دەبات. پیاوەکە ساختەکاری لە نووسراوە فەرمییەکانی حکومەتدا کردووە و ئەو فەرمانبەرەش کە هاوکاریی کردووە، هەڵاتووە.

بەگوتەی خاوەن نووسینگەیەکی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بەڵێنی گەڕاندنەوەی پارەکانی پێداون، بەڵام جێبەجێی نەکردووە، بۆیە دەڵێت "سکاڵا لە دژی وەزارەتەکانی شارەوانی و داد تۆمار دەکەین".

محەممەد عومەر، نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا لە گەڕەکی 122ی گوڵان، پێنج پارچە زەوی بە بەهای 800 هەزار دۆلار بە نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە فرۆشتووە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە فێڵی لە شارەوانی و تاپۆ و خاوەنی نووسینگەکانیش کردووە.

یونس سادق، خاوەن نووسینگەیەکی خانووبەرە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سێ ساڵ پێش ئێستا کەسێک بەناوی (محەممەد عومەر) هات و گوتی چەند پارچە زەوییەکم هەیە دەیانفرۆشم، ئێمەش دوای ئەوەی دڵنیا بووینەوە کە هیچ کێشەیەکی یاساییان نییە، لێمانکڕی. من دوو پارچە زەویم بە 300 هەزار دۆلار لێکڕی و لەسەر خۆمم تاپۆ کرد، دواتر فرۆشتمانەوە بە خەڵک، بەڵام پاش ماوەیەک کڕیارەکان هاتن و گوتیان ئەو زەوییانە کێشەیان تێدایە".

یونس سادق کە دواتر سەردانی تاپۆی کردووە، لەوێ پێیانگوتووە ئەو زەوییانە کێشەیان هەیە و کێشەکەش لە سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێرە. یونس دەڵێت: "چووینە لای سەرۆکی شارەوانی، ئەو پێیگوتین ئەو کەسە فێڵی لە ئێوە و ئێمەش کردووە".

حاجی فەیسەڵ ساڵح، خاوەنی نووسینگەیەکی خانووبەرە لە هەولێر کە ئەویش فێڵی لێکراوە، دەڵێت: "من سێ پارچە زەویم بە 480 هەزار دۆلار لەو کەسە کڕی. دواتر کە گوتیان کێشە لە زەوییەکاندا هەیە، سەردانی سەرۆکی شارەوانیم کرد، ئەو گوتی ئەو کەسە فێڵی لە هەردوولامان کردووە. خۆم قسەم لەگەڵ محەممەد عومەر کرد، بەڵام ئەو گوتی هیچ کێشەیەکیان نییە، بەیەکەوە چووینە لای سەرۆکی شارەوانی، ئەویش پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێر کرد و محەممەد عومەر دەستگیر کرا".

خاوەن مافەکان سکاڵایان لەدژی 5 کەس تۆمار کردووە کە یەکێکیان فەرمانبەرێکی شارەوانیی هەولێرە. کارزان تەحسین، پارێزەری خاوەن مافەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەوانەی زەوییەکانیان کڕیوە، چوونەتە تاپۆ و لەوێ پێیانگوتوون زەوییەکان هیچ کێشەیەکیان نییە، بۆیە کڕیویانە، بەڵام دواتر زانراوە کە محەممەد عومەر ساختەکاری کردووە، بۆیە بەپێی هەردوو ماددەی 89 و 298 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە کە تایبەتن بە ساختەکردنی نووسراوە فەرمییەکان".

ئەو پارێزەرە گوتیشی: "سکاڵا لە دژی چوار کەسی دیکەش تۆمار کراوە، دواتر سێ لەو کەسانە لەبەرئەوەی هیچ تۆمەتێکیان لەسەر ساخ نەبووەتەوە ئازادکراون، یەکێکیشیان بەناوی (ه) کە فەرمانبەری شارەوانییە، بەتۆمەتی هاوکاریکردنی تۆمەتبارەکە لە ساختەکردنی مامەڵەکان، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، بەڵام هەڵاتووە".

لەبارەی ساختەکارییەکەش، کارزان تەحسین دەڵێ: "زەوییەکان لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناوی شەهیدان دابەشکراون، محەممەد عومەر نووسراوێکی لە ئەنجوومەنی وەزیران هێناوە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، لەوێ مامەڵەکانی تەواو کردووە، ئینجا لە بازاڕ فرۆشتوونی. ئەو کەسە دوای دەستگیرکردنی دانی بە تاوانەکەدا ناوە کە ساختەکاری کردووە، بەڵام هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ساختە کردووە یان نووسراوەکانی لە تاپۆ ساختە کردووە".

حاجی فەیسەڵ ساڵح دەڵێت: "سەرۆکی شارەوانی دانی بەوەدا ناوە کە فێڵ لە حکومەتیش کراوە و بەڵێنی دا مافەکانمان بۆ بگەڕێنێتەوە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە بەڕێگای دادگاوەین و دۆسیەکە یەکلانەکرێتەوە، بۆیە پێمانوایە حکومەت فێڵمان لێدەکات و ئێستا کێشەکەمان لەگەڵ ئەوانە، هەر بۆیە لەم هەفتەیە سکاڵا لەدژی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و دادیش تۆمار دەکەین، چونکە بەڵێنەکەیان نەبردەسەر".

# بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بە کەفالەت ئازاد دەکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، دوای دوو ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە کەفالەت ئازاد دەکرێ. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئازادکردنەکەی بە کەفالەت "نایاساییە". زانیارییش لەبارەی تۆمارێکی دەنگی بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

ڕۆژی 2019/9/17 لەسەر سکاڵایەکی دەستەی دەستپاکی و بەتۆمەتی گەندەڵی لە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان و بوونی بەڵگەی دەنگی لەدژی، محەممەد عومەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان، بەپێی ماددەی 307 لە یاسای سزادانی عێراقی لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی گەرمیان ڕاگیرا، بەڵام دوای دوو ڕۆژ بەکەفالەت ئازاد کرا.

ڕزگار حەمەد مەحموود، ئەندامی لیژنەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئازادکردنی عومەر محەممەد قبوڵکراو نییە، چونکە ئەو ماددەیەی پێی ڕاگیراوە کە ماددەی 307ـە و باس لە وەرگرتنی بەرتیل و ڕەزامەندیدان بۆ دیارییەک یان سوودێک یان دیاریکردنی شتێک دەکات کە کەفالەت نایگرێتەوە، دەبێت لە زیندان بمێنێتەوە تاوەکو دادگا دۆسیەکەی یەکلادەکاتەوە. بۆیە لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان قسەمان کردووە، ئەویش پێیڕاگەیاندین کە نووسراویان بۆ دادگای گەرمیان کردووە و داوای ڕوونکردنەوەیان لێکردوون".

لەبارەی تۆمارە دەنگییەکەش، ڕزگار حەمەد زانیاری ورد بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "تۆمارە دەنگییەکە دراوە بە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان و دادگای دەستپاکی گەرمیان، دواتر لە سلێمانی وتەکانی وەرگیراوە و دەنگەکەشی نێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە تاوەکو لێی دڵنیا ببنەوە کە دەنگی خۆیەتی". گوتیشی: "هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، محەممەد شێخ وەهاب و کەریم عەلی بەدواداچوونیان کردووە و چوون بۆ لای دادوەری دادگای گەرمیان، ئەو پێیڕاگەیاندوون کە دەنگەکە هی عومەر محەممەد بووە و لە پرۆژەی شاری مامۆستایاندا تەنیا لەماوەی دوو مانگدا 570 هەزار دۆلاری وەرگرتووە کە دڵنیاین بەتەنیا نییە و خەڵکانی دیکەشی لەگەڵدایە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی وەبەرهێنان لە پەرلەمانی کوردستان پێشتر بەڵگەکانی لەسەر گەندەڵییەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان داوە بە دەستەی وەبەرهێنان. ڕزگار حەمەد گوتی: "پێش دەستگیرکردنی بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان، بە ئامادەبوونی خۆی لەگەڵ د.محەممەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەبارەی کێشەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە گەرمیان کۆبووینەوە، هەموو گەندەڵییەکانمان باس کرد، بەڵام عومەر محەممەد ڕەتیکردەوە، ئێمەش بە بەڵگەوە خستمانە بەردەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان".

لەبارەی گەندەڵییەکانیش، ڕزگار حەمەد دەڵێت: "بەبەڵگەوە لەلامانە کە بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان بووە بە پارێزەری هەندێک کۆمپانیای سەر بە حیزبێک، لەوانەش کۆمپانیاکانی (ق) و (ن) و دژی کۆمپانیای دیکە قسەی کردووە، مامەڵە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی حیزبی دەکات و پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەداتە ئەوان. زۆربەی پرۆژەکان لە گەرمیان گەندەڵی تێداکراوە و گیرفانی خەڵکێکی زۆری تێدا بردراوە. پرۆژە هەیە بەناوی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێدراوە، بەڵام وەبەرهێنەرەکە مۆڵەتەکەی بە چوار ملیۆن دۆلار فرۆشتووە بە کۆمپانیایەکی دیکە".

بەپێی قسەی ئەندامەکەی لیژنەی وەبەرهێنان، ئیدارەی گەرمیان و دادگاشیان ئاگادار کردووەتەوە. ڕزگار حەمەد دەڵێ: "بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان پشتی بە هەندێک کەس لەنێو حیزبەکەی ئەستوورە و ناترسێ، بەئاشکرا ئەو کارە نایاساییانە دەکات و بێمنەتیشە، چەند جارێک ئیدارەی گەرمیان و دادگاشمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام ئەوان هیچ ڕێکارێکی یاسایی لەدژی بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان ناگرنەبەر، بەڵام ئەوەی پێی گەشبینین سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانە کە هەموو بەڵگەکانمان پێداوە و بەڵێنی بەدواداچوونێکی وردی پێداوین".

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیانەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە. دەستەی وەبەرهێنانیش بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی، زانیاری لەسەر دۆسیەکە نادات.

سەربەست خدر، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە و زانیاری لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خەریکی لێکۆڵینەوەین، جارێ هیچ زانیارییەک نادەین، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکانمان تەواو کرد ڕایدەگەیەنین".

> **ئازادکردنەکەی نایاساییە**
> پەرلەمانتارێک

## 17ی ئۆکتۆبەر ئەندامانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن

# هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران بە لیستی داخراو دەبێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان شەشەمین کۆنگرەی خۆی دەبەستێ، پارتی و یەکێتیش بە لیستێک بەناوی "لیستی برایەتی" بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە دەکەن. گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیش بە لیستی "پیشەیی" بەشداری دەکەن.

ڕۆژی 2019/10/17 هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی شەشەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەستپێدەکات، چوار لیست و چەند کاندیدێکی بێلایەن و سەربەخۆش کێبڕکێ دەکەن.

ئارام گەردی، گوتەبێژی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "2019/10/17 نوێنەرانی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەران بە هەڵبژاردن دیاریدەکرێن، ڕۆژانی 30 و 2019/10/31 ئەنجوومەنی سەندیکا هەڵدەبژێردرێن. نزیکەی 10 هەزار ئەندامی سەندیکا مافی دەنگدانیان هەیە کە 100 پارێزەر بە نوێنەرایەتیی خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵدەبژێرن".

بە گوتەی ئارام گەردی، هەڵبژاردنەکە بە لیستی داخراو دەبێ، تەنیا لە هەڵەبجە بە لیستی کراوە دەبێ، چونکە ژمارەی پارێزەرانیان کەمە. هەروەها سەرۆک و جێگری سەرۆکی سەندیکا و ئەنجوومەنی سەندیکا کە 11 کەسن، نوێنەری پارێزەران لە سندوقی خانەنشینی پارێزەران و سەرۆکی پێنج لقەکەی سەندیکا، بەشێوەی مەرکەزی دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

ڕۆژی 2019/10/10 بەختیار حەیدەر، سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە لایڤێکی فەیسبووکدا لە پەیجی سەندیکای پارێزەران گوتی: "لە 2018/3/18 کاتمان بەسەرچووە، نیازی ئەوەمان نەبووە درێژە بە کارەکانمان بدەین و چاومان لەو پۆستە بێت، چەند جارێک ویستمان کۆنگرە بکەین، بەڵام بەهۆی کۆسپ و تەگەرەکان نەمانتوانی بیکەین".

ئەگەرچی زۆرجار لێرە و لەوێ سەندیکا بەوە تۆمەتبارکراوە کە حیزب دەست وەردەداتە کاروبارەکانیان، بەڵام سەرۆکی سەندیکا دەڵێت: "لەماوەی کارکردنمان سەندیکا لەسەر ڕێڕەوی خۆی ڕۆیشتووە، ڕێگەمان نەداوە قۆرخکاری و دەستوەردانی حیزبی لەنێو سەندیکا ڕەنگبداتەوە، بەڵکو پیشەییبوون ئامانجی کارکردنمان بووە، هەوڵیش دەدەین هەڵبژاردنی ئەمجارە پاک و بێگەرد بێت".

ئەم هەڵبژاردنە بە لیستی داخراو دەبێت کە جێی تێبینی هەندێک لە لیستەکانە. بەختیار حەیدەر ڕوونیکردەوە "ئامانج لە لیستی داخراو لەو هەڵبژاردنە ئەوەیە، دەمانەوێت کەسی لێهاتوو و شارەزا بێنە کۆنگرە، ئەمەش دژی هیچ کەس و لایەنێک نییە و پێویستە هەموومان بەشدار بین".

فەرهاد سووسەیی کە سەرۆکایەتی لیستی یەکسانی سەربەخۆیی پارێزەران دەکات، دەڵێت گوشارێکی زۆریان لەسەرە بۆ ئەوەی وازبهێنن. ئەو دەڵێت: "پێشتر کادیری حیزبێک بووم و وازم هێناوە، ئێستا ڕێگریم لێدەکرێ. لەنێو سەندیکا و بەرپرسانی حیزبەکەش گوشاریان لێکردووم و بەئاشکرا پێیانگوتووم ئەگەر وازنەهێنی دەنگێکی زۆرمان لێدەبەی و ڕەنگە بەرامبەر حیزبێکی دیاریکراو شکست بێنین، بەڵام بڕیارەکەم نەگۆڕیوە".

کاندیدێکی لیستی پارێزەرانی پیشەییش پێیوایە ئەمجارە دەستوەردانی حیزبی لە کاروباری سەندیکا زیاتر دەبێت. عەلی گردەسۆری، کاندیدی لیستی پارێزەرانی پیشەیی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران سێ ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەمجارە بەهۆی دەستوەردانی حیزبی سێ جار دواخراوە. هەر لە ئێستاوە پێشێلکاری و زاڵبوونی هەژموونی حیزب بەسەر سەندیکاوە دیارە".

عەلی گردەسۆری تێبینی لەسەر شێوازی هەڵبژاردنەکە هەیە کە لیستی داخراوە و دەڵێت: "هەڵبژاردنی سەندیکا فەردی و بەبێ لیستە، بەڵام کردوویانە بە لیستی داخراو، ئەمەش پێچەوانەی یاسای سەندیکایە و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێک بێنە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا کە حیزب پێی باشن، پارتی و یەکێتی لیستی هاوبەشیان داناوە، ئەو کەسانەیان لە سەرەتای ڕیزبەندەکە داناوە کە خۆیان مەبەستیانە ببن بە ئەندامی ئەنجوومەنی داهاتووی سەندیکا".

# "تێچووی چاپی کتێبمان لە 50 ملیۆن دۆلارەوە هێنایە سەر 8 ملیۆن دۆلار"

لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا بابەتێک بڵاوکرایەوە بەناونیشانی "گرێبەستێکی پێشووی وەزیری پەروەردە هەڵدەوەشێنرێتەوە". لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندێک ڕوونکردنەوە لەوبارەیەوە بدەین.

بۆ زانیاری هەموو لایەک چاپکردنی پەرتووکەکان لە کابینەی ڕابردوو لە 50 ملیۆن دۆلارەوە کەمکرایەوە بۆ تەنیا 8 ملیۆن دۆلار. بۆ یەکەمجار وەزارەتی پەروەردە توانی ببێتە خاوەن چاپخانەیەکی گەورەی خۆی، ئەویش لە پرۆسەیەکی تەواو یاسایی و شەفافدا.

ڕاوەستانی ئەم گرێبەستە لەبەر ئەوە نییە کە چاپی پەرتووک بدرێتە چاپخانەکانی خۆماڵی، بەڵکو بۆ ئەوەیە بدرێتە ئەو کۆمپانیایەی کە 15 ساڵە قۆرخی ئەم کارەی کردووە.

ماوەی 26 ساڵە چاپی پەرتووکەکانی وەزارەتی پەروەردە کە نزیکەی 25 ملیۆن پەرتووکە، لە دەرەوەی وڵات چاپ دەکرێت، جگە لە تێچووە داراییەکەی، لەڕووی ئاسایشی نیشتیمانی لە هەر حاڵەتێکی داخرانی سنوورەکان ئەوە قوتابیانی کوردستان بێبەش دەبن لە پەرتووکی خوێندن.

وەک پرۆژەیەکی ستراتیژی، لە سەرەتای کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا د.پشتیوان سادق لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی 2016 بەڕەسمی پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بەمەبەستی چاپکردنی پەرتووک لە ناوخۆی هەرێم بەکواڵیتی بەرز و بە نرخێکی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە. لە پرۆسەیەکی شەفاف و سەداسەد یاساییدا کە چوار ساڵی تەواوی خایاند پرۆسەکە کۆتایی هات. بەپێی گرێبەستێک کە چاپخانەیەکی خۆماڵی لە کوردستان دروست بکرێت.

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بۆ هێنانی چاپخانە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوکاتە وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ چاپخانەکانی هەرێم کۆبووەوە تاوەکو بەشداری لە پرۆسەی (تەندەرینگ) و هێنانی چاپخانە بکەن، بەڵام چاپخانە ناوخۆییەکان ئامادە نەبوون بەشداربن، ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بەهیچ جۆرێک چاپخانەکانی هەرێم توانای چاپکردنی ئەو ژمارە زۆرەی پەرتووکیان نییە. بەڵگەکانیش سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

جگە لەمەش لەکاتی بانگهێشتنامەدا بۆ دروستکردنی چاپخانە هەموو کەس و کۆمپانیا و چاپخانەیەک ئازادبوون بۆ بەشداری لەم پرۆسەیە، تەنانەت زیاتر لە دوو جار بانگهێشتنامەی گشتی کرا، چونکە کەمترین کۆمپانیای خۆماڵی بەشدارییان لەکەمکردنەوەکەدا کرد.

پێشتر چاپی پەرتووک تێچووەکەی زیاتر بوو لە 50 ملیۆن دۆلار لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانییەوە، بەڵام بەهۆی ڕێگەنەدان بە کۆمپانیاکە کە بەردەوامبێت لە چاپکردنی پەرتووک بەهەمان نرخی پێشووتر کە ببووە هۆی قۆرخکاری و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر، دەرئەنجام لەلایەن بەڕێز وەزیری پێشووی پەروەردە تێچووی چاپکردنی پەرتووک لە 50 ملیۆنەوە کەمکرایەوە بۆ 8 ملیۆن دۆلار.

ئەگەر لەم وڵاتەدا کارێکی شەفاف و جوان کرابێت ئەم بابەتەیە، کەچی ئەو هەموو بێسەروبەرییە لە زۆر بابەتی گەورە لەڕووی دارایی و ئیداری دەبینرێت، بەڵام باسی ناکرێت.

ڕاگرتنی گرێبەستی هێنانی چاپخانە بۆ هەرێم ئەوەیە کە چاپکردنی پەرتووک بدرێتە چاپخانەکانی ناوخۆ، چونکە مەحاڵە ئەمە ببێت، بەڵکو مەبەستی تایبەتی ئەوەیە بدرێتە ئەو کۆمپانیایەی کە ماوەی 15 ساڵ بوو چاپکردنی پەرتووکی قۆرخ کردبوو، قازانجێکی زۆری کردووە، سەرەڕای هەزاران هەڵەی زانستی و هونەری و زمانەوانی لە پەرتووکەکاندا، بۆیە پێویستە ڕاستییەکان وەک خۆی بگات.

پێویستە بگوترێ ئەوانەی لە ئاستی باڵا موزایەدە بەم بابەتەوە دەکەن، با خەریکی پرۆژە و کاری باشتر بن لەوەی لە ڕابردوودا کراوە.



## لە ترسی گەڕانەوەی چەکدارانی داعش

# عێراق سنوورەکانی لەگەڵ ڕۆژئاڤا توند دەکات

ناسر عەلی
ڕووداو – دهۆک

دوای پەلامارەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان، حکومەتی عێراق کەوتووەتە حاڵەتی ئامادەباشی و ترسی لە گەڕانەوەی چەکدارانی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق هەیە، بۆیە بڕیاری داوە بەدرێژایی سنوورەکەی لەگەڵ ڕۆژئاڤای کوردستان و سووریا، هێز بڵاوبکاتەوە.

چاودێرانی ناوخۆیی و بیانی و بەرپرسانی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هۆشداری دەدەن کە بەهۆی ئەو پەلامارەوە، هەزاران چەکداری گیراوی داعش کە ئێستا لە زیندانەکانی هەسەدەدان، ڕابکەن، ئەمەش حکومەتی عێراقی خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و بەنیازە لە ناحیەی ڕەبیعە تا قائیم کە هاوسنوورە لەگەڵ سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان، هێز بڵاوبکاتەوە.

بەپێی ئامارەکان 10 هەزار چەکداری گیراوی داعش لە گرتووخانەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدان. بەگوێرەی ئاماری هەسەدە لە نەورۆزی ئەمساڵ لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی باغۆز، زیاتر لە 30 هەزار عێراقی (چەکداری داعش، ژن و منداڵ) دەستگیر کراون. حکومەتی عێراق ترسی هەیە ئەو عێراقیانە لە زیندانەکانی هەسەدە ڕابکەن.

هاشم بریفکانی، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەرپرسانی ئەمنی لە مووسڵ ترسێکی زۆریان لەو هێرشەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان هەیە، چونکە نزیکەی پێنج هەزار چەکداری داعش لە گرتووخانەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندان، ترس هەیە ئەو چەکدارانە ڕابکەن، بۆیە وەزارەتی بەرگریی عێراق بڕیاری داوە، هێزێکی زۆر ڕەوانەی سەر سنووری عێراق و سووریا بکات".



5000 چەکداری داعشی عێراقی لە گرتووخانەکانی هەسەدەدان (فۆتۆ: AFP)

بەگوتەی هاشم بریفانی، هێشتا کاتی ناردنی ئەو هێزە بۆ سەر سنوور دیار نییە، بەڵام هێزەکە بە درێژایی سنووری عێراق لەگەڵ سووریا و ڕۆژئاڤای کوردستان جێگیر دەکرێ.

حکومەتی عێراق بڕیاری داوە کەمپێکی دەستبەسەری بۆ ئەو چەکدارانەی داعش و خێزان و منداڵەکانیان دروست بکات کە ئێستا لەلای هەسەدەن و ژمارەیان بە 30 هەزار کەس مەزەندە دەکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا 1700 کەس ڕەزامەندییان نیشان داوە بە ویستی خۆیان بگەڕێنەوە عێراق.

بەرپرسانی هەسەدە تاوەکو ئێستا چەند جارێک هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی دژی داعشیان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوام بێ، ئەوە ناتوانن پارێزگاری لەو گرتووخانانە بکەن کە چەکدارانی داعشی تێدان.

سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێت: "بەشێک لەو چەکدارە داعشانەی لە عێراقەوە ڕایانکرد بۆ سووریا و پاشان لەوێ دەستگیرکران، ئەمیر و پلەداری داعش بوون، بۆیە عێراق ترسی هەیە لە زیندانەکان ڕابکەن و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە عێراق، هەر بۆیەش بڕیاری داوە چاودێریی زیاتری سنوورەکانی لەگەڵ سووریا بکات و ئەو چەکدارانە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە".

دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال لە ئابی 2014، نزیکەی 150 گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان چوونە چیای شنگال، دواتر ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگالیان پێکهێنا، چەند هێزێکیشیان بەناوەکانی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال، یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگال و هێزی پاراستنی ئاسایشی شنگال دروستکرد کە ئێستا ژمارەیان نزیکەی 5000 چەکدار دەبێ. هەرچەندە ئەو هێزانە خراونەتە سەر وەزارەتی بەرگریی عێراق، بەڵام هێشتا هەر لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدان.

## ئەندامێکی لیژنەی ئەمنیی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا:

### ترسێکی گەورە لە دووبارە گەڕانەوەی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق هەیە

پەکەکە ئەنجوومەنێکیشی بەناوی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شنگال دروستکردووە. فارس حەربۆ کە سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێمەش ئاگادارین عێراق بەنیازە سنووری خۆی لەگەڵ سووریا توندتر بکات، بەڵام دڵ و گیانی ئێمە لەگەڵ براکانمانە لە ڕۆژئاڤای کوردستان، هەر کاتێک داوامان لێبکەن ئامادەین هاوکارییان بکەین".

حەربۆ ڕەتیکردەوە حکومەتی عێراق بتوانێ ڕێ لە چوونی ئەوان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بگرێ و گوتی: "ئێمە دەستمان بە چەندین چالاکی وەکو بەخشینی خوێن بۆ بریندارانی شەڕ و خۆپیشاندان دژی ئەو پەلامارەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا کردووە. هەر کاتێکیش داوای هاوکاریمان لێ بکرێ، کەس ناتوانێ ڕێگە لە چوونمان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بگرێ".

---

## لەبارەی پەلامارەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا

# حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەیەک بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا دەنێرێ

ڕووداو– هەولێر

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، چەند سەعاتێک دوای دەستپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا، نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن ئیمەیڵێکی بۆ ئەندامانی کۆنگرێس نارد و لە دوایین گۆڕانکارییەکان ئاگاداری کردوونەتەوە و داوای لێکردوون گوشار لە سەرۆکی وڵاتەکەیان بکەن بە بڕیارەکەیدا لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا بچێتەوە.

لە بەشێک لە نامەکەدا کە کۆپییەکی دەست ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی کەوتووە، هاتووە "کوردی سووریا هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن و ئەمە نیشتمانی باوباپیرانیانە. بۆ کورد ئەمە پرسی مەرگ و ژیانە. ئەوان ناچار دەبن بەرگری لە خۆیان بکەن و لە هەڵمەتی دژی داعش خاو ببنەوە".

## سیاسەتڤانێکی ئەمریکی:

### نامەکە زۆر خەماوییە

بەشێک لە پلانی تورکیا لەو هێرشە ڕاگواستنی ئەو سێ ملیۆن کۆچبەرە سوورییەیە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆی سووریاوە ڕوویان لە تورکیا کردووە. نامەکە هۆشداری دەدات کە هێرشەکەی تورکیا خەڵکی کورد ناچار دەکات ناوچەکانیان جێبهێڵن و پەنابەری عەرەبی سووری بهێننە شوێنیان، ئەمەش ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش دەکاتەوە و زەمینەی شەڕێکی ناوچەیی بەرفراوانتر دەهێنێتە ئاراوە.

نووسینگەی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان هۆشداری داوە "ئەمە کارەساتێکە پەرەدەستێنێ. بۆیە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکانە ڕێ لە ڕوودانی بگرن، چونکە هێشتا کات بەدەستەوە ماوە و واشنتن تاکە ئەکتەرە لەم هاوکێشەیەدا کە دەتوانێ ڕێ لەو کارەساتە بگرێ. ئەم گوشارەی ئێستای کۆنگرێس کاری خۆی دەکات و ئەگەر بەردەوام بێ، ئەوە چانسێکی باش هەیە بۆ ئەوەی سەرۆک ترەمپ وا لێبکات بڕیارەکەی بگۆڕێ".

هێرشی سەر ڕۆژئاڤای کوردستان دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی شەوی یەکشەممەی هەفتەی ڕابردووی نێوان دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و هاوشانە تورکەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هات. نامەکە بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران چووە کە تێیدا داوایان لێدەکرێ لە پرێس کۆنفرانسەکاندا ئامادە بن، بیروڕای خۆیان بۆ ڕۆژنامەکان بنووسن، لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران باسی ئەو هێرشە بکەن و هانی ترەمپ و ئەردۆغان بدەن دۆخەکە هێور بکەنەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانێکی زۆرە هاوشێوەی دەوڵەتەکان لە واشنتن کاری لۆبی دەکات، بۆ ئەوەی دەنگی بە سیناتۆر و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بگات و پەرە بە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بدات. بەڵام ئەو سیاسەتکارە دیموکراتەی کە نامەکەی بە (دەیلی بیست) داوە، دەڵێ: "ئەم نامەیە بە تایبەتی زۆر خەماوییە و ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە چی دەگوزەرێ و چ شتێک دەکرێ ڕووبدات".

کورد لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بەشدارێکی کارای شەڕی دژی داعش لە عێراق و سووریا بووە، ئەوە هۆکارێک بووە بۆئەوەی کۆنگرێسمانەکانی هەردوو پارتی سەرەکیی ئەمریکا دژی بڕیاری ترەمپ لەبارەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەڵوێستی توند بنوێنن.

## بەرپرسێکی کورد:

### زانیاری زیاتر لە بارەی هێرشەکەی تورکیا بۆ کۆنگرێس دەنێرین

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، جۆن شیمکس، ئەندامی کۆماریی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئیلەنۆی، ڕایگەیاند کە چیدی پشتگیریی ترەمپ ناکات، هۆکارەکەشی بۆ سیاسەتی کۆشکی سپی لەبارەی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد گەڕاندەوە. ڕۆژێک پێشتر، سیناتۆری کۆماری لیندسی گراهام و سیناتۆری دیموکراتەکان کریس ڤان هۆڵین پڕۆژەیەکیان خستەڕوو کە ئەگەر تێیپەڕێ سزای توندی بۆ بەرپرسان و دامەزراوە باڵاکانی تورکیا داناوە.

بەرپرسێکی کورد کە ناوی ئاشکرا نەکراوە، بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە لە پلانیاندایە "ئەپدەیت"ی زیاتر لەبارەی بارودۆخەکە بۆ کۆنگرێس بنێرن، هەروەها کاتێک ئەم هەفتەیە کۆنگرێس لە پشووی دوو هەفتەیی خۆی گەڕایەوە، کۆبوونەوەیان لەگەڵ ڕێکدەخەن. بەرپرسەکە جەختی لەوە کردەوە کە "سەرۆک ترەمپ پەیامی زۆر بەئازاری لە کۆنگرێسەوە بەدەست دەگات".

کاربەدەستە کوردەکە پێشبینی ئەوەش دەکات کە ئەو ناڕەزایەتییە نیشانەیەکی باشە بۆئەوەی هەڵمەتی گوشار ئەنجامی دەبێ، بە تایبەتی ئەو گوشارەی کە لەلایەن دۆستان و هاوپەیمانانی سەرۆکەوە دەکرێن.

---

## داوای دانیشتنی تایبەت دەکەن لەبارەی دۆخی ڕۆژئاڤا

# هەندێ پەرلەمانتار داوای "ناردنی هێز" بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن

ئاسۆ سەراوی
ڕووداو– هەولێر

لەبارەی ئەو دۆخەی ئێستا لە ڕۆژئاڤای کوردستان هەیە، بەشێک لە پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان داوا دەکەن هێز ڕەوانەی ڕۆژئاڤای کوردستان بکرێت، تەنانەت جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە کە یەکێتییە دەڵێت: "ئامادەم بچم بۆ شەڕی ڕۆژئاڤا".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێت "پێویستە لە چوارچێوی یاسادا مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین".

عوسمان سێدەری، جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە ء ناوخۆ ء ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لیژنەکەیان پێشنیازی کردووە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەت لەبارەی بارەدۆخی ڕۆژئاڤای کوردستان ساز بکات "دەبێت پەرلەمانی لەم دۆخەدا قسەی جدی هەبێت، چونکە هێرشکردنە سەر کوردی ڕۆژئاوا هیچ پاساوێکی نییە".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی بە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانی دەزانێ بەیاننامەی ئیدانەکردن دەربارەی هێرشەکەی تورکیا دەربکات، بەڵام دەشڵێت: "ئیدانەکردن بەس نییە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی بنوێنێ بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاڤا". گوتیشی "من وەک پەرلەمانتارێک ئامادەم بۆ شەڕ بچمە ڕۆژئاوای کوردستان".

وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2019/10/14

## پەرلەمانتارێکی یەکێتی:

### ئامادەم بچم بۆ شەڕی ڕۆژئاڤا

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی باسی دانیشتێکی پەرلەمان لەبارەی پرسی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە دەبێت لە چواچێوەی یاسادا مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە هەستیارە بکەن ء دەڵێت: "پێویستە هەموو فراکسیۆنەکان پێکەوە بگەینە بڕیارێک و لە چوارچێوەی یاسا ڕێگەپێدراوەکاندا مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەین".

لەبارەی بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاڤا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت: "سۆزی نەتەوەیی شتێکە ء واقیعی حاڵ شتێکی دیکەیە. ئایا بۆ کارێکی وەها یاسا ڕێگەمان پێدەدا؟ ئایا ئەگەر هەنگاوێکی وەها بنێین بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی دیکە هەژمار ناکرێت؟ وەکو چۆن ئێستا دەڵێین هێرشەکەی تورکیا دەستێوەردانە لە کاروباری وڵاتێکی دیکە، جگە لەوەش ئێمە شەڕی دەوڵەتێکی وەک تورکیامان پێدەکرێت؟ بۆیە دەبێت بە وریاییء بەپێی یاسا ڕێگەپێدراوەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەین".

ساڵی 2014 کاتێک داعش پەلاماری کۆبانێی دا، پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی دا لەسەر ناردنی هێز بۆ پشتیوانی لە شەڕڤانان لە کۆبانێ. دواتر هێزێکی پێشمەرگە بە نێو خاکی تورکیادا چوونە ئەو شارە کە داعش بەشێکی داگیرکردبوو.

## عەبدولستار مەجید:

### پێویستە شاندێکی پەرلەمان بچێتە ڕۆژئاوا

شاخەوان ڕەئوف. لە فراکسیۆنی گۆڕان ء بڕیاردەری لیژنەی پێشمەرگە ء ناوخۆ ء ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ: "پێویستە پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان ساز بکات".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان لەگەڵ ناردنی هێزە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و دەڵێت: "بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوا باشترە بۆچوونی حکومەتی ناوەندیش وەربگرین، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت".

عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ بە باشی دەزانێت شاندێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات. عەبدولستار مەجید بە (ڕووداو)ی گوت: "دەبێت پەرلەمان بەزوویی دانیشتنێک سازبکات ء شاندێک بنێرێتە ڕۆژئاوا ء دوای گەڕانەوەیان ء ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک، ئەوکاتە دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان ساز بکرێت، لەو دانیشتنەشدا هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان ڕابگەیەنرێ".

شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت ئەمڕۆ دووشەممە 2019/10/14 سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبنەوە: "لەو دانیشتنەدا بڕیار لەسەر بۆچوونی پەرلەمان دەدرێت، لەسەر ئەو دۆخەی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەگوزەرێ".

بەبڕوای سەرۆکی پارتێکی تورکمانی، بۆ ئەو پرسە کە لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانە، لەڕووی یاساییەوە، پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ دانیشتنی تایبەت ڕێکبخات. محەممەد سەعدەدین، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی یاسا، ئیشوکاری پەرلەمانی کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندایە. پەرلەمان ناتوانێ دانیشتنی تایبەت بۆ دۆخی ڕۆژئاوا ساز بکات، بەڵام دەکرێت لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ گەیاندنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی مرۆیی کۆببنەوە".

## سەرۆکی پارتێکی تورکمانی:

### ئیشوکاری پەرلەمان لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستاندایە

## لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی SETA نزیک لە حکومەتی تورکیا:

# دەروازەی ئۆڤاکۆی تاکە ڕێگەی ئێمەیە بۆ بەهێزکردنی بەغدا لە بەرامبەر هەولێر

ئەمەی خوارەوە، دەقی لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی لێکۆڵینەوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان (سێتا SETA)یە کە لە ژمارە (3)ی هاوینی 2019ی گۆڤاری (ڕۆیە ترکیە)دا بە ناونیشانی (مشتومڕی دەروازە سنوورییە نوێیەکە و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق)، بە قەڵەمی نوعمان موسڵوو بڵاوکراوەتەوە و، تێیدا تیشک دەخاتە سەر گرنگیی دەروازەی (ئۆڤاکۆی- کۆراڤا) بۆ کەنارخستنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکانی بەغدا و ئەنقەرە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی بەغدا بەسەر هەولێردا و هەروەها بەهێزکردنی دەستی تورکیا لە شەڕی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچەی شنگال کە لێکۆڵینەوەکە وەک پردی پەیوەندیی نێوان قەندیل و ڕۆژئاڤای کوردستان ناویدەبات.
ناوەندی لێکۆڵینەوەی SETA ناوەندێکی زۆر نزیکی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدارە لە تورکیا.

### مشتومڕی دەروازە سنوورییە نوێیەکە و پەیوەندی تورکیا و عێراق

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە کاریگەری کردنەوەی دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی کە ئەم ڕۆژانە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراقدا و، هەروەها لە مەسەلەی ئاسایشی هەرێمایەتی تورکیادا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. پڕۆژەی ئەم دەروازە سنوورییە لە

> **هەولێر نایەوێت ئەم دەسەڵاتە ئابووری و سیاسییەی لەدەستبچێ، بۆیە بەرپرسەکانیان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە دەروازەی ئۆڤاکۆی بۆ ئەوان هێڵی سوورە**

زۆر بواردا کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدا دەبێت.

لەڕووی ئابوورییەوە، ئەمە دەبێتە هەلێک بۆ پەرەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەڕێی هێڵێکی ڕاستەوخۆوە کە هەردوو وڵات پێکەوە دەبەستێت. دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوەش لە سایەی دەروازەیەکی جێگرەوە بۆ دەروازەی خابوور (ئیبراهیم خەلیل). هەروەها ڕێگە خۆشدەکات بۆ زیاترکردنی کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا لەسەر بازرگانیی دووقۆڵی.

لەڕووی سیاسییەوە، ئەم پڕۆژەیە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرباری کاریگەرییەکەی لەسەر پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق. وەهاش چاوەڕواندەکرێت کە کاریگەری لەسەر پەیوەندیی بەغدا و هەولێریش هەبێت. دامەزراندنی هێڵێکی ئەمین لە ئۆڤاکۆیەوە بۆ بەغدا، ڕۆڵی دەبێت لە زیادکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و زەمینە بۆ چالاکبوونی ڕۆڵی تورکیاش لە ناوچەکەدا خۆشدەکات.

لەڕووی هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراقیشەوە، ئەم پڕۆژەیە لە سایەی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی لەگەڵ تورکیا دایدەمەزرێنێت، پێگەی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات.

لەڕووی ئاسایشەوە، سەقامگیربوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق، دەکرێ لە مەودای درێژدا ببێتە خاڵی وەرچەرخانی ململانێ لەگەڵ (پەکەکە) کە لە ناوچەی شنگال بڵاوبووەتەوە.

### ئۆڤاکۆی

دەکەوێتە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگەوە لە خاڵی پێکگەیشتنی هەرسێ سنووری تورکیا، عێراق و سووریا و نزیکە لە دەروازەی سنووریی خابوور. پڕۆژەی دەروازەی نوێی ئۆڤاکۆی ماوەیەکە لە کارنامەی حکومەتی تورکیادایە و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی عێراق لە پەیوەندیدایە.

بە کردنەوەی ئەم دەروازە سنوورییە، هەلێک لەبەردەم تورکیا و عێراق دەڕەخسێ بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی ئابووری و بازرگانیی ڕاستەوخۆ. ئەم ڕێڕەوە پێشنیازکراوە لەڕێی هێڵی ئۆڤاکۆی- پێشخابوور- تەلەعفەر- مووسڵ تاوەکو بەغدا و بگرە تاوەکو بەسرەش لە باشوور درێژ دەبێتەوە، ئەمەش بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە تێپەڕین بە دەروازەی خابووردا ڕزگار دەکات، کە دەکەوێتە ناو سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و هەلی ئەوە دەداتە عێراق و تورکیا کە هەڵوێستەکانیان بەرامبەر یەکدی نەرم بکەن، واش چاوەڕواندەکرێ کە پڕۆژەکە لێکەوتەی سیاسیشی بەدواوەبێت. پێش هەرشتێک، هەلی ئەوە دەداتە حکومەتی ناوەندیی عێراق کە پێگەی خۆی لە بەرامبەر هەولێر بەهێزتر بکات، ئاشکراشە ئەم پێگە و هەڵوێستە پاش گشتپرسیی 25ی ئەیلوولی 2017ی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە پەیوەندیی هەردوو وڵاتدا گرنگییەکی زیاتری وەرگرت. سەرباری ئەوەش، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی فراوانتر دەبێ و پێگەی بەغدا لەڕووی سیاسییەوە، لە ناوخۆی وڵاتدا بەهێزتر دەکات.

بەڵام بۆ ئەوە، بەغدا دەبێ ئارامی و ئاسایش لە مووسڵ و تەلەعفەر دابین بکات کە هێشتا شانەی نووستووی داعش لەوێ هەن، ئەوە سەرباری گرووپەکانی حەشدی شەعبی. بەبێ ئەمە ئاسایشی گشتی بەرقەرار نابێ ئەگەر پڕۆژەکەش جێبەجێبکرێت. ڕێگەیەکی ئەمین لەو ناوچەیە بۆ تورکیا بە مانای کردنەوەی دەرگایە لەسەر کۆمەڵێک پێشهاتی ئەرێنی لەڕووی ئاسایشی سنووری لای باشوورەوە. کاتێک حکومەتی ناوەندیی عێراق بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە دەکات، ئەوا تورکیا هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ لە ململانێیدا لەگەڵ پەکەکە کە لە ناوچەی شنگال چالاکن، هەنگاوی گرنگ بچێتە پێش. ئەم ڕەوشە نوێیە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرنگ دەبێت لە شەڕی دژی پەکەکە کە تائێستا سوودی لە بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لەو ناوچەیە بینیوە. دەستگرتن بەسەر ناوچەی شنگالدا کە دەکرێت بە پردی پەڕینەوەی دابنێین لەنێوان قەندیل و باکووری سووریا، لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هەلێک دەداتە تورکیا کە ناکرێ بە هەندی وەرنەگرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت: بەشی یەکەم پەیوەندی بازرگانیی تورکیا و عێراق هەڵدەسەنگێنێ و لەسەر ئەو فاکتەرانە ڕادەوەستێ کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات هەیە. بەشی دووەم گەنگەشەی ئەو ڕۆڵە دەکات کە دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی لە پەیوەندیی هەردوو وڵاتدا لەسەر ئاستەکانی ئابووری و ئەمنی دەیگێڕێ و، بەشی سێیەمیش تەرخانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسایشی تورکیا و لەسەر میحوەری تورکیا و شنگال و پەکەکە ڕادەوەستێ.




### پەیوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق

عێراق لە پێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت کە پەیوەندی ئابووری و بازرگانیی گەورەیان لەگەڵ تورکیا هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ئەم ساڵانەی دوایی، دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات چڕوپڕ بوون. هەناردەی تورکیا لە ساڵی 2017 دا بڕی 9.1 ملیار دۆلار بووە، پاش ئەوەی لە ساڵی 2005دا تەنیا 2.75 ملیار دۆلار بوو. بەهای داهاتەکانی لە هەمان ماوەدا لە 66 ملیۆن دۆلارەوە بەرز بووەتەوە بۆ 1.5 ملیار دۆلار. ئاشکرایە قەبارەی بازرگانی لەو ماوەیەدا بەرەو زیادبوونێکی گەورە چووە، بۆیە پلان و سیاسەتی دروستدەکرێ هەڵگری زۆر توانای مژدەبەخش بێ بۆ داهاتوو. چالاکییەکانی دارشتنەوەی پەیکەری ئابووری لە عێراق بۆ نەهێشتنی شوێنەوارەکانی توندوتیژیی بەردەوام لە دوای داگیرکاری ئەمریکاوە لە 2003 تاوەکو دەگاتە 2010 و دواتر، ژینگەیەکی باش فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات لە بواری ئابووری بەرەوپێش ببات، هەردوو وڵاتیش لەمە سوودمەند دەبن، ئەگەر هەنگاوی پێویستی بۆ بنێن.

ئەم ساڵانەی دوایی کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگیان بەخۆوەبینی کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی ئابووریی تورکیا و عێراق دانا. ڕووداوی یەکەم کاتێک ڕێکخراوی داعش لە ساڵی 2014 بووە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە، ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو وڵاتی هێنایە خوارەوە. ڕەوشی ئەمنیی ڕێگە وشکانییەکان ڕووی لە خراپی کرد و باڵادەستیی داعش لەسەر مووسڵ و ناوچەکانی دیکە تاوەکو دەروازەی بەغدا، چالاکی بازرگانی بردە دۆخی متبوونەوە.

پێش تەقینەوەی قەیرانی داعش، کۆمپانیا تورکییەکان بەرهەمەکانی خۆیان بە هەندێ ڕێڕەوی دیاریکراودا دەگواستەوە بۆ عێراق. ڕێگەکە لە زاخۆوە دەستیپێدەکرد بۆ مووسڵ و پاشان تکریت و بەغدا و تاوەکو بەسرە، بەڵام بەهۆی هێرشی بەردەوامی داعش کە لە 2014دا خۆی ڕاگەیاند و هێرشی پێچەوانەی هێزە ئەمنییەکان، ڕەوشی ئەمنیی ئەو ڕێگەیە تێکچوو، پاشان بازرگانییەکە گواسترایەوە بۆ ڕێگەی زاخۆ- دهۆک، پاشان هەولێر و کەرکووک تا بەغدا و بەسرە، بەوجۆرەش جموجوڵی کاڵا لەو ناوچانەی کە داعش دەستی بەسەرداگرتبوون، بە یەکجاری نەما.

لەو ماوەیەدا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە ڕێگەی بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان ڕووینەدا. ڕێگەی زاخۆ- دهۆک هەولێر وەک خۆی بەکاردەهات. لە ماوەکانی دواتردا، تورکیا ڕێگەیەکی بەکاردەهێنا کە لە خابوورەوە درێژ دەبووەوە بۆ زاخۆ و پاشان دهۆک و هەولێر و سلێمانی تاوەکو دەگەیشتە خانەقی و ئینجا بەغدا و بەسرە، بەڵام تێچووی کاڵای هەناردەکراو بۆ عێراق لەم ڕێگەیەوە زیادی کرد و کاتێکی زیاتریشی دەویست، ئەوەش بەهۆی ئەو گرژییەی لەنێوان حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیدا بوو، بەتایبەتیش ناکۆکی لەسەر کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان و وەرگرتنی گومرگ. زۆر لە کۆمپانیا تورکییەکان کە لە عێراق کاردەکەن، باسی ئەوەیان کردووە کە ئەم ناکۆکییە سیاسییە خەرجی ئەوانی زیاتر بەرزکردووەتەوە. ئەوان سکاڵایان لە ڕاگرتنی یەک لەدوای یەکی بارهەڵگرەکانیان و زۆر ڕاگرتنیان لە بازگەکانی گومرگ هەبووە. هەندێ لەو کۆمپانیایانە ڕێگەی نوێیان بۆ گەیاندنی کاڵاکانیان دۆزییەوە وەک جێگرەوە بۆ دەروازەی خابوور، جا بەهۆی ململانێی سیاسی بێت یان ئەوەی کە ئیدی ئەو دەروازەیە بەشی نەدەکرد. ئەوان لە 2016 بەدواوە ڕوویان لە دەروازە سنوورییەکانی ئێران کرد بە ڕێگەی ترانزێتی ناو خاکی ئێراندا. بە جۆرێک کاڵاکانیان لە دەروازەی (گوربۆلاک)ەوە لە ئاگری دەگەیاندە نێو خاکی ئێران و لەوێشەوە بۆ دەروازەی سنووریی مەهران لەگەڵ عێراق. بەڵام ئەم ڕێگەیە درێژترە و بەهۆی زیادبوونی تێچوو، کەمتر کۆمپانیاکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت.

کێشەیەکی دیکەی ئەو کۆمپانیایانەی شتومەک هەناردە دەکەن، پەیوەندی بە بەڵگەنامەکانی چاودێریی کواڵیتییەوە هەیە لەسەر کاڵای هەناردەکراو. چونکە نە بەغدا و نە هەرێمی کوردستان دان بەو بڕوانامەیەدا نانێن کە دامەزراوەی پێوەرەکان لە تورکیا TSE بە کاڵای هەناردەکراوی دەدات. ئەوان دوو سیستەمی بڕوانامەی کواڵیتیی جیاواز پەیڕەو دەکەن. حکومەتی ناوەندی ئەم ئەرکەی بە نووسینگەی Veritas و گرووپی ڕینلاند Rheinland سپاردووە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە کۆمپانیای ئینتەرتەیک.

بەوجۆرە کۆمپانیاکان دەبێ بڕە پارەی جیاوازبدەن بەگوێرەی بارەکانیان. بۆنموونە 750 دۆلار دەدەنە کۆمپانیای ئینتەرتەیک لە بەرامبەر بارێک کە بایی 10 هەزار تاوەکو 60 هەزار دۆلار بێت. ئەم پارەیە دەبێتە 1100 دۆلار ئەگەر بەهای بارەکە لە 100 هەزار دۆلار زیاتر بوو. ئەم ڕەوشە تێچووی زیاتر دەخاتە سەر کۆمپانیاکان جگە لە ڕەسمی گومرگی. بۆ خۆلادان لەمە، تورکیا دەتوانێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ڕێکبکەوێت و ئەم تێچووە بۆ کۆمپانیاکانی خۆی بگەڕێنێتەوە. دەکرێ لەپاڵ دانپێدانان بە بڕوانامەی کواڵیتی کە دامەزراوەی پێوەرەکان لە تورکیا دەیدات، هاوکاریش بێت لە دامەزراندنی دەزگایەکی هاوشێوە لە عێراق و دابینکردنی ژێرخانی دامەزراوەیی و مەشق و ڕاهێنانی پێویست لەو بوارەدا. لەوەش گرنگتر، تورکیا دەبێ لە بازرگانیدا لەگەڵ عێراق خۆی لەوە دەرباز بکات کە باج بداتە لایەنی جیاوازی عێراقی. کردنەوەی ڕێگەیەک لەنێوان تورکیا و عێراق لەڕێی دەروازەی ئۆڤاکۆی ڕۆڵێکی گرنگ لەمەدا دەبینێت. پێویستیشە هەنگاوی ئەوتۆ بنرێ کە دەرئەنجامی سیاسی لێبکەوێتەوە و ببێتە هۆی بەلاوەنانی ئەو ڕۆڵە نێوەند و ترانزێتییەی کە هەولێر دەیگێڕێت.

هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر بازرگانیی نێوان عێراق و تورکیا دادەنێ، هەڵکشان و داکشانی نرخەکانی نەوتە، 85%ی بودجەی فیدراڵیی عێراق پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بۆیە بەشێوەیەکی گەورە کاریگەر دەبێ بەو ناسەقامگیرییەی لە بازاڕی پێترۆڵدا ڕوودەدات. بودجەی 2018ی عێراق 88 ملیار دۆلار بوو، 70 ملیاری لە داهاتی نەوت بوو، بەڵام هێرش و پەلاماری داعش بۆ سەر کێڵگەکان و بۆڕییەکانی نەوت لەماوەی نێوان 2014- 2017 زیانێکی گەورەی بە ئابووریی عێراق گەیاند. کاتێک ولایەتە یەکگرتووەکان دەستی بە جێبەجێکردنی قۆناخی دووەمی سزاکانی سەر ئێران کرد، حکومەتی عێراق داهاتێکی زیاتری لەو پترۆڵە دەستکەوت کە بەڕێی هێڵی بۆڕیی نەوتیی هەرێمی کوردستاندا لە تشرینی دووەمی 2018 وە ڕەوانەی بەندەری جەیهانی دەکرد. ئەم پەرەسەندنە گرنگییەکی گەورەی بۆ ئابووریی عێراق هەیە، سەرەڕای هەموو زیانەکان. عێراق بەهۆی ئەو 260 هەزار بەرمیل نەوتەوە کە ڕەوانەی جەیهانی دەکرد 16 ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوت. لە هەمان ئەو ماوەیەدا 100 ملیۆن بەرمیلیشی لە بەسرەوە هەناردە کردبوو، کە کۆی ئەم داهاتە نزیکەی شەش ملیار دۆلار بووە. ئەگەر وەک مەزەندە، بە تێکڕا 100 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا لە کەرکووکەوە هەناردە بکرێت، ئەوە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی عێراق و تورکیا دەبێت.

> **دەستگرتن بەسەر ناوچەی شنگالدا کە بووەتە پردی پەڕینەوە لەنێوان قەندیل و باکووری سووریا، لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا هەلێکی گرنگ دەداتە تورکیا**

> **پڕۆژەی ئۆڤاکۆی پێگەی حکومەتی عێراق لە بەرامبەر هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر دەکات**

هۆکاری سێیەم کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق دانا، ئەو گشتپرسییە بوو کە هەرێمی کوردستان ئەنجامیدا بە سوودوەرگرتن لەو بۆشایی دەسەڵاتەی داعش دروستیکرد و ئەو تێکچوونی هاوسەنگییە سیاسییەی کە هاتەئاراوە و ئابووری وڵاتەکەی تووشی شڵەژان کرد. لەگەڵ گشتپرسییەکەدا، حکومەتی هەولێر دەستی بەسەر کەرکووکیشدا گرت بە پاساوی ئەوەی کە یەکێکە لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. بەوجۆرەش داهاتی نەوتی دەرهێنراو لە کەرکووک کەوتە دەستی حکومەتی هەولێر. بەڵام پاش ئەوەی سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە تشرینی یەکەمی 2017 ئەو ناوچانەیان خستەوە بندەستی خۆیان کە لەژێردەستی پێشمەرگە بوون، کەرکووک گەڕایەوە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا. ئەم دیمەنە بە دەستلەکارکێشانەوەی مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی کۆتایی هات و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و حکومەتی ناوەندیی عێراق گەیشتە لێواری دارمان. لەم قۆناخەدا حکومەتی بەغدا کەوتە هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو دەروازە سنوورییانەی لەژێر کۆنترۆڵی هەولێر بوون.

ئەوان ئەم داخوازییەی بەغدایان قبوڵ نەکرد و لە هەر هەلێکدا ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە ڕێگە نادەن لە سەربەخۆییان کەم بکرێتەوە. لە ئەنجامدا، ئەم گرژی و ناکۆکییە سیاسی و ئابوورییەی نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەری لەسەر بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق دادەنێت. تائێستاش کۆمپانیا هەناردەکارەکان بەرەورووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لەکاتی گواستنەوەی کاڵاکانیان لەناو عێراق و لەناو هەرێمی کوردستانیش. سەرەڕای بەدەنگهاتنی تورکیا لەڕێگەی کەناڵە فەرمییەکانییەوە، هێشتاش پەیوەندی بازرگانی نێوان تورکیا و عێراق بەرەورووی ئەم زیانانە دەبێتەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین پەیوەندییە بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق بە چەندین کاریگەر دەبێت. کێشە ئەمنییەکان و قەیرانە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق زۆر بە ئاسانی لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکان ڕەنگدەدەنەوە، هەربۆیە دەبێ هەندێ ڕێڕەوی جێگرەوە بدۆزرێنەوە بۆ ئەوەی تورکیا ئەوەندە بەم هەڵچوون و داچوونە کاریگەر نەبێت. پڕۆژەی ئۆڤاکۆی لەم ڕووەوە زۆر سوودبەخش دەبێت، چونکە گەیشتنی تورکیا بە ناوخۆی عێراق ئاسان دەکات. ئەم کارەش وا لە حکومەتی بەغدا دەخوازێت کە هەندێ هەنگاوی هاوشێوەی تورکیا هەڵبنێ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە. بە مانایەکی دیکە، پەیوەندی تورکیا بە حکومەتی ناوەندییەوە گرنگییەکی زۆری دەبێت بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە. لەبەر ئەم هۆیەش، شێوەی ئەو پەیوەندییەی کە تورکیا لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دایدەمەزرێنێ، سیما و شێوەی پڕۆسەی ئۆڤاکۆی دیاریدەکات.

ئەو دەروازە سنوورییەی کە تورکیا بۆ بەغدای پێشنیاز کردووە، نەخشەی ڕێگەیەک دەکێشێ کە لە ئۆڤاکۆی تاوەکو بەغدا درێژ دەبێتەوە و بە تەلەعفەر و مووسڵدا ڕەتدەبێت. بەوجۆرە دەتوانین هێڵێکی ڕاستەوخۆ بۆ بازرگانیی دووقۆڵی لەنێوان هەردوو وڵات بکەینەوە بەبێ ئەوەی بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات ئەم بازرگانییەی نێوان تورکیا و عێراق هەر لە دەروازەی خابوور و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. لە وەڵامی ئەوەی کە



ئەم دەروازەیە بەش ناکات، بەرپرسانی حکومەتی کوردی لە هەموو بۆنەیەکدا دەڵێن دەروازەی خابوور بۆ بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات بەسە. لە بەرامبەردا حکومەتی تورکیا وایدەبینێ کە خۆبەستنەوە بە یەک دەروازەی سنوورییەوە بۆ بازرگانی لەگەڵ عێراق کێشەی زۆری بەدواوە بووە و بۆ بازرگانییەکیش دەست نادات کە قەبارەکەی ملیاران دۆلار بێت. لە حاڵەتی سەرپێکەوتنی ئەم پڕۆژەیەدا، دەکرێ هەردوو سوپای تورکیا و عێراق بە هاوبەشی جموجوڵ بکەن، ئەمەش دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا لەسەر بەشی لای ڕۆژئاوای دیجلە زیاتر دەکات و توانای کوردیش ،لەڕێی گوشارهێنان بۆ ئیدارەی کوردی، جڵەو دەکات و ناهێڵێ سەربەخۆ ڕەفتار بکەن. خۆبەخۆیش تای تەرازوو بەلای دەسەڵاتی ناوەندیدا دەشکێنێتەوە لە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک زۆر لە سیاسەتقانانی عێراقی لە بەغدا جەختی لەسەر دەکەن. تێبینی ئەوەشدەکرێ کە بەغدا تائێستاش هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بارزانی هەیە، هەرچەند بەم دواییە و بۆ تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکەی نێوانیان، سەردانی بەغدای کرد.

ئەم پڕۆژەیەی ئۆڤاکۆی دەروویەکیش دەبێت بۆ تورکمان، بەتایبەتی تورکمانی تەلەعفەر و مووسڵ تاوەکو سوود لەم جموجوڵە بازرگانییە وەرگرن. وەک چۆن ڕێکارەکانی تورکیا بۆ گەرەنتیکردنی ئاسایشی ڕێگەکە، لە مەودای دووردا دەسەڵاتی تورکیا لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات. ئەمە جگە لەوەی بەشداریکردنی تورکیا لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە وێرانبوون، نفووزی تورکیا لەسەر سوننەی ناوچەکە زیاتر دەکات و ئەمەش بەشێوەیەکی کارا ڕێ لە فراوانخوازیی شیعە دەگرێت.

### پڕۆژەی ئۆڤاکۆی و کاریگەری لەسەر پەیوەندیی تورکیا و عێراق

کردنەوەی دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی لە چەند ڕوویەکەوە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق گرنگە. لەڕووی ئابوورییەوە پێشبینی دەکەین کە پەیوەندیی ڕوو لە پەرەسەندنی هەردوولا زیاتر بەرفراوان ببێ. ئاشکرایە عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە تورکیا بەرهەمەکانی خۆی بۆ هەناردە دەکات. بەپێچەوانەشەوە تورکیا لەپاڵ چین و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هیند، لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدایە کە عێراق بەرهەمیان بۆ دەنێرێت. سەرەڕای ئەم توانا بازرگانییە، ئەڵتەرناتیڤەکان کەمن لەڕووی گەیاندنی بەرهەم و دابەشکردنی. تێچووی گواستنەوە کە بەزۆری پشت بە ڕێگەی وشکانی دەبەستێ، لەسایەی بارودۆخی ئەمنیی وڵاتەکە و گومرگی دوو لایەنە و گەڕانەوەی بارهەڵگرەکان لەوسەرەوە بە بەتاڵی و زۆر هۆی دیکە، هەمیشە بەرزە. بۆیە کردنەوەی هێڵێکی ڕاستەوخۆ کە هەردوو وڵات پێکەوە ببەستێتەوە کارێکی گرنگە. پڕۆژەی ئۆڤاکۆی کە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام گەنگەشە کراوە، بیرۆکەیەکی گرنگە لەم چوارچێوەیەدا. لەسایەی ئەم پڕۆژەیەدا

> **بۆئەوەی پڕۆژەی ئۆڤاکۆی جێبەجێ بێ، پێویستە حکومەتی عێراق پێش هەر شتێک ناوچەی پێشخابوور (سێمالکا) بخاتەوە ژێر دەستی خۆی**

> **ئۆڤاکۆی ئیدارەی کوردی، جڵەو دەکات و ناهێڵێ سەربەخۆ ڕەفتار بکەن**

هەلی ئەوە بۆ تورکیا دەڕەخسێت کە ڕاستەوخۆ لەڕێی هێڵی ئۆڤاکۆی- تەلەعفەر- مووسڵ ڕاستەوخۆ بگاتە بەغدا. ئەم پڕۆژەیە داهاتێکی زۆری بۆ عێراقیش دەبێت، لەپاڵ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا بەهۆی ئەم هێڵەوە، تێچووی ئەو کاڵایانەش کەم دەبێتەوە کە دێنە عێراقەوە.

بۆ کردنەوەی ئەم هێڵەی کە هەردوو وڵات سوودی لێدەبینن، دەبێ هەندێ مەرج جێبەجێ ببن.

یەکەمیان: ئۆڤاکۆی ناوچەیەکە لە ولایەتی شرناخ کە هاوسنوورە لەگەڵ عێراق، شوێنێکی هەیە کە دەکرێ ببێتە جێگرەوەی دەروازەی خابوور. بەڵام ئەوبەری سنوورەکە کە ناوچەی پێشخابوورە، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. بۆئەوەی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ ببێ، لەسەر حکومەتی عێراق پێویستە پێش هەر شتێک ناوچەی پێشخابوور بخاتەوە ژێر دەستی خۆی.

دووەم: دەبێ هەردوو دەوڵەت هەڵوێستێکی توند و یەکلاکەرەوەیان هەبێت لە دژی دەنگی ناڕازی کە ڕەنگە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرزببێتەوە. ڕەنگە بۆ عێراق زەحمەت بێ بەرگری بکات بەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکا بە بەراورد بەو گوشارەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرەورووی دەبێتەوە، چونکە ناوچەی پێشخابوور یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکاری دەهێنێ بۆ گەیاندنی هاوکاری سەربازی بۆ پەیەدە لە سووریا. بۆیە نابێ لە سەرەتاوە چاوەڕێی وەڵامێکی پۆزەتیف لە ئەمریکا بکەین سەبارەت بە ئۆڤاکۆی. باکووری عێراقیش سەرئەنجام گرنگییەکی زۆری هەیە. لە حاڵەتی کردنەوەی هێڵی ئۆڤاکۆی- مووسڵ، جموجوڵی تیرۆریستان (ی پەکەکە) لە ناوچەکەدا سنووردار دەبێت، چونکە ئیدی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی تورکیا و حکومەتی ناوەندی.

مووسڵ و تەلەعفەر کە دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای عێراق، لە ناوچە هەرە زەرەرمەندەکانی پەلاماری داعشن. ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی هاوپەیمانانیش بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتووەکان، شاری مووسڵی کردووەتە وێرانە و ئابوورییەکەی تاوەکو ئاستێکی زۆر دارماندووە. ئێستا دووبارە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ پێویستی بە نزیکەی 50 ملیار دۆلارە بەگوێرەی قسەی بەرپرسانی پارێزگاکە. نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ناوچەکانی عێراقیش پێویستی بە 88 ملیار دۆلارە. بۆئەوەی ئەم ناوچەیە ببێتە ڕێگەیەکی بازرگانی، دەبێ پەلە بکرێ لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری هەمەجۆردا. ئەگەر بەپیر ئەم پێداویستییانەوە بچن، ئەوە ناوچەکە بەرەو بووژانەوەی ئابووری دەبات و زەمینە بۆ بنیاتنانەوەی دەڕەخسێنێت. تورکیا لەم چوارچێوەیەدا دەتوانێ بەرپرسیارێتی گرنگ بخاتە ئەستۆی خۆی لە نۆژەنکردنەوەی مووسڵدا. هەڵسەنگاندنی هێڵێک کە ڕاستەوخۆ لەڕێی ئۆڤاکۆی بیگەیێنێتە ناو عێراق، هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بنیاتنانەوەیە.

سەرباری تێچووی ئابووریی ئەم کارە، دەبێ ئاوڕ لە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی ناوچەکەش بدرێتەوە. مووسڵ یەکێکە لە گرنگترین ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق و دووەم گەورەترین شاری عێراقە. عەرەبی سوننە 65%ی دانیشتووانی نەینەوا پێکدێنن کە کۆی ژمارەی دانیشتووانەکەی سێ ملیۆن و 700 هەزار کەس بوون پێش ئەوەی داعش دەستی بەسەردا بگرێت. نزیکەی دوو ملیۆن سوننە لەناو شاری مووسڵ دەژین. بەڵام ئەم بارە دیمۆگرافییە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، بەتایبەتی پاش جێگیربوونی حەشدی شەعبی لە پارێزگاکە. تورکمانی شیعە پاش ئەوەی شارەکە کەوتە ژێر دەستی حەشد، دووبارە گەڕانەوە و لە بەرامبەردا ژمارەی دانیشتووانی سوننە بەرەو کەمبوونەوە چوو. بەشێکی ئەوانە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و بەشێکیان هاتنە تورکیا و ژمارەیەکی کەمی لێ دەربچێ ئەوانیدیکە نەگەڕانەوە.

ئەگەربونیادی دیمۆگرافی شاری مووسڵ و بونیادە مێژوویی و کولتوورییەکەی

> **بەشداری تورکیا لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە وێرانبوون، نفووزی تورکیا لەسەر سوننەی ناوچەکە زیاتر دەکات**

لەبەرچاو بگرین، ئەوە هەبوونی تورکیا لەو ناوچەیە مەسەلەیەکی گرنگ دەبێت لەڕووی فراوانکردنی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی. لەو بڕوایەشدابین ئەو پڕۆژانەی بە پشتیوانی دارایی تورکیا جێبەجێدەکرێن، دەبنە هۆی پێشکەوتنی ئابووری و بووژانەوەی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە.

کەواتە پێویستە ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێت کە پڕۆژەیەکی گەورەی وەکو ئۆڤاکۆی دەرئەنجامی سیاسیی حەتمی دەبێت، چونکە حکومەتی عێراق کە کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی زۆری وڵاتەکە نەما (نزیکەی 40%ی خاکی عێراق بەپێی هەندێ سەرچاوە) کەوتە ناو دۆخێکی سیاسی زەحمەتەوە. دواتر لە دۆخێکی هاوشێوەدا حکومەتی ناوەندیی لە جووڵە کەوت کاتێک لە ئەیلوولی 2017 گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کرا و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیشی گرتەوە. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکات ڕێکاری پێویستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دۆخە گرتەبەر. لە 9ی کانوونی یەکەمی 2017 سەرکەوتنی سەربازیی بە پشتیوانیی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەسەر داعشدا ڕاگەیاند. سوپا و حەشدی شەعبی، کەرکووک و نزیکەی هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکانیان لە پێشمەرگە ستاندەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، زەحمەتە بتوانین بڵێین حکومەتی ناوەندیی پاش ئەم دوو ڕووداوە بەهێزتر بووە لەڕووی سیاسییەوە. ڕووداوەکانی پێش و پاش هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایاری 2018 ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هاوسەنگیی سیاسی لە عێراق لەسەر بنچینەیەکی زۆر هەستیار ڕاگیراوە. دەتوانین زۆر بە ئاسانی هەست بە هەژموونی ئێرانی و ئەمریکی لە بەغدا بکەین. زۆر لە بەرپرسەکانی عێراق دەڵێن حکومەت ناتوانێ بێ دەستێوەردانی ئێران بژیت. شتێک کە بیرۆکەیەکمان دەداتێ لەبارەی ئاستی نفووزی ئێران لە عێراق، لێدوانێکی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووە کە گوتی: ئێرانییەکان پەیوەندییان پێوەکردووە، پێیانگوتووە ئەوە ئەوان بوون کە نەیانهێشت بۆ جاری دووەم

> **پڕۆژەی ئۆڤاکۆی دەروویەک دەبێت بۆ تورکمانانی تەلەعفەر و مووسڵ تاوەکو سوود لەم جموجوڵە بازرگانییە وەرگرن**

لەپاش هەڵبژاردنەکانی 12ی ئایار ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران.

هەموو هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەماوەی پێنج مانگی پاش هەڵبژاردندا شکستیان هێنا. حکومەتەکەی عەبدولمەهدی پێکنەهات تاوەکو گەیشتە تشرینی یەکەمی 2018، لە کۆی 22 وەزیریش تەنیا 14 یان متمانەی پەرلەمانیان وەرگرت و دەستبەکار بوون. شەش وەزیری دیکە لە ئەسڵی ئەو هەشت وەزیرەی کە مابوون لە دوایین ڕۆژەکانی 2018دا دەستنیشانکران. پەرلەمان کە لەم ڕۆژانەی دواییدا چەند جارێک دانیشت، بەهۆی ناکۆکی سیاسی نەیتوانی لەسەر ناوە پێشنیازکراوەکان بۆ ئەو دوو وەزارەتەی کە ماون، بگاتە ڕێککەوتن. تائێستاش دانوستاندنی چڕوپڕ لە ئارادایە بۆ هەردوو وەزارەتە گرنگەکەی ناوخۆ و بەرگری.

هەندێ هۆکاری شاراوە هەن لە پشت ئاستەنگەکانی پێکهێنانی حکومەت و درەنگ دەستنیشانکردنی وەزیرەکانەوە. لەپێش هەموویانەوە هەوڵی لایەنە کاریگەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی لە عێراقە بۆ دەستگرتن بە پۆستەکانیانەوە. هاوپەیمانیی (سائیرون) بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر کە چەندین جار لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتووە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ حکومەت لە کەسانی بێلایەن پێکبێت. بە هەمان شێوە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی ڕای وابوو کە ئەوانەی پێشترپۆستی سەرۆکوەزیرانیان وەرگرتووە نابێ لە حکومەتی نوێدا بن. لە فەزایەکی ئاوادا، ئەو ناوەی پێشنیاز دەکرێ بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، دەبێ لای هەمووان قبوڵکراو بێ لەڕووی پاراستنی هاوسەنگیی سیاسی ناوخۆی عێراق و هاوسەنگییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانیش. سەرئەنجام زۆرینەی سیاسییەکان لە بەغدا لەسەر ناوی عادل عەبدولمەهدی ڕێککەوتن. بەڵام قەناعەتێکی هاوبەش لای زۆرینەی پێکهاتەکان لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستانیش هەیە کە گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر ناوی عەبدولمەهدی بەو مانایە نییە کە حکومەتی نوێ حکومەتێکی بەهێزە. بەپێچەوانەوە ڕایان وایە کە حکومەتەکەی عەبدولمەهدی لەسەر بناخەیەکی فشۆڵ دامەزراوە، بۆیە قەیرانە سیاسییەکان بە ئاسانی ڕەنگدانەوەیان لەسەری دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، موقتەدا سەدر بەو سیفەتەی فراکسیۆنێکی گەورە و بەهێزی لە پەرلەمان هەیە، مۆڵەتێکی دیاریکراوی داوەتە حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەمەش بارێکی زیاتری خستووەتە سەر شانی ئەو سەرۆکوەزیرانەی کە خۆی لەبنەڕەتدا لەژێر گوشارێکی زۆردایە.

بۆ لاپەڕە 6 <<

## لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی SETA نزیک لە حکومەتی تورکیا:

# پڕۆژەی ئۆڤاکۆی توانا دەداتە بەغدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سزا بدات




پاش ئەم هەموو قەیرانە سیاسییە، تورکیا دەتوانێ رۆڵێکی گرنگ ببینێ لە هاوکاریکردنی ئەو حکومەتەی بە سەرۆکایەتی عەبدولمەهدی پێکهاتووە، چ لەڕووی سیاسی، یان جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئۆڤاکۆی و هەر پڕۆژەیەک لە توانایدا بێت ئەنقەرە و بەغدا لێکدی نزیک بکاتەوە و پێگەی سەرۆکوەزیران بەهێزتر بکات.

حکومەتەکەی عەبدولمەهدی پاش نزیکەی ساڵێک لە تێکشکاندنی داعش پێکهات، بەڵام ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەستی داعش بوون و ئێستا کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی، هێشتا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی نین. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ماندووبوونی حکومەتە بەهۆی شەڕی داعش و هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئاسایشی هەرێمایەتی لەڕێی بونیادێکەوە کە زۆرترین گرووپی هەمەجۆر لەخۆبگرێت، لەوانەش حەشدی شەعبی. هەرچەندە حکومەتی ناوەندی لەم ماوەیەدا نزیکەی 100 ملیار دۆلاری خەرج کردووە، کەچی هێشتا ئاستەنگی زۆری لەپێشە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، یەکێک لەوانەش حەشدی شەعبیە کە لەلایەکەوە دەستی ناوەتە ناو دەستی تورکمانە شیعەکان لە تەلەعفەر، لەلایەکی دیکەشەوە دەستی لەگەڵ گرووپەکانی سەر بە پەکەکە لە شنگال تێکەڵە.

کردنەوەی دەروازەی سنووریش ئەوە لە حکومەتی ناوەندیی دەخوازێ

> **دەتوانین هێڵێکی راستەوخۆ بۆ بازرگانیی دووقۆڵی لەنێوان تورکیا و عێراق بکەینەوە بەبێ ئەوەی بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕێت**

کە هەژموونی خۆی لەسەر ناوچەکە مسۆگەر بکات. ئەمەش دوو ئەنجامی چاوەڕوانکراوی دەبێت: حکومەت دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانە بەهێز بکاتەوە کە بەدەست بۆشایی دەسەڵاتەوە دەناڵێنن و دووەمیش، کۆنترۆڵکردنی حەشدی شەعبی. لەگەڵ بەدیهاتنی ئەم دوو مەرجە، دەبێ حکومەتی ناوەندی ئاسایشی هێڵی پێشخابوور- تەلەعفەر- مووسڵ مسۆگەر بکات. ئەو هەنگاوانەی کە لەم پێناوەدا دەگیرێنەبەر، لەڕووی سیاسیشەوە حکومەتەکەی عەبدولمەهدی بەهێز دەکەن و توانای زیاتری دەدەنێ بۆ جموجوڵ، تورکیاش هیچ کەمتەرخەمییەک نانوێنێ لە پێشکێشکردنی هاوکاری لەو بوارانەی بە پێویستیان دەزانێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی حکومەتی ناوەندی. رەنگە پشتیوانییەکی زۆریش پێشکەش بکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە هەموو قۆناخەداکانیدا هەر لە دانانی پلانەوە تاوەکو وەبەرهێنان. بەمجۆرە لە دەرئەنجامدا دەبینین کە پێگەی حکومەتی ناوەندی فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دەبێت بۆ سەرخستنی پڕۆژەی ئۆڤاکۆی.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دۆزینەوەی دەروازەیەکی جێگرەوە بۆ دەروازەی خابوور دەبێتە سەرچاوەی گوشارێکی سیاسی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەولێر نایەوێت ئەم دەسەڵاتە ئابووری و سیاسییەی لەدەستبچێ پاش ئەوەی هەردوو وڵات چالاکییە بازرگانییەکانیان کۆنترۆڵ دەکەن، بۆیە دەبینین بەرپرسەکانیان لە هەموو بۆنەیەکدا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە دەروازەی ئۆڤاکۆی بۆ ئەوان هێڵی سوورە. لەم چوارچێوەیەدا، پڕۆژەی ئۆڤاکۆی هەر بە تەنیا پێگەی حکومەتی ناوەندی لە بەرامبەر هەولێر بەهێز ناکات، بەڵکو دەبێتە جێگرەوەی خابوور و توانای ئەوە دەداتە بەغدا کە حکومەتی هەرێم سزا بدات. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە تورکیا چەندە سوود لەم دۆخە وەردەگرێت.

بەهێزکردنی پێگەی حکومەتی ناوەندیی لەو رووەشەوە گرنگە کە دەبێتە هۆی داخستنی ئەو ڕێڕەوی تیرۆرەی لە باکووری وڵاتەکە پەیدا بووە. گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەغدا بۆ ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای وڵات (ناوچەی شنگال) و گەرەنتیکردنی ئاسایشی، رۆڵێکی دیاری دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا. پەکەکە کە چووە ئەو ناوچەیە، بیانووەکەی پاراستنی ئێزدییەکان بوو لە داعش، دوایی لەوێ کۆمەڵێک سەربازگەی دروستکرد و بە پشتگیریی نێودەوڵەتی پەلی هاوێشت تاوەکو بووە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ تورکیا و عێراقیش. سەرەڕای هەموو بانگەوازەکانی تورکیا لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، پەکەکە لە چالاکییە تیرۆریستییەکانی بەردەوامە و لەڕێی چەکدارکردنی خەڵکی ناوچەکەشەوە هەموو ئەوانە دووردەخاتەوە کە دەکرێ ببنە هەڕەشە لەسەر هەبوونی.

حکومەتی بارزانی نە نیازێکی راستەقینەی هەبووە و نە تواناشی هەیە شەڕی پەکەکە بکات، هێشتاش هەر خەریکی بەدەستهێنانی کاتن بە بیانووی "چارەسەری ئاشتیانە" و دەربڕینی لەوجۆرە. هەرچەندە بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەولێر زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەو ململانێیەدا لای تورکیا دەگرن و وای نیشاندەدەن کە لە هەستیاریی تورکیا تێدەگەن، بەڵام تائێستا یەک هەنگاوی جدییان نەناوە. ئەوان دەڵێن: سەرەتا پێویستە تورکیا کەناڵی گفتوگۆ و دانوستاندن بە کراوەیی بهێڵێتەوە بۆئەوەی پێشڤەچوونێک لەو کێشەیەدا بەدیبێت. دەکرێ هەمان هەڵوێست لای ئەو حیزبانەی دیکەش ببینین کە لە هەرێمی کوردستان چالاکن. هەموویان خۆیان لەوە دەدزنەوە کە هەڵوێستێکی روون لەدژی پەکەکە نیشانبدەن، هەموشیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە لە هەستیاریی تورکیا، وەک دراوسێیەکی گرنگ تێدەگەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییە لە سلێمانی و دەوروبەری دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ داخستنی نووسینگەکانی (تەڤگەری ئازادی) کە سەر بە پەکەکەیە، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک ناتوانین وا لێی بڕوانین کە هەنگاوێکە لە دژی پەکەکە. نابێ چاوەڕوانی ئەنجامێکی جدییش بین لەوە، چونکە داخستنی نووسینگە، چالاکییەکانی حیزب راناگرێت. لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکاری داخستنی نووسینگەکان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم وەرنەگرتووە، تورکیا پێداگیری دەکات کە دەبێ هۆکاری داخستنەکە پەیوەندی بە تیرۆرەوە هەبێت.

ئاشکرایە ئەم دیمەنەی لە هەولێرەوە دەیبینین، گوزارشت لە توانای راستەقینەی

> **دەبێ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و عێراق هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەیان هەبێت لە دژی هەر دەنگێکی نارازی لە پڕۆژەکە**

حکومەتەکەی بارزانی ناکات، وەهاش دەرناکەوێ کە نیازێکی روون و ئاشکرایان هەبێت بۆ شەڕ لە دژی پەکەکە. ئەو حیزبە هێشتا لە سلێمانی کە دووەم شاری گرنگی هەرێمە لە دوای هەولێر، لە چالاکییەکانی بەردەوامە. هەندێ لەو رۆژنامەڤانانەی لەوێ کاردەکەن دەڵێن تەنانەت ئەو حیزبە لەناو شارەکەدا هاوکاری کۆدەکاتەوە. لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانە، پێناچێ بارزانی شەریکێکی باشی تورکیا بێت لە شەڕی دژی پارتی کرێکارانی کوردستاندا. ئەو بە هەڵە وا هەستدەکات کە تورکیا پێویستی بەوە، هۆی ئەم هەستەش ئەوەیە کە تورکیا ناچارە پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراق لەڕێی بارزانییەوە درێژە پێبدا. بۆیە ئەم دەروازە سنوورییە نوێیە دەتوانێ بناخەی پەیوەندییەکی سەقامگیر لەنێوان ئەنقەرە و بەغدا دابنێ و هەردوولا ببنە شەریکێکی بەهێزتر و کاراتر لە بەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا. بێگومان تورکیا سوودێکی زۆر دەبینێ لە بەهێزبوون و بەتوانابوونی حکومەتی بەغدا. ئەو هەنگاوانەی کە بەغدا دەتوانێ بیانگرێتەبەر لە دژی پەکەکە، گرنگییەکی گەورەیان بۆ تورکیا دەبێت. بۆیە حکومەتی بەغدا دەبێ رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر و ئاسایشی ناوچەکە مسۆگەر بکات. بەم مانایە، دەکرێ پڕۆژەی ئۆڤاکۆی خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بێت لە پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیادا، چونکە ئەم پڕۆژەیە تەنیا لێکنزیکبوونەوەی ئابووری بەدیناهێنێ، بەڵکو هەردوو وڵات لەڕووی سیاسیشەوە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە.

### ناوچەی شنگال و پەکەکە

چالاکییەکانی پەکەکە لە ناوچەی شنگال چەند ساڵێکە بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە. ئەو هەواڵانەی لەو ناوچەیەوە دێن، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو حیزبە بەردەوامە لەسەر فراوانکردنی ریزەکانی خۆی تەنانەت پاش ئەو شکستە سەربازییەش کە بەسەر داعش هات. لێرەدا ناچارین قسە لە دوو رووداوی سەرەکی بکەین کە هۆکاری ئەم بارودۆخە بوون:

یەکەمیان ئەوە بوو کە داعش لە 2014دا و بێ بەرەنگارییەکی ئەوتۆ دەستی بەسەر مووسڵ، دووەم گەورەشاری عێراقدا گرت. دووەمیان بێتوانایی پێشمەرگە بوو لە بەرگریکردن بەرامبەر داعش، لە شنگال کشایەوە و ناوچەکە کەوتە ژێر دەستی داعش.

بەهۆی رەفتاری تیرۆریستانەی داعشەوە دانیشتووانی شنگال بەرەوڕووی کارەساتێکی مرۆیی بوونەوە، زۆر کەس کوژران و زۆری دیکە ناچاربوون کۆچ بکەن . لەو کاتەدا پەکەکە کە لە سووریا و قەندیلەوە گەیشتبوونە ئەوێ، خەریکی خۆجێگیرکردن بوون. ئەوان بە سوود وەرگرتن لەو بۆشاییەی بەهۆی کشانەوەی سوپای عێراق و پێشمەرگە پەیداببوو، بەخێرایی دەستیان بە فراوانکردنی ریزەکانی خۆیان کرد. یەکەم هەنگاویشیان لەو چوارچێوەیەدا، چەکدارکردنی ئێزدییەکان و دروستکردنی رێکخراوی چەکداری نزیک لەخۆیان بوو. بەمجۆرەش شنگال لەپاش قەندیل بووە بنکەیەکی سەربازیی گرنگی پەکەکە. هەر لەو ماوەیەدا توانی بارودۆخی نێودەوڵەتیش بۆخۆی بقۆزێتەوە و بۆ شەڕ لە دژی داعش و، هاوکاری لە ولایەتە یەکگرتووەکانەوە پێدەگەیشت. ئەمانە یارمەتیدەر بوون لەوەی لەڕووی سیاسییەوە دەست بە فراوانکردنی ریزەکانی بکات.

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی دەنگۆ کە گوایە پەکەکە لەژێرگوشاری تورکیادا لەوناوچەیە نەماوە و کشاوەتەوە، بەڵام ئەو رێکخراوە تائێستاش لەوێیە. زۆر سەرچاوە ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە پەکەکە شانبەشانی هێزەکانی حەشدی شەعبی جموجوڵ دەکات، بگرە زۆر زانیاریش هەیە لەسەر ئەوەی کە میلیشیاکانی نزیک لە پەکەکە مووچە لە حکومەتی بەغدا وەردەگرن. لە وەڵامی ئەو بانگەشانەی کە باس لە پەیوەندیی پەکەکە و حەشدی شەعبی دەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان لە بەغدا جەخت دەکەنەوە لەوەی کە حەشدی شەعبی لە گرووپی هەمەجۆر پێکهاتووە و دەبێ حکومەتی ناوەندی ئیرادەی خۆی پیشانبدا بۆ کۆنترۆڵکردنیان.

مەسەلەی شنگال لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە سەرتۆپی مەسەلە گرنگەکان بۆ تورکیا، چونکە جێگیربوونی ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە و بەردەوامبوونی لەسەر چالاکییەکانی هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا و ناوچەکەش دەکات. بۆیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسی لەگەڵ عێراق، گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم رێکخراوە مەسەلەیەکە خۆلێلادان هەڵناگرێت. لێرەدا دەتوانین سەیرێکی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لەڕێی ئەو لێدوانانەی کە بەم دواییە دراون. بەرپرسەکانی حکومەتی هەولێر — وەک لە لێدوانەکانیانەوە دەردەکەوێت- هەبوونی پەکەکە لە شنگال بە کارێکی قبوڵنەکراو دەزانن و داوادەکەن خەڵکی مەدەنی و بەرپرسانی ئێزدی بگەڕێنەوە شنگال بۆئەوەی ژیانی بۆ بگەڕێتەوە.

بۆیە رێکارەکانی حکومەتی بەغدا یەکلاکەرەوە دەبێت لە پاککردنەوەی ناوچەکە لە حەشدی شەعبی و پەکەکە. لەسایەی ئەم بارودۆخەدا، پێویستە لەسەر تورکیا درێژە بە دەستپێشخەرییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بدات. دەکرێ پڕۆژەی ئۆڤاکۆی رۆڵێکی جەوهەری بگێڕێ لە درێژەپێدانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی. چاوەڕێش دەکرێ هەردوو وڵاتی لێکنزیک لەڕووی ئابووری، دەست بە هەڵمەتێکی سیاسی بکەن. کردنەوەی ئەم دەروازەیە، دەتوانێ ببێتە هۆی کردنەوەی رێگەیەکی ئەمین لە سنووری تورکیاوە تاوەکو بەغدا. رێگەیەک کە جموجوڵی بازرگانی مسۆگەر بکات و ئاسایش بۆ ناوچەکە بهێنێ، ئەمەش هەلێکی گەورە دەداتە تورکیا بۆئەوەی لە ناوچەکەدا بجووڵێ و پەرە بە هەژموونی خۆی بدات.

> **بە کردنەوەی هێڵی ئۆڤاکۆی- مووسڵ، جموجوڵی پەکەکە لە ناوچەکەدا سنووردار دەبێت**

### کۆتایی

لەم شرۆڤەیەدا، پڕۆژەی دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆی و کاریگەرییەکەی لەسەر پەیوەندیی تورکیا و عێراق و ئاسایشی ناوچەکە هەڵسەنگێنراوە. پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی هەردوو وڵات لە سایەی رێگەیەکی راستەوخۆوە کە لە ئۆڤاکۆی دەستپێدەکات و بە تەلەعفەر و مووسڵدا تێدەپەڕێ و دەگاتە بەغدا، دەکرێ زۆر فراوان ببێ. کۆمپانیا تورکییەکانیش دەتوانن راستەوخۆ بگەنە ناوچەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق. بەمەش ئەو کێشانە لەکۆڵ دەبنەوە کە بەهۆی دەروازەی خابوور دێنەپێشەوە. لەحاڵێکدا ئەگەر کونسوڵخانەی تورکیا دووبارە لە مووسڵ بکرێتەوە و ناوچەیەکی بازرگانیی سەقامگیر دابمەزرێ، ئەوە هەژموونی تورکیاش لە ناوچەکەدا زیاتر دەبێ، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی دیمۆگرافی لە مووسڵ و تەلەعفەر. ئەو هەلەش لەپێشە کە دەست بە جموجوڵێک بکرێت لەدژی پەلهاویشتنی شیعە لە ناوچەکەدا. کردنەوەی دەروازەیەکی سنووری لێکەوتەی سیاسیشی دەبێت، چونکە ئەو هەلە دەداتە حکومەتی ناوەندی کە بەکارهێنانی دەروازەی دووەم بکاتە ئامرازی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە بەرامبەردا تورکیا

> **دۆزینەوەی دەروازەیەکی جێگرەوە بۆ دەروازەی خابوور دەبێتە سەرچاوەی گوشارێکی سیاسی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان**

دەتوانێ بازرگانییەکەی لەگەڵ عێراق بەرینتر بکات و بەوەش دینامیەتی نوێ بە پەیوەندیی خۆی و هەرێمی کوردستان بدات. تورکیا بەمجۆرە کارتێکی نوێی براوەی دەستدەکەوێت لەپێناوی ئابوورییەکەی ئاسایشی خۆی. جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە وا لە حکومەتی بەغدا دەخوازێ کە دەست بەسەر ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگرێ و ئاسایشی مسۆگەر بکات. لەپێناوی ئەوەش، دەبێ بتوانێ بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ ببێ کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی. هەروەها کار بکات بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو رێگەیەی دەروازە سنوورییەکە بە ناوەوە عێراقەوە دەبەستێتەوە، ئەمە هەلی ئەوە دەداتە عێراق کە رۆڵی سیاسی خۆی بەهێزتر بکات و ببێتە موخاتەبێکی جێی باوەڕ لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە.

هەرچەندە گفتوگۆی ئەم دەروازە سنوورییە نوێ نییە، بەڵام لەو گفتوگۆیانەی کە تورکیا بەم دواییە لەگەڵ بەغدا کردوونی، هەمیشە ئەمەی لە کارنامەدا بووە. ئەو گشتپرسییەی کە هەرێمی کوردستان لە ئەیلوولی 2017 کردی، بووە هاندەرێکی دیکەی نوێ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە. ئێستا دانوستاندنی نێوان هەردوو وڵات گەیشتووەتە وەڵامی پۆزەتیف، بەڵام لەسەر هەردوو وڵات پێویستە بە پەلە هەندێ پڕۆژەی وەبەرهێنان جێبەجێ بکەن بۆئەوەی ناوچەکە بەرەو رێڕەوێکی بازرگانیی ئارام هەنگاو بنێ. هێشتاش زۆر مەسەلەی دیکە لەسەر مێزی گفتوگۆ ماون، هەر لە تواناکانی ژێرخانی ئەم دەروازەیەوە تاوەکو رێگەیەکی بازرگانیی ئارام کە دەبێ دروستبکرێت.

> **پڕۆژەی ئۆڤاکۆی دەبێتە دەروازەیەک بۆ تورکمانەکانی تەلەعفەر**

ڕۆبەرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا بۆ (ڕووداو):

# کورد دەبێ بەپەلە دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق بکات



## ڕووسیا بە ڕێککەوتنی کورد و دیمەشق خۆشحاڵ دەبێت

## پێشنیاز دەکەم کوردی سووریا پەیوەندی بە حکومەتی ئێرانیشەوە بکەن

## کوردی سووریا بەدەست کەمتوانایی ترەمپەوە دەناڵێنن

ڕۆبەرت ستێفن فۆرد لە 2011 تاوەکو 2014 باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە سووریا. لە 2011 چووە نێو خۆپیشاندانێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە حەما، تاوەکو 2015 یش پێیوابوو ئەگەر ئەمریکا پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی سووری کردبا، جیهادییەکان نەیاندەتوانی دەست بەسەر شۆڕشەکەدا بگرن. ئەو دیپلۆماتکارە ئەمریکییە پاڵپشتێکی سەرەکیی چارەسەری سیاسی لە سووریا و لادانی ڕژێمی ئەسەد بوو، بەڵام گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە سووریا بە قازانجی ئەسەد، ڕۆبەرت فۆردی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی لە 2018 پشتگیریی بڕیارەکەی ترەمپ بکات بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، لە کاتێکدا ئەمریکا بژاردە و توانای ئەوەی لەبەر دەست نییە کاریگەری لەسەر داهاتووی سیاسی سووریا دابنێ. ڕۆبەرت فۆرد لە 2008 بۆ 2010 وەک جێگری باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ڕۆڵی گێڕاوە. پێشتریش لە 2004 بۆ 2006 ڕاوێژکاری سیاسیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بووە لە بەغدا، بۆیە گومان دەکرێت ڕۆڵی گەورەی لە دانانی بناخەی دامەزراوەکانی و نووسینەوەی دەستووری عێراقدا هەبووبێت.

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: بەر لە چەند ساڵێک گوتت پشتیوانیی ئەمریکا بۆ کورد بەردەوام نابێت. دوای ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات 11 هەزار شەهیدی دا لەشەڕی داعش و 1800 چەکداری داعشی دەستگیرکردن، ئەمریکا پشتی تێکردن. بۆچی لەوکاتەدا ئەمریکا پشتی لە کورد کرد؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** گرنگە لەوە تێبگەین ئەو کاتەی دۆناڵد ترەمپ هێشتا بەربژێری سەرۆکایەتی بوو بۆ هەڵبژاردنی 2016، لەکاتی کەمپەینەکەدا بەردەوام دەیگوت کە دەیەوێ هێزەکانی ئەمریکا دوای ڕووخانی خەلافەتی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بکشێنەوە.

**ڕووداو: ئایا ئەو پشتتێکردنەی ترەمپ لە کورد، وێنەی ئەمریکا وەک بێ بەڵێن بەرامبەر دۆست و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا نیشان نادات؟ بەپێچەوانەی ڕووسیا کە تاوەکو دوایین**

> **هاوپەیمانیی نێوان کورد و ئەمریکا تەنیا بۆ شەڕی داعش بوو**

**ساتەکان پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانی دەکات..**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پێموایە گرنگە لەوە تێبگەین کە هاوپەیمانیی نێوان کورد و ئەمریکا لەبەر داعش بوو، تەنیا داعش. ئەوە هەمیشە قسەی دۆناڵد ترەمپ بووە. بەبۆچوونی من هەندێک لە فەرماندەکانی سوپای ئەمریکا و هەندێک لە دیپلۆماتەکانی ئەمریکا بە تەواوی ڕوونیان نەکردەوە کە مەبەستی دۆناڵد ترەمپ لەو قسەیە چییە.

**ڕووداو: بەڕای تۆ ئەوە دروستە یاخود نا، بەکارهێنانی کورد بۆ شەڕکردن لەگەڵ داعش و دوایی بەجێهێشتنیان لەبەردەمی تورکیادا، ئەم سیاسەتە بۆ ئەمریکا باشە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پێموایە دەبێ لەوەدا ڕوون بین کە کوردی سووریا زۆر ئازا بوون و شەڕکەری زۆر باش بوون. ئەمریکا لە شەڕی کۆبانێ دەستیکرد بە هاوکاریکردنیان. واتە لە کۆتایی 2014، لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباما. بەڵام کورد لە کۆبانێ شەڕی داعشیان دەکرد، نەک وەک خێرکردن بە ئەمریکا، کورد لە کۆبانێ شەڕی داعشیان دەکرد نەک وەک دیارییەک بۆ ئەمریکا، بەڵکو بەرژەوەندیی خۆیان لەو شەڕەدا هەبوو.

> **باوەڕناکەم ئەنقەرە شەڕ لە دژی هەولێر ڕابگەیێنێت**

> **دۆناڵد ترەمپ نایەوێ هێزەکانی ئەمریکا تاهەتایە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بمێننەوە**

تێگەیشتن لەمە ئاسانە. هاوکاریی ئەمریکا بۆ کوردی سووریا بۆ شەڕی دژی داعش بوو. ئەوە پرسیارێکی جیاوازە ئەگەر بڵێی ئایا پێویستە ئەمریکا ئیدارەی کوردی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا تاهەتایە بپارێزێت؟

**ڕووداو: لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەردەوام باسی بنەما ئەخلاقییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکرێت. ئێستا خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن و دەربەدەر دەبن کە پێشوازییان لە هێزەکانی ئەمریکا کرد و پشتیوانییان کردن، ئایا ئەوە وێنەی ئەمریکا ناشێوێنێ؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بێگومان وێنەکانی کوشتنی خەڵکی مەدەنی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا زۆر خراپن، ئەو سوورییانە لە ئازاردان، هەندێکیان لە هێرشە ئاسمانییەکاندا کوژراون. مایەی پەشیمانییە. ئێمە هەمان شتیش لەبارەی خەڵکی مەدەنیی ئیدلیب، حەلەب و حومس و دەرعا دەڵێین. لە سەرتاسەری سووریا وێنەی خەڵکمان بینیوە کە لە ئازاردان. بەڵام گرنگە لەوە تێبگەین کە ئەمریکا ناتوانێ کێشەی سووریا چارەسەر بکات.

**ڕووداو: زانیارییەکان و لێدوانەکانی پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە ئەوە نیشاندەدەن کە ئەوان ئاگاداری کات و نێوەڕۆکی بڕیاری ترەمپ نەبوونە لە هەڵکردنی چرای سەوز بۆ هێرشی تورکیا،**

> **ئەوەی تورکیا دەیکات لای وڵاتانی ناوچەکە قبوڵکراوە**

**بەهەمانشێوە هاوپەیمانانی ئەمریکا، لەوانەش ئیسرائیل وا دەڵێت . ئایا ترەمپ شێوەی دروستکردنی بڕیاری لە ئەمریکا گۆڕیوە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پرسیارەکەت نایابە. پرسیارەکەت زۆر باشە. پێویستە بڵێم هەرگیز لە ژیانی دیپلۆماسیمدا هیچ سەرۆکێکی ئەمریکام نەبینیوە کە نەتوانێ هاوئاهەنگی لەگەڵ تیمی خۆی بکات. ترەمپ ناتوانێ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەندامانی ئیدارەکەی خۆی بکات. ئەوە خراپە. ڕاشکاوانە بڵێم بەڕای من کوردی سووریا و خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بەدەست ئەو کەمتوانایییەی ترەمپەوە دەناڵێنن.

**ڕووداو: مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ ئێمە گڵۆپی سەوزمان بۆ**

> **گرنگە لەوە تێبگەن کە خەڵکی ئەمریکا لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ماندوون**

**تورکیا هەڵنەکردووە، لەهەمانکاتدا دەڵێ لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێدەگەین. ئایا ئەو تەمومژە لە هەڵوێستدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا هەست بە شەرم دەکات لە هەڵوێستی بەرامبەر کورد؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بەڵێ پێموایە ئەوە بەشێکیەتی. پێموایە قسەکەت ڕاستە کە ئەمریکییەکان هەست بە شەرمەزاری دەکەن. ئەگەر مایک پۆمپیۆ سووربایە لەسەر وەستاندنی هێرشی تورکیا کە یەکشەممەی ڕابردوو لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بوو، دەیتوانی شەوی یەکشەممە یان ڕۆژی دووشەممە گەشتێکی ئاسمانیی یەک کاژێری بۆ ئەنقەرە بکات بۆ ئەوەی پەیامێکی تایبەت بگەیەنێتە ئەردۆغان. بەڵام ئیدارەی ترەمپ ئەو کارەی نەکرد. بەبۆچوونی من شتێکی ڕوونە کە گڵۆپی سەوزیان بۆ تورکیا هەڵکردووە. بەڵام نابێ لەوە سەرمان بسوڕمێ. چونکە، وەک چۆن دوو ساڵە دەیڵێمەوە، دۆناڵد ترەمپ نایەوێ هێزەکانی ئەمریکا تاهەتایە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بمێننەوە.

**ڕووداو: ترەمپ دەڵێ ئەردۆغان لە سنووری خۆی تێپەڕێت تێکیدەشکێنم، ئەو سنوورە کوێیە؟ تەنیا گرێسپی و سەرێ کانییە. چونکە ئەمڕۆ ئەردۆغان گوتی چەکدارانی سووریای**

> **ئەمریکا ناتوانێ کێشەی سووریا چارەسەر بکات**

**دیموکرات لە هەموو خاکی ڕۆژهەڵاتی فورات دەکوژم. کەواتە سنووری ئەردۆغان کوێیە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پێموایە ئێستا ئەمریکییەکان بیر لە دوو شت دەکەنەوە. یەکەم شەڕی سوپای تورکیا و هاوپەیمانانی ئەمریکا کە هێزەکانی سووریای دیموکراتن، ئایا تەنیا لە گرێسپی و سەرێ کانیێ دەمێنێتەوە؟ ئایا شەڕەکە تەنیا لە ڕووبەرێکی کەمی سەر سنووری سووریا و تورکیا دەمێنێتەوە یان پەل دەکێشێ بۆ ناوچەکانی دیکەش؟ ئەمە پرسیاری یەکەمی ئەمریکییەکانە. پرسیاری دووەم کە لە مێشکی ئەمریکییەکاندایە ئەوەیە ئایا ژمارەی قوربانییانی مەدەنی چەند دەبێت؟ ئایا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن؟ پێموایە واشنتن بە وریاییەوە لەم دوو بابەتە دەڕوانێت.

**ڕووداو: گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە پێشەوەی سوپای تورکیا لەو هێرشەدا بەشدارن. ئەوانە بە ئاشکرا ڤیدیۆ بڵاودەکەنەوە و بانگەواز بۆ کوشتنی کورد دەکەن. لە عەفرین بەر لە دوو ساڵ بە کردەوە ئەوەیان کرد. ئایا ئەمریکا بەرامبەر هێرشی ئەو گرووپانەش بێدەنگ دەبێت؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پرسیارێکی باشە. بەڕای من ئەگەر بە شێوەیەکی بەرچاو مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێن، هیچ گومانم نییە لەوەی واشنتن وەدەنگ دێت. وەک لە ئیدلیب بینیمان، وەک لە حەڵەب بینیمان، وەک لە حومس بینیمان، زۆر گرنگ نییە واشنتن وەدەنگ بێت یان نا. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا ئەمریکییەکان کرداریان دەبێت یان نا؟

**ڕووداو: ئێوە لە سووریابوون و شارەزای**

**دەوڵەتی سووریان. هەڵوێستی سووریا بەرامبەر ئەو هێرشە تازەیەی تورکیا زۆر لاوازە، تەنانەت بەریتانیا و بەلجیکا داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییان کردووە لەسەر هێرشی تورکیا نەک سووریا. سووریا لەو ماوەیەدا بەردەوام هێزەکانی سووریای دیموکراتی بە خائین و سەر بە ئەمریکا تۆمەتبار دەکرد. هۆی ئەو هەڵوێستە لاوازەی سووریا بەرامبەر هێرشی تورکیا بۆ چی دەگەڕێنییەوە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بێگومان دیمەشق دەیەوێ سوپای سووریا بگەڕێتەوە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکراتدان. دیمەشق دەیەوێ دەستبگرێتەوە بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا. هەروەها دەیەوێ هێزەکانی ئەمریکا ئەوێ جێبهێڵن. پێموایە ئێستا گەورەترین پرسیار بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات و سەرکردە سیاسییەکانی ئەوەیە ئایا ڕووسیا دەتوانێت یارمەتییان بدات بۆ

> **ترەمپ ناتوانێ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەندامانی ئیدارەکەی بکات**

ئەوەی دانوستاندنی ڕێککەوتن لەگەڵ دیمەشق بکەن؟

**ڕووداو: لەو باوەڕەدای ڕووسیا بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی تورکیا، یاخود دەگۆڕێت بۆ پشتیوانیکردنی گەڕانەوەی سووریا بۆ ناوچە کوردییەکان و سەرسنوور لەگەڵ تورکیا و عێراق؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بەبۆچوونی من ستراتیژی درێژخایەنی ڕووسیا لە سووریا ئەوەیە؛ هێزەکانی تورکیا سووریا جێبهێڵن، هێزەکانی ئەمریکاش سووریا جێبهێڵن. ڕەنگە ڕووسیا تەنانەت بیەوێ هێزەکانی ئێرانیش سووریا جێبهێڵن. هەرچەند کشانەوەی هێزەکانی ئێران سەختترە. بەڕای من ڕووسیا خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر ڕێککەوتن لەنێوان سەرکردە سیاسییەکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات و دیمەشق واژۆ بکرێت. بەجۆرێک ئەو ڕێککەوتنە ڕێگەخۆشکەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هێزەکانی تورکیا بێت. ڕووسیا ئەوەی بە دڵ دەبێت.

**ڕووداو: تورکیا لەلایەن دەزگا میدیاییەکانەوە بەردەوام ڕاپۆرتی لەسەر بڵاودەکرێتەوە کە پشتیوانی داعش دەکات. چەند ڕۆژێکە داعش لە ڕەقە هێرشەکانی لە دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەستپێکردوونەتەوە. چەکدارە دیلەکان لە زیندانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا دەستیانکردووە بە نانەوەی ئاڵۆزی. ئایا ئەو هێرشەی تورکیا تا چەند داعش بەهێز دەکاتەوە؟ بەتایبەتی کە ئەمریکا هەمیشە دەیگوت هێزەکانی سووریای دیموکرات تاکە هێزە لە شەڕی داعش لە سووریادا پشتی پێ ببەسترێ؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** لەڕوانگەی منەوە، شتێکی

> **ستراتیژی درێژخایەنی ڕووسیا لە سووریا دەرچوونی هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئێرانە**

> **ئەمریکا هەست بە شەرم دەکات لەم هەڵوێستەی بەرامبەر کورد**

گرنگە بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات بەردەوام بن لە کۆنترۆڵکردنی ئەو گرتووخانانەی دیلەکانی داعشیان تێدان. ئەگەر دیلەکانی داعش هەڵبێن، بە دڵنیاییەوە هەندێکیان دەستدەکەنەوە بە شەڕکردن لە دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئەوە پرسیار هەڵناگرێت. لەوە تێدەگەم هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕەوشێکی سەختدان، وای دەبینم ئەمە هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی بە پەلە پەیوەندی بە ڕووسیاوە بکەن و، هەوڵبدەن ڕووسیا ڕازی بکەن بیانباتە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدای کە ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر دەبن و ئەو هێرشەی تورکیاش ئاڵۆزیوونەکە خێراتر دەکات؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** وای نابینم ئیسرائیل دەستوەربداتە ڕەوشەکە. وای نابینم سعودیە و ئوردنیش دەستی تێوەربدەن. عێراقیش خۆی سەری دێشێ بە کێشەکانییەوە، ئەویش خۆی تێوەناگلێنێ. ئەوەی تورکیا دەیکات لای وڵاتانی ناوچەکە قبوڵکراوە.

**ڕووداو: ئەمریکا لەڕووی سیاسیشەوە پشتی لە کوردی سووریا کردووە، لە کۆی 150 نوێنەری لیژنەی نووسینەوەی دەستووری نوێی سووریا، تەنیا 2 نوێنەر کوردن. کەچی ئەمریکا پێشتر دەیگوت دەبێ مافی کورد لە سووریای داهاتوودا پارێزراو بێت..**

**ڕۆبەرت فۆرد:** ئەم پرسیارەشت زۆر جوانە. گرنگە لەمە تێبگەین: تورکیا ، ئێران و ڕووسیا کۆنترۆڵی دانوستاندنەکانی پەیوەست بە سوورییایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە. ئەمریکا کاریگەری گەورەی نییە. لەو پرسەدا، ئەمریکا پەراوێزخراوە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی هیچ

> **ئەمریکا نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی یوئێن لە سووریا دابنێت**

کاریگەرییەکی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای سووریا نییە. وەکو دیمەشق، حومس، حەڵەب، لازقییە و حەما. لەو شارانە، ڕووسیا و ئێران لەگەڵ تورکیا کاریگەریی مەیدانییان هەیە. چونکە حکومەت و ئۆپۆزسیۆنی سووریا بە جیا هاوپەیمانی ئەو وڵاتانەن. ئەمریکا هیچ بەشدارییەکی لە ڕۆژئاوای سووریا نییە کە زۆربەی دانیشتوانی سووریا لەوێ دەژین. لەبەرئەوە ئەمریکا نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بە سووریا دابنێت.

**ڕووداو: سووریا زۆر ڕەق بوو لە دانوستاندنەکانی پێشتریدا لەگەڵ کورد. ئەمریکاش پشتیوانی لەو دانوستاندنە نەکرد. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دوای ئەوەی سەردانی هەولێری کرد، دەستیکرد بە هەوڵدان بۆ دانوستاندن لەنێوان کوردی سووریا و دیمەشق. پێتوایە باشە کورد ئەو دانوستاندنە بەهەر نرخێک بێت سەریخەن؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بەڵێ بە ڕای من ئەمە بابەتێکی بە پەلەیە بۆ کوردی سووریا. کاتی زۆریان نییە و پێویستە بەپەلە دەست بە دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق بکەن. ئەگەر لێم قبوڵ بکەن،

پێشنیازێکی دیکەشم هەیە بۆ هاوڕێیانی کوردم لە ڕۆژهەڵاتی سووریا، پەیوەندی بکەن بە حکومەتی ئێرانەوە.

**ڕووداو: کەواتە ئیتر دەست لە ئەمریکا بشۆن، ئەمریکا لە ناوچەکە هێز و کاریگەرییەکی نەما..**

**ڕۆبەرت فۆرد:** بۆچوونی من ئەوەیە دەبێ گفتوگۆیان لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام بێت، بێگومان، بەڵام پێشموایە شتێکی گرنگە بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات و سەرکردە سیاسییەکانی کە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو دەوڵەت و حکومەتە کاریگەرەکان بکەن.

**ڕووداو: ئایا ئەو هێرشەی تورکیا چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان. لەو باوەڕەدای کە مەترسییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر بوون و هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەدرێت؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** باوەڕ ناکەم ئەنقەرە شەڕ لە

> **ئەگەر تورکیا بەشێوەیەکی بەرچاو مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکات واشنتن وەدەنگدێت**

دژی هەولێر ڕابگەیەنێت، نەخێر. بەڵام پێموایە هەولێر خەمی ئەوەیەتی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە لە ڕۆژهەڵاتی سووریاوە ڕوو بکەنە کوردستانی عێراق.

**ڕووداو: میدیای ئیسرائیلی زۆر بە فراوانی هێرش دەکاتە سەر هەڵکردنی چرای سەوز لەلایەن ترەمپەوە بۆ هێرشی تورکیا. لەوباوەڕەدای ترەمپ هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت و هێرشەکەی تورکیا لە سنوورێکی دیاریکراودا بوەستێنێ، بەتایبەتی کە لۆبی ئیسرائیلی ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** ڕاستە لۆبی ئیسرائیل لە ئەمریکا زۆر بەهێزە. بەڵام ترەمپ بنکەیەکی جەماوەریی تایبەتی هەیە لە ئەمریکا، بنکە جەماوەرییەکەشی زۆر وەفادارە. وای نابینم لۆبی ئیسرائیل بتوانێ بۆچوونی بنکە جەماوەرییەکەی بگۆڕێت.

**ڕووداو: لەو باوەڕەدای کە ترەمپ هەمان سیاسەتی ئۆباما جێبەجێ دەکات لە کشانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، بەڵام بە سیاسەتێکی ڕۆژانە و بە دەستەواژە و قسەی جیاوازەوە؟**

**ڕۆبەرت فۆرد:** پێموایە گرنگە بینەران و خوێنەرانتان لەوە تێبگەن کە خەڵکی ئەمریکا لە شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ماندوون. عێراق ئەزموونێکی زۆر خراپ بوو بۆ ئەمریکییەکان. ئەزموونی ئەفغانستانیش خراپ بوو. ئەمریکییەکان دەیانەوێ سەربازەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چیدی بەشداری شەڕ نەکەن. دەیانەوێ حکومەتی ئەمریکا چیدی جەخت نەخاتە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکو جەخت بخاتە سەر کێشە نێوخۆییەکانی ئەمریکا.

> **کورد وەک دیارییەک بۆ ئەمریکا شەڕی داعشی نەکرد، بەڵکو بەرژەوەندی لە شەڕەکەدا هەبوو**



## ژاپۆن پێنج ملیار دۆلاری داوەتە عێراق

ڕووداو- هەولێر

ژاپۆن دابینکردنی سیستمێکی ئەمنی پێشکەوتوو لە فڕۆکەخانەکانی عێراق تاوتوێ دەکات. تاوەکو ئێستا بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان پێشکەش کردووە. یۆکا فۆجینۆ، جێگری بەڕێوەبەری بەشی پلان لە فەرمانگەی هاوکاری نێودەوڵەتی لە وەزارەتی دەرەوەی ژاپۆن گوتی "دوای کۆنگرەی کۆمەکبەخشان لە ساڵی 2003 لە شاری مەدرید، ژاپۆن بڕیاریدا بڕی 5 ملیار دۆلار بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەو سەقامگیری عێراق پێشکەش بکات، کە یەک ملیار و 500 ملیۆن دۆلار وەکو هاوکاری و 3 ملیار و 500 ملیۆنیش وەکو قەرز، ئەو بڕەش بەتەواوی پێشکەشی حکومەتی عێراق کراوە".

### بۆ وەگەڕخستنەوەی پرۆژەکانیان مانگێک مۆڵەت دەدرێتە وەبەرهێنەران

# ڕوشدی سەعید داوای پرۆژەی دەشتی بەهەشت دەکاتەوە

پرۆژەی دەشتی بەهەشت بە مەرج دەدەینەوە بە وەبەرهێنەرەکەی

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان



پرۆژەی فلۆریا ستی جارێکی دیکە ڕاگیرایەوە

(فۆتۆ: ڕووداو)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

دەستەی وەبەرهێنان خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوونە. مۆڵەتی یەک مانگیش دەداتە ئەو وەبەرهێنەرانەی کارکردنیان لە پرۆژەکانیان ڕاگرتووە، ئەگەرنا مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە. ڕوشدی سەعیدیش کە فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، داواکاری پێشکەشی دەستەکە کردووە بۆ ئەوەی پرۆژەی دەشتی بەهەشت تەواو بکات.

لە هەولێر بەشێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کێشەیان تێدایە، دەستەی وەبەرهێنانیش بەڵێن دەدات لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا کێشەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان چارەسەر بکات و مافی هاووڵاتیان بگەڕێتەوە.

محەممەد شوکری، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمەڵێک پرۆژە هەن کە تەواونەکراون و کێشەی گەورەیان تێدایە، بەتایبەت پرۆژەکانی وەک دەشتی بەهەشت، وەرین ستی، کانی ئەڵمانی و کۆیە ستی. ئێستا چەند وەبەرهێنەرێک داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ ئەو پرۆژانە. لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا کێشەکانیان چارەسەر دەکرێن".

دەشتی بەهەشت یەکێک بوو لە پرۆژە زەبەلاحەکانی نیشتەجێبوون و زۆرترین ڕیکلامی بۆ کرا، بەڵام وەبەرهێنەرەکە پرۆژەکەی بە نیوەچڵی جێهێشت پاش ئەوەی سکاڵایەکی زۆری لەسەر تۆمار کرا و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو. سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت: "چەند کەسێک داوایان پێشکەش کردووە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی دەشتی بەهەشت، یەکێک لەوانە وەبەرهێنەری پێشووە کە نامەیەکی درێژی بۆ ناردووین و داوا دەکات ڕێگەی پێبدەین خۆی پرۆژەکە تەواو بکات".

د.محەممەد شوکری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بە مەرج پرۆژەکە دەدەنەوە وەبەرهێنەرەکە: "ئێمە جارێ متمانەی پێناکەین، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت پرۆژەکە وەربگرێتەوە کە خیتاب زەمانێک پێشکەش بکات، بایی ئەوە بێت پرۆژەکەی پێ تەواو بکات".

پرۆژەی فلۆریاستی، یەکێکی دیکەیە لە پرۆژە پڕ لە کێشەکان، ئەگەرچی مۆڵەتی پرۆژەکە لە وەبەرهێنەرەکە وەرگیرایەوە و درایە وەبەرهێنەرێکی دیکە، بەڵام دیسان کارکردن لە پرۆژەکە ڕاگیرا. د.محەممەد شوکری دەڵێ: "فلۆریا ستی پێش دەستبەکاربوونی ئێمە دراوە بە وەبەرهێنەرێکی دیکە، بەڵام چەند کێشەیەکی تێدایە کە دەبوو چارەسەر بکرێن. 1552 گرێبەست بە ئاگاداریی

لە سلێمانی مۆڵەتی پرۆژەیەک بە 17 ملیۆن دۆلار فرۆشراوە

پەرلەمانتارێکی کوردستان

دەستەی وەبەرهێنان کراوە، بەڵام 756 گرێبەست لە دەرەوەی وەبەرهێنان لەنێوان خەڵک و وەبەرهێنەری پێشوو کراون. بەپێی ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت، چارەسەری کێشەکانی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەیەک دەبێت کە لە قازانجی هاووڵاتیان بێت. بەزووترین کات کێشەی ئەو پرۆژەیەش چارەسەر دەکەین".

دەستەی وەبەرهێنان ماوەی مانگێک دەداتە وەبەرهێنەران بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژە ڕاگیراوەکان. موخلیس سەلیم، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لە دەستەی وەبەرهێنان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەسەر فەرمانی سەرۆکی دەستە ڕۆژی 2019/10/9 نووسراومان کردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک تا ئاگاداری ئەو وەبەرهێنەرانە بکەنەوە کە مۆڵەتیان وەرگرتووە و دەستبەکار نەبوون، یان ڕێژەی کاری پرۆژەکەیان سفرە، یاخود دوای دەستبەکاربوون پرۆژەکانیان ڕاگرتووە، پێویستە لەماوەی 30 ڕۆژدا دەستبەکار ببنەوە، بەپێچەوانەوە لیستی ئەو پرۆژانەمان بۆ ڕەوانە بکەن کە دوای 30 ڕۆژەکە دەستبەکار نەبوون، ئێمەش مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە و پرۆژەکە دەدەین بە وەبەرهێنەری دیکە".

موخلیس سەلیم ئاشکرای کرد کە تاوەکو ئێستا مۆڵەتی 118 پرۆژەی وەبەرهێنان هەڵوەشێنراونەتەوە کە زۆربەیان لە سێکتەری پیشەسازی بوون. هەندێک لەو پرۆژانە هیچ سوودێکی ئابوورییان نییە، بۆ پرۆژەکانی دیکەش وەبەرهێنەران دەتوانن داواکاری بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان پێشکەش بکەن.

ماوەیەکی زۆرە مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان ڕاگیراوە، موخلیس سەلیم دەڵێت گۆڕانکاری لە پێدانی مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کراوە، پێشتر بە گوێرەی داواکاریی وەبەرهێنەر بوو، بەڵام ئێستا کارەکەیان داوەتە دەست وەزارەتەکان و داوایان لێکردوون پلانی 10 ساڵەی وەبەرهێنانیان بۆ بنێرن، دوای ناردنی پلانەکانیان بە بڕیاری ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان دەست بە مۆڵەتدان بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەکەنەوە.

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە بەدواداچوونی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کردووە، دەڵێت زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون مافی خەڵکی تێدا خوراوە.

ڕزگار حەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "زۆربەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون گەندەڵییان تێداکراوە و مافی خەڵکیان تێدا خوراوە یان کێشەی کواڵیتییان هەیە. بۆ نموونە لە گەرمیان 6 پرۆژەی وەبەرهێنان هەن، لەڕووی کواڵیتی باش نین و بە بەڵگە لەلامانە کە گەندەڵییان تێدا کراوە".

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرای دەکات کە هەندێک لە مۆڵەتەکانی وەبەرهێنان فرۆشراونەتەوە و دەڵێت: "لە گەرمیان وەبەرهێنەر هەیە مۆڵەتی پرۆژەی بە 4 ملیۆن دۆلار فرۆشتووەتەوە، لە سلێمانیش کۆمپانیایەک مۆڵەتی پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی بە 17 ملیۆن دۆلار فرۆشتووەتەوە. هەموو ئەمانەش بە بەڵگەوە دراون بە سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، ئەویش بەڵێنی داوە بەدواداچوون بۆ هەموویان بکات".

دابینکردنی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە ئەستۆی شارەوانیدایە. دەستەی وەبەرهێنان دەیەوێ لەمەودوا خۆی زەوی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دابین بکات. موخلیس سەلیم دەڵێت: "داوا دەکەین چەند زەوییەک لە شارەکان بەناوی دەستەی وەبەرهێنان بکرێ، چونکە پێشتر پرۆژە هەبووە کێشەی خاوەندارێتی لەگەڵ خاوەن زەوییەکان بۆ دروست بووە و ڕۆتیناتی مامەڵەی پرۆژەکانیش زۆر بوون".

### چیدی لە کاتی گۆڕینی گرێبەست پارە وەرناگیرێ

بە بڕیاری دەستەی وەربەرهێنان، چیدی وەبەرهێنەران ناتوانن پارە بەناوی گۆڕینی گرێبەست لە نێوان کڕیارانی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هاووڵاتی وەربگرن. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەپێناوی پاراستنی مافی هاووڵاتی و بەشداربووانی پڕۆژەکان، لە ڕۆژی 8/10/2019 بە نووسراوی فەرمی داوامان لە وەبەرهێنەری هەموو پڕۆژەکان کردووە لە ماوەی 7 ڕۆژدا لەنێو پڕۆژەکانیان تابلۆیەک بە بەرزیی 2 مەتر و پانیی 2.5 مەتر بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەڵبواسن و تێیدا ئاماژە بەوەش بگرێ کە لەکاتی گۆڕینی گرێبەستی شوقە و خانوو، بەهیچ شێوەیەک پارە لە کڕیار وەرناگیرێت، بەپێچەوانەوە لەکاتی وەرگرتنی پارە، ڕێکاری یاسایی لەدژیان دەگرینەبەر".

# کلینێکسی ناوخۆ لە بەرامبەر هاوردەی تورکی و ئێرانی پاشەکشە دەکات



ساڵی ڕابردوو 48 هەزار و 801 تۆن کلینێکس هاوردە کراوە کە بایی 82 ملیۆن و 930 هەزار دۆلار بووە

بەهۆی تێچووی زۆری بەرهەمهێنان ناتوانین ڕکابەریی بەرهەمی هاوردە بکەین

خاوەن کارگەیەک

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی باشبوونی باری ئابووری و هەڵگرتنی بازگەکانی گومرگی نێوان شارەکانی عێراق و کوردستان، هەناردەی بەرهەمی کارگەکانی کلینێکس بۆ شارەکانی عێراق زۆر زیادی کردووە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خواستەش بەشێک لە کارگەکان شفتی کارکردنیان زیاد کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، 11 کارگەی چالاکی بەرهەمهێنانی کلینێکس هەن (پێنج کارگە لە هەولێر، پێنج لە سلێمانی و یەک کارگەش لە دهۆک). ئەگەر ئەم کارگانە بە وزەی تەواو کاربکەن، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 50 هەزار تۆن، بەڵام ئێستا بە وزەی کەمتر کاردەکەن و ساڵانە نزیکەی 35 هەزار تۆن کلینێکس بەرهەم دەهێنن، بەشی زۆریشی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن.

کارگەی سانیتا، یەکێکە لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی کلینێکس لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2009 لە هەولێر دامەزراوە. توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی 20 هەزار تۆنە، بەڵام بەهۆی زۆریی بەرهەمی هاوردە ئێستا بە وزەی 50% کاردەکات و 85%ی بەرهەمەکەی لە شارەکانی عێراق دەفرۆشێت.

جۆزێف ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەکە دەڵێت: "عێراق بازاڕێکی گەرمە بۆ فرۆشتنی کلینێکس، ژمارەیەکی باشی کارگەش هەن کە دەتوانن کلینێکس بەهەموو جۆرەکانی دابین بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە بەرهەمی خۆماڵی ناکرێت و سنوورەکان لە بەردەم بەرهەمی هاوردە واڵا کراون، کۆمپانیا ئێرانی و تورکییەکان بازاڕیان کۆنترۆڵ کردووە".

بە گوتەی جۆزێف، ئەوان ناتوانن ڕکابەری بەرهەمی هاوردە بکەن، چونکە تێچووی بەرهەمهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر بەرزە، ئەویش بەهۆی گرانیی دەستی کار و گرانیی نرخی کارەبا و ڕەسمی گومرگی. ئەو دەڵێت: "بۆ تۆنێک هاوردەکردنی کەرەستەی خاو 1400 دۆلارمان لێوەردەگرن، ئەمەش نزیکە لە گومرگی هاوردەی بەرهەمی ئامادەکراو، بۆیە ناتوانین لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکەین".

ساڵانە لە کوردستان 23 هەزار تۆن کلینێکس بەکاردەهێنرێ

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، ساڵی ڕابردوو 48 هەزار و 801 تۆن کلینێکس (بە هەموو جۆرەکانی) هاوردە کراوە کە بایی 82 ملیۆن و 930 هەزار دۆلار بووە.

بازرگانانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە 14 وڵاتەوە کلینێکس هاوردە دەکەن، بەڵام نزیکەی 92%ی لە تورکیا، ئێران، ئوردن، ئیمارات و میسرەوە هاوردە دەکەن.

جۆزێف ئیبراهیم دەڵێت: "بۆ ڕێگری لە چوونە دەرەوەی ئەم پارەیە، ئەگەر حکومەت لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا کەمێک ڕەسمی گومرگی سەر هاوردە زیاد بکات و ڕەسمی گومرگی سەر کەرەستەی خاو کەمبکرێتەوە و نرخی کارەبا دابەزێنێ، کارگەکان وزەی بەرهەمهێنانیان زیاد دەکەن و بەدەیان کارگەی دیکەش دادەمەزرێن، ئەو کات وردە وردە پێویستمان بە هاوردەکردن نامێنێ".

جۆزێف ئیبراهیم، نموونە بە زیادبوونی فرۆشی کارگەکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت: "ئەمساڵ بەهۆی لابردنی بازگەکانی گومرگ لە نێوان شارەکانی عێراق و کوردستان، فرۆشمان لە عێراق 20% زیاد بووە".

جگە لە دوو کارگە کە مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانیان هەیە، نزیکەی 15 کارگەی دیکەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازیی پارێزگاکان مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام ئێستا تەنیا نۆ کارگەیان کار دەکەن.

کارگەی فاتن کە مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنانی هەیە، لە ناوچەی عەربەتی سلێمانی بە تێچووی ملیۆنێک و 308 هەزار دۆلار دامەزراوە، بەڵام تەنیا شەش مانگ کاری کردووە و داخراوە.

مەحمود حەمەساڵح، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەکە دەڵێت: "شەش مانگ کارمانکرد، فرۆشیشمان باش بوو، بەڵام لە نرخدا نەمانتوانی کێبڕکێی کلینێکسی هاوردە بکەین، بۆیە کارگەکەمان داخست".

ئەو پێیوایە دوو ڕێگەیان هەیە بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگەکەیان، ڕێگەی یەکەمیان ئەوەیە کە حکومەت لە پێدانی کارەبا بە نرخێکی هەرزان و کەمکردنەوەی ڕەسمی گومرگی لەسەر کەرەستەی خاو پشتگیرییان بکات، ڕێگەی دووەمیش ئەوەیە کە "فێڵ" بکەن و کواڵیتی بەرهەمەکەیان دابەزێنن.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ساڵی ڕابردوو نزیکەی 60 هەزار تۆن کلینێکس بەشێوەی ڕۆڵەی گەورە لەلایەن کارگەکانی ناوخۆوە هاوردە کراوە کە 58 هەزار تۆن کلینێکسی لێ بەرهەم دێت، بەو پێیەش ساڵی ڕابردوو، بە بەرهەمی خۆماڵی و بیانی 107 هەزار تۆن بەکارهێنراوە کە 54%ی بەرهەمی کارگەکانی ناوخۆ بووە و 64%ی ئەم بەرهەمەش هی کارگەکانی کوردستان بووە.

کارگەکانی کوردستان بەتایبەت کارگە گەورە و مامناوەندەکان، بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن، بەڵام کارگەش هەن وەکو کارگەی سازان بە پلە یەک پشت بە بازاڕەکانی کوردستان دەبەستێ و 70%ی بەرهەمەکانی تێدا ساخ دەکاتەوە.

سەردار محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی سازان، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە ساڵی ڕابردووەوە فرۆشمان باش بووە، بۆ وەڵامدانەوەی خواستی بازاڕ ڕۆژانە 12 کاژێر کاردەکەین، مانگانە 150 تۆن کلینێکس دەخەینە بازاڕەوە، 30%ی بەرهەمەکەمان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین".

مستەفا زوبێر، سەرپەرشتیاری کارگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەڵگرتنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشی کارگەکانی کلینێکس 30% زیاد بووە".

مستەفا زوبێر ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان ئاگادارن ڕەسمی گومرگی لەسەر کەرەستەی خاو زۆرە، ئەمەش گرفتی بۆ بەرهەمی خۆماڵی دروستکردووە، بۆیە هەوڵدەدەن ئەو گرفتە چارەسەر بکەن.

### هەر تاکێک ساڵانە چەند کلینێکس بەکاردێنێ؟

ستانداردێکی جیهانی بۆ پێویستیی ساڵانەی تاک بۆ کلینێکس نییە، تاکی هەر وڵاتێک بەپێی ئاستی داهات و دابونەریت کلینێکس بەکاردەبەن، بۆ نموونە رووسی ساڵانە چوار کیلۆ، جۆرجی دوو کیلۆ بەکاردەبات، بەڵام تاکی ئەمەریکی سەرووی 30 کیلۆ بەکاردەهێنن. تێکڕای مامناوەندی بەکارهێنان 4 بۆ 5 کیلۆیە. لەسەر بنەمای هاوردە و بەرهەمی ناوخۆ، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بۆ هەر تاکێک لە عێراق 2.8 کیلۆ و بۆ کوردستانیش 4 کیلۆگرامی دیاری کردووە. بەو پێوەرە بێت ساڵانە عێراق پێویستی بە نزیکەی 90 هەزار تۆن و هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە 23 هەزار تۆن کلینێکس هەیە.

## نرخەکانی نەوت دەرخەری ئەو راستییەن

# قەیرانێکی نوێی دارایی نزیکە



یادگار سدیق

پێشبینیی ئابووری کارێکی هەروا سانا نییە، پێویستی بە رێگە و شێوازی جیاواز و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە هەیە، بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامێکی دروست. ئابووری یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە لە کاتی پێشبینیی ئابووریدا دەبێت سەرجەم هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان رەچاو بکەین، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پێشبینیە ئابوورییەکانیش راست و دروست نەبن، ئەوە دەتوانرێ بایی ئەوەندە کاریگەری هەبێ لە کاتی سەرهەڵدانی قەیراندا زیانێکی زۆرمان بەرنەکەوێ.

لە رۆژگاری ئەمرۆدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکان هیچ سەرمایەیەک ناخەنەگەڕ، تاوەکو هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ئابووری نەکەن و ئاسایشی ناوچەکە بۆ سەرمایەی بەگەڕخراویان هەڵنەسەنگێنن، بە تایبەتی لە کەرتی وزەدا، چونکە ئەو کەرتە تا دەگاتە قۆناغی بەرهەم پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەکانی تایبەت بەم کەرتە پێویستیان بە سەرمایەیەکی قەبە هەیە، بۆیە یەکێک لە جوڵێنەرە گرنگەکانی پیشەسازیی نەوت و گاز لە جیهاندا پێشبینیی ئابوورییە.

لە ماوەی رابردوودا و بە رۆژگاری ئەمڕۆشەوە، کە خەمڵاندن بۆ قەبارەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتیی ناوچەیەک دەکرێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوە دامەزراوە خۆجێییەکان نین کە ئەو کارە دەکەن، بەڵکو دامەزراوە جیهانییەکانی پاڵپشتیکراو لەلایەن وڵاتە پێشکەوتووەکانن، چونکە ئەو وڵاتانە لە رێگەی خەمڵاندنی یەدەگی نەوتی جیهانەوە پلانی ستراتیژی بۆ ئابووریی وڵاتەکانیان لە بواری نەوت و گازدا دادەڕێژن. بەهەمانشێوە کۆمپانیا گەورەکان لە رێگەی توێژینەوەی ورد لەسەر بواری وزە، سەرمایەکانیان دەخەنەگەڕ.

هەنووکە، یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ئابووریی جیهان، دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانێکی گەورەی داراییە هاوشێوەی قەیرانەکەی دەیەی رابردوو کە دەشێت دووبارە نەرێنیتر لە قەیرانی دە ساڵی رابردووی جیهان و قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی 2014 پلان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت، بەڵام بۆچی حکومەت ناتوانێت لە نێو پلانەکانیدا پێشبینی سوورە ئابوورییەکان بکات؟ ئەمە دەرخەری لاوازیی پێشبینییە ئابوورییەکانە لە نێو پلانەکاندا، تەنانەت کۆمپانیاکانی جیهان کاتێک پێشبینی نرخی نەوت دەکەن، لە هەمانکاتدا جێگرەوەش بۆ نەوت دادەنێن! تاوەکو لە کاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە تێچووی بەرز خۆیان بپارێزن.

بەپێی بنەما ئابوورییەکان لە سووڕی ئابووریدا، هەر بووژانەوە و هەڵکشانێک لە هەر کەرت و نرخی شمەکێکدا، ئەوە چاوەڕێی دووبارە داکشانەوەی نرخ و سستبوونەوەی کەرتەکە دەکرێت، بەڵام وردتر لەمە زانینی کاتی دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانی داراییە، ئەمەش لەرێگەی خوێندنەوەی جیاوازەوە دەکرێت.

بۆ ئابوورییەکی وەک کوردستان کە پشکی گەورەی داهاتەکەی لەسەر نەوتە، هەر قەیرانێکی دارایی دەتوانێت دووچاری قەیرانێکی سەختی دارایی بکات، بەڵام ئایا ئێمە ناتوانین پێشبینی هەڵبەز و دابەزینەکانی نرخی نەوت و ئابووریی جیهان بکەین کە رۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە نێو پلانەکانی حکومەتدا؟

لە تشرینی یەکەمی رابردوو، لە ژمارە 530ی هەفتەنامەی (رووداو)دا بابەتێکمان بە مانشێتی "قەیرانێکی جیهانیی دیکەی ئابووری بەڕێوەیە" بڵاوبووەوە، ئەوکات نرخەکانی نەوت لە ئاستەکانی 85 دۆلار مامەڵەیان پێوە دەکرا، بازاڕەکانی وزە چاوەڕێبوون بەهۆی سەپاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە 90 دۆلار، ئێمە لە وتارەکەدا ئاماژەمان بە دووبارە داکەوتنی نرخی نەوت و سستبوونی گەشەی ئابووریی جیهان دابوو، ئەویش لە رێگەی خوێندنەوەی بازاڕی وزە لە روانگەی بازاڕی پشکەکانەوە. دوای ئەوە ماوەیە خێرا کەوتنی بازاڕی پشکەکانی لێکەوتەوە، هەرچەندە دواتر دووبارە روویان لە بەرزبوونەوە کردەوە، ئەمەش بەهۆی کەمکردنەوەی رێژەی سووی بانکی، بەڵام نرخی نەوت نەیتوانی ئەم ئاستە بەخۆیەوە ببینێتەوە، ئەمەش بەهۆی بەردەوامیی گوشارەکان لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان و پێشبینیەکان بۆ سستبوونی گەشەی خواست لەسەر نەوتی خاو. نرخەکانی نەوت دەرخەری ئەو راستییەن کە قەیرانێکی نوێی دارایی نزیکە. ئەمە بەو واتایەی لە روانگەی جیاوازە دەشێت پێشبینی ئابووریی جیهان بکەین کە پێویستە حکومەتی کوردستان لە رێگەی راوێژکارە ئابوورییەکان، هەوڵی سەرپێخستنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و پێشبینی ئابووری بدات و پاڵپشتی دامەزراوەکانی تایبەت بە پێشبینیە ئابوورییەکان بکات، حکومەت دەتوانێت لە رێگەی ئەم پێشبینیانەوە پلان بۆ داهاتوو دابنێ، ئەو ناوەندانە ببنە سەنتەرێکی گرنگ بۆ توێژینەوە هەمەلایەنەکانی ئابووری، چونکە دامەزراوەکان دەتوانن رێنمایی جیاواز پێشکەش بکەن و سیاسەتی ئابووری دادەڕێژن و پرۆژەی جیاوازی ئابووری دەخەنەڕوو. بۆ نموونە راوێژکارەکانی ئابووری لە کۆشکی سپی لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، پێشنیازی کەمکردنەوەی باجیان خستە بەردەم سەرۆکی ئەو وڵاتە کە کۆتایی بە پاشەکشەی ئابووری هێنا و بووە هۆی بووژانەوەی ئابووریی ئەمریکا.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی کابینەی نوێی حکومەت ئەوەیە کە پێویستە کار بۆ دامەزراندنی دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە لە دەرەوەی وڵات بکات، بە ئامانجی پێشبینیکردنی رووداوەکان و گۆڕانکارییە هەرێمییەکان و ناوچەییەکان کە دەشێت کاریگەری گەورە لەسەر کوردستان جێبهێڵن، بۆ نموونە هاتنی داعش بۆ عێراق و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دواتریش ئەو بارودۆخەی ئێستا لە رۆژئاڤا دەگوزەرێت کە دەشێت لە چەندین لایەنەوە کاریگەری لەسەر کوردستان هەبێ، لەوانەش بە بازاڕکردنی نەوتی کوردستان. یەکێک لە پرسە گرنگەکانی هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان پەیوەندیدارە بە وزە، چونکە 90ی نەوتی سووریا دەکەوێتە رۆژئاڤای کوردستان.

گرنگە لەو کاتەدا ئابووریناسان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، شرۆڤە بۆ پێشهاتە نوێیەکانی رۆژئاڤای کوردستان بکەن، دواتر حکومەت لەسەر بنەمای دەرئەنجامی شرۆڤەکان، پلان بۆ داهاتوو دابنێ، بە تایبەتی بۆ کەرتی وزە کە ئێستا کۆمپانیاکان خەریکن هەوڵی زیادکردنی بەرهەم دەدەن.



هەنووکە یەکێ لە پرسە گرنگەکانی ئابووریی جیهان، دووبارە سەرهەڵدانەوەی قەیرانێکی گەورەی داراییە هاوشێوەی قەیرانەکەی دەیەی رابردوو

## بەهۆی سزاکانی ئەمریکا

# کۆمپانیا چینییەکان بیر لە دەرچوون لە ئێران دەکەنەوە

رووداو- هەولێر

هەفتەی رابردوو، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین (CNPC) رایگەیاند کە چیدی لە گەورەترین پرۆژەی غازی سروشتیدا هاوبەشی ئێران نابێ. وەزارەتی نەوتی ئێرانیش دەڵێت خۆیان بە تەنیا فازی یانزدەیەمی پرۆژەی کێڵگەی پارسی باشوور جێبەجێ دەکەن. سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوت و پیشەسازیی ئێران، هۆکاری کشانەوەی کۆمپانیا چینییەکەن.

کۆمپانیا چینییەکە تاکە کۆمپانیای نێودەوڵەتی بوو کە لەگەڵ پرۆژەکەدا مابێ، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ساڵی رابردوو لە ترسی سزاکانی ئەمریکا لە پرۆژەکە کشایەوە. فازی 11 پرۆژەیەکی گەورەیە لە پرۆژەی غازی پارسدا کە ئێران دوای رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ کۆمەڵەی 1+5 ، بە کردەوە دەستپێکرد.

ئێران لە ساڵی 2015 لەگەڵ پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا رێککەوتنی ئەتۆمی واژۆ کرد، لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنەدا ئێران دەبووایە واز لە بەشە سەربازییەکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێ و لە بەرامبەریشدا سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر لادرا.

ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە ئایاری 2018 کشانەوەی وڵاتەکەی لەو رێککەوتنە راگەیاند و جارێکی دیکە سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە. ئەو سزایانە دەستی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران بەستەوە.

تاران لە تەمووزی 2017 گرێبەستی فازی 11ی کێڵگەی پارسی باشووری بە کۆمپانیاکانی تۆتاڵ، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چین و پێترۆپارسی ئێرانی بەخشی. تۆتاڵ کە لە ئابی 2018 لە رێککەوتنەکە کشایەوە، 50.1٪ی پشکی لە پرۆژەکەدا هەبوو، کۆمپانیا چینییەکە 30٪ و پێترۆپارس 19.9٪ی پشکەکانی لە پرۆژەکەدا هەبوو.

هەفتەی پێشوو، بیژەن زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران، رایگەیاند کە کۆمپانیای پێترۆپارس هەموو پرۆژەکە دەگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا پێشتر ئامانجیان ئەوە بوو "پێترۆپارس لە کۆمپانیاکانی دیکە فێر ببێ". بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، تاران ئاواتەخواز بوو کۆمپانیا حکومییە چینییەکە بە تەواوەتی شوێنی کۆمپانیا فەرەنسییەکەش بگرێتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، ئامانج لە فازی 11 دابینکردنی غازی پێویست بوو بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای ئێران، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیا چینییەکە دەڵێن بەهۆی گوشارەکانی ئەمریکاوە ناتوانن رێگەیەک بۆ گواستنەوەی پارە بۆ پڕۆژە ئێرانییەکە بدۆزنەوە. بانکی کونلون کە بانکی کۆمپانیای (CNPC)یە، بە هاوبەشەکانی گوتووە چیدی ناتوانێ کاری بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیا و بانکەکانی ئێراندا بکات، هەرچەند لە لێدوانە ئاشکراکانیاندا باس لە درێژەدان بە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاران دەکەن.

بڕیار وابوو فازی 11 هەتا مانگی ئاداری 2020 رۆژانە 500 ملیۆن پێ سێجا غاز بەرهەمبێنێ. زەنگەنە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پڕۆژەکە خێراتر لە ئاستی خۆی بەرەو پێش دەچێ. کۆمپانیای تۆتاڵ لە 2017 رایگەیاندبوو کە پڕۆژەکە لە 2012 دەستبەکار دەبێ.

بە گوێرەی راپۆرتێکی تۆڕی میدیایی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، کۆمپانیا چینییەکە چەند مانگێکە دوودڵە لە بەردەوامبوون لە پڕۆژەکە، هەتا مانگی ئابی ئەمساڵیش لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران خەریکی دانوستاندن بووە.

چین دوایین کڕیاری سەرەکی و ئاشکرای نەوتی ئێرانە. بەو حاڵەشەوە وەک لە راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)دا هاتووە، بەیجینگ لە نێوان مانگەکانی ئایار بۆ تەمووزی ئەمساڵ 233 هەزار بەرمیل نەوتی لە ئێران هاوردە کردووە، واتە 30٪ی ئەو نەوتەی کە چین پێش سزاکانی ئەمریکا لە تارانی دەکڕی.

بەپێی داتا بازرگانییەکانی چین، قەبارەی بازرگانیی نێوان تاران و بەیجینگیش دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بە جۆرێک قەبارەی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ کەمتر لە دوو ملیار بووە، لە کاتێکدا لە تەمووزی 2018، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییان 3.5 ملیار دۆلار بوو.

لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ، وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای نوێی بەسەر ئەو لایەنە چینییانەدا سەپاند کە درێژەیان بە کاری بازرگانی لەگەڵ ئێران داوە. دوو لەو کۆمپانیایانەش کونلون شیپینگ و کونلون هۆڵدینگن، کە هەردووکیان سەر بە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی چینن. هەردوو کۆمپانیاکە تۆمەتبارن بەوەی نەوتی ئێرانیان گواستووەتەوە.

کۆمپانیا چینییەکان ئێستا بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن، بە تایبەتیش دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی مانگی رابردوو، گرژییەکانی تاران لەگەڵ سعودیە و واشنتن پەرەیان سەند، کاتێک دامەزراوە نەوتییەکانی ئارامکۆی سعودی کرانە ئامانجی هێرشی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. ئەمریکا و سعودیە پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران درێژ دەکەن، بەڵام ئێران رەتیدەکاتەوە دەستی لەو هێرشانەدا هەبووبێ.

بەرپرسانی کۆمپانیای نەوت و بەرهەمە کیمیاییەکانی چین (ناسراو بە سینۆپێک) بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە کە رێککەوتنی ئەوان لەگەڵ ئێران دەکرێ قوربانییەکی دیکەی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بێ. کۆمپانیا چینییەکە لە کانوونی دووەمی 2019 رایگەیاند کە خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ ئەوەی لە قۆناغی دواتری پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی یاداوەراندا بەشدار بن کە کۆی وەبەرهێنانی کۆمپانیا چینییەکە تێیدا سێ ملیار دۆلارە.

پێشتر بڕیار وابوو سینۆپێک بە نەوت هەقدەستی خۆی وەربگرێ، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیاکە دەڵێن دوای ئەوەی ئەمریکا سزای بەسەر هەموو جۆرە هەناردەیەکی نەوتی ئێراندا سەپاند، دانوستاندنەکانی تاران لەگەڵ کۆمپانیا چینییەکەش راگیران.

راوێژکارێکی کۆمپانیای نەوت و بەرهەمە کیمیاییەکانی چین لە ئێرانەوە بە رۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "هیچکەس نایەوێ لە ئێران بێ، ئێمە خۆمان بۆ ململانێیەکی گەورە ئامادە دەکەین. باشترین شت ئەوەیە خۆمان مات بکەین و ئەوەندەی بۆمان دەکرێ لە ئێران دەربچین".



کۆمپانیای CNPC بەهۆی گوشارەکانی ئەمریکاوە ناتوانێ رێیەک بۆ گواستنەوەی پارە بۆ ئێران بدۆزێتەوە

### کێڵگەی فازی 11ی ئێران:

- لەدوای رێککەوتنە ئەتۆمییەکە کاری تێدا کراوە.
- دوو کۆمپانیای بیانی و کۆمپانیایەکی خۆماڵی کاریان تێدا دەکرد
- کۆمپانیای سینۆپیک و تۆتاڵ لە پرۆژەکە کشاونەتەوە
- پشکی کۆمپانیای تۆتاڵ 50.1%، سینۆپیک 30% و پێترۆپارس 19.1%بوو.
- بڕیار بوو هەتا ئاداری 2020 رۆژانە 500 ملیۆن پێ سێجا غاز بەرهەم بێنێ.
- غازی کێڵگەکە بۆ وێستگەکانی کارەبای ئێرانە.

ژنان
ڕووداو
ژمارە (574) - دووشەممە 2019/10/14



## کچێک بە تاپڕی باوکی، خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2019/10/10 لە تەقتەق کچێکی تەمەن 18 ساڵ بە تاپڕەکەی باوکی، خۆی کوشت. کەسوکارەکەشی دەڵێن نازانن بۆچی خۆی کوشتووە

عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کچێکی 18 ساڵان بەناوی (م.ی) کە قوتابیی پۆلی 12ی ئامادەیی بوو لە تەقتەقی سەر بە شارۆچکەی کۆیە، بە چەکێکی جۆری (تاپڕ) کە هی باوکی بووە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە". بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە گوتیشی: "بەپێی قسەی کەسوکاری کچەکە، ئەوان ئاگاداری ڕووداوەکە نەبوون و نازانن هۆکاری خۆکوشتنی چی بووە، بەڵام پۆلیسی کۆیە پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و تەرمی کچەکەش بردراوە بۆ پزیشکی دادی کۆیە".

# کچێکی 14 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

نانی ئێوارە لەگەڵ دایک و براکەی دەخوات، سفرە کۆدەکرێتەوە. ئیمان بە بێدەنگی دەچێتە ژوورەکەی و بە پەتێک خۆی هەڵدەواسێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

سەعات 8:30ی خولەکی شەوی 2019/10/4 کچێکی تەمەن 14 ساڵ بەناوی (ئیمان،ع) دانیشتووی شاری کۆیە، بە پەت خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند.

عەمید عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پۆلیس لەلایەن برای کچەکەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کرایەوە، دەستبەجێ مەفرەزەیەکی پۆلیس چوونە شوێنی ئەو ماڵە و تەرمەکەیان برد بۆ نەخۆشخانە".

پۆلیس ئیفادەی لە دایک و باوکی کچەکە وەرگرتووە، باوکی کچەکە دەڵێت لە کاتی ڕووداوەکە لە دەوام بووە، بۆیە هیچ لە بارەی خۆخنکاندنی کچەکەی نازانێ. دایکیشی گوتوویەتی لەگەڵ کچەکەی ئێوارە پێکەوە نانیان خواردووە، دواتر کچەکەی چووەتە ژوورەکەی خۆی. دوای سەعاتێک زۆر بانگی کچەکەی کردووە و وەڵامی نەداوەتەوە، کاتێک چووەتە ژوورەکەی، بینیویەتی خۆی هەڵواسیوە.

لە ماوەی ساڵێکدا ئەوە دووەمین کچی ئەو خێزانەیە خۆی دەخنکێنێ، دایکیان دەڵێت: "نازانم کچەکانم بۆچی خۆیان خنکاند".

(س.د) کە کەسێکی نزیکی ماڵی ئیمانە، بە (ڕووداو) ی گوت: "ساڵێک بەر لە ئێستا خوشکێکی ئیمان کە لە ئیمان گەورەتر بوو، بە پەت خۆی هەڵواسی، هەتا ئێستاش نازانین بۆچی خۆی خنکاند".

هێشتا پرسە لە ماڵی ئیمان نەبڕابوو، پرسەی ئیمانیشی هاتە سەر، ئیمانیش وەکو ئایندەی خوشکی لە ماڵەوە بە پەت خۆی هەڵواسی و گرییەکی دیکەی لە دەروونی خێزانەکەیدا جێهێشت. (س) دەڵێت: "ئێستاشی لەگەڵ بێ خێزانی ئایندە نازانن ئایندە بۆچی خۆی خنکاند".

دوای ئایندە، خێزانەکەی زۆر نازی ئیمانیان هەڵدەگرت، چونکە ئیدی ئیمان بووبوو بە کچە تاقانەکەی ماڵ، قەت دڵیان نەدەشکاند. (س) دەڵێت: "ئیمان بەردەوام باسی ئایندەی خوشکی دەکرد و دەیگوت زۆر بیری خوشکەکەم دەکەم".

ئیمان خوێندکاری پۆلی هەشتی بنەڕەتی بوو، بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی قوتابخانە بێتەوە و دەست بە خوێندنی ساڵی نوێ بکات، بەڵام ساڵەکەی تەواو نەکرد.

(س) دەڵێت: "ئەو شەوەی ئیمان خۆی خنکاند، باوکی کە کارمەندی بەرگریی شارستانییە لە دەوام بووە، ئیمان لەگەڵ براکانی و دایکی لە ماڵ بووە، نانی ئێوارەی لەگەڵ دایکی و براکەی خواردووە، دوای ئەوە بە دایکی گوتووە خوێندنم هەیە و دەچم بۆ ژوورەکەم دەخوێنم".

دایکی وادەزانێ کچەکەی لە ژوورەوە دەخوێنێ، بەڵام کاتێک بانگی دەکات و گوێی لە وەڵام نابێ، دەچێتە ژوورەکەی و دەبینێ کچەکەی بە پەت خۆی هەڵواسیوە. کاتێک دایکی ئەو دیمەنە دەبینێ، هاوار دەکات و کوڕەکەی بە دەم هاوارەکەوە دەچێ، ئەوان بەپەلە ئیمان لە پەتەکە دەکەنەوە و پۆلیس و باوکی لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکەنەوە.

(س) دەڵێت: "پێدەچێ خۆخنکاندنی ئایندە زۆر کاری لە ئیمان کردبێ، چونکە دوای ئەو ڕووداوە، وەکو جاران نەمابوو، زۆر بە کەمی تێکەڵی خەڵک دەبوو، زۆربەی کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەر دەبرد. ئەگەر کێشەیەکیشی هەبووبێ بۆ کەسی باس نەکردووە".

ڕائید دانا حاجی، بەرپرسی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە شاری کۆیە بە (ڕووداو) ی گوت: "لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو 4ی ئەم مانگە، ئەوە دووەمین حاڵەتی خۆخنکاندنی ئافرەتانە لە سنوورەکەمان. ئەوەی یەکەمیان لە مانگی شوبات بوو".

گوتیشی: "بەداخەوە ئێستا زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کێشەیان هەیە، لە جیاتی پەنابردن بۆ پۆلیس، پەنا بۆ خۆلەناوبردن دەبەن. لە کاتێکدا ڕەنگە کێشەکەیان زۆر گەورە نەبێ و بە ئاسانی چارەسەر بکرێ". بۆیە ئامۆژگاری ئافرەتانی کێشەدار دەکات کاتێک کێشەیەکیان هەبوو، زوو پۆلیس یان بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان ئاگادار بکەنەوە.



خوشکە گەورەکەشی ساڵێک لەمەوبەر خۆی خنکاند

# "زەواجی موتعە".. هاوسەرگیریی سێبەر لە عێراق

## مەلاکانی بەغدا هاوسەرگیری بۆ کچانی تەمەن 9 ساڵانیش ڕێکدەخەن

**ڕووداو- هەولێر**

ڕوسول لەبیری نەماوە تائێستا چەند جار بە مێرد دراوە و دوایین هاوسەرگیریشی تەنیا سێ کاژێری خایاندبوو. نەهامەتیی ئەو ئافرەتە عێراقییە چیرۆکی هاوبەشی چەندین ئافرەتە کە قسەیان بۆ تۆڕی میدیایی (بی بی سی)ی بەریتانی کردووە. لەو ڕاپۆرتەدا جیهانێکی شاراوە لە بەکارهێنانی کچانی منداڵکار و ئافرەتانی گەنج بەناوی "هاوسەرگیریی چێژ" لە عێراق ئاشکرا دەبێت.

سەردەمانێک ڕوسول پێی سەیر بوو کە دەیبینی کچ و ژنی گەنج بە جلی تەسک و کۆڵێک میکیاجەوە لەگەڵ پیاوانی بە تەمەن دەڕۆیشتن. وەک خۆی بە تۆڕە بەریتانییەکە دەڵێ: "زۆر جوان بوون، تێنەدەگەیشتم بۆچی کچێک دەبێ ئاوها خۆی بفرۆشێت".

ئەوکات ڕوسول و خوشکی لە خێزان دابڕابوون و ڕوسول کاری دەکرد و خەرجییەکانی خۆی و ڕۆڵای خوشکی دابین دەکرد. نەک ئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ پیاوێک پێشنیازی هاوسەرگیریی پێ نەکردبێ، بەڵام ئەو بەڵێنی بە خۆی دابوو، هیچکات بۆ بژێوی پشت بە هیچ پیاوێک نەبەستێت، هەرچەند بەردەوام خەونی بە هاوژینێکی دڵسۆزەوە دەبینی کە خەم لە خۆی و خوشکەکەشی بخوات.

ڕۆژێک پیاوێک لە شوێنی کارەکەی لێی پەیدابوو کە خەمخۆر دیار بوو، ئەوەش هەستێکی لە دڵی ڕوسولدا دروستکرد. دوای چەند هەفتەیەک پیاوەکە پێشنیازی ژیانی هاوبەشی کرد و ڕوسولی بردە نووسینگەی هاوسەگیری لە کازمییە لە باکووری بەغدا. لەوێ مەلایەک لەسەر 250 دۆلار مارەییەکەی بڕی. پیاوەکە دەستی ڕوسولی گرت و بردیە ئاپارتمانێکی نزیک نووسینگەکە.

چەند ڕۆژی یەکەمی پێکەوە ژیانیان وەک لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بوو بۆ ڕوسول. وەک خۆی دەڵێ: "سەرئەنجام هەستمکرد ناکرێ بە تەنیا هەر خۆم خەمی هەموو شتێک بخۆم". بەڵام دوای چەند هەفتەیەک پیاوەکە دیار نەما. ڕوسول کە خوێندەواری نەبوو، نەیدەزانی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیان وادەی کۆتایی لەسەرە، نەیدەزانی ئەو لە "زەواجی موتعە"دا بووە و ماوەی گرێبەستەکەیان تەواو بووە.

ئافرەتەکە تەنیا مەلاکەی بەدەستەوە مابوو بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرێت، بێخەبەر لەوەی مەلاکە خۆی چاوەڕوانی گەڕانەوەی بووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، مەلاکە پێشنیازی پێکردبوو لەسەر "هاوسەرگیریی چێژ" بەردەوام بێ و چەند وێنەیەکیشی لە ڕوسول گرتبوو.

ڕوسول دەیزانی بەو داهاتە کەمەوە ناتوانێ زۆر بەردەوام بێ و لەبەر نەخوێندەوارییەکەی ناتوانێ کاری باشتر بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا بەهۆی لەدەستدانی کچێنییەکەیەوە چانسی ئەوەی زۆر کەم بوو بتوانێ لەگەڵ پیاوێکدا زەماوەندی هەمیشەیی بکات.

ئافرەتەکە بە (بی بی سی) دەڵێ: "شێخ ببووە نێوانگیر، کارێکی پێدام، منیش هیچ ڕێگەیەکی دیکەم لەبەردەم نەبوو. کاتێک شێخ تەلەفۆن دەکات و دەڵێ کەسێکم بۆت دۆزیوەتەوە کە بۆ تۆ گونجاوە، ناتوانم بڵێم نا". هەر "شێخ" خۆیشی دەرمانی ڕێگری لە دووگیانبوونی بۆ دابین دەکات: "ئەمە شتێکی زۆر بەربڵاوە و زۆر کچی وەک من هەن".

مەلاکە پارەکە لە کڕیارەکە وەردەگرێ و پارەی ڕوسولی لێدەدات. ئافرەتەکە دەڵێ ماوەی هاوسەرگیرییەکان دەکرێ لە چەند کاژێرێکی کەم تاوەکو چەند هەفتەیەک بێت.

### نووسینگەی هاوسەرگیری لە کازمییە

کازمییە شوێنی مەزارگەی ئیمام مووسای کازمە کە حەوتەم ئیمامی شیعەی دوانزە ئیمامییە، بۆیەش ساڵانە سەدان هەزار شیعە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق و جیهانەوە ڕووی تێدەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە کە هاوسەرگیریی چێژ ئەوەندە تێیدا بەربڵاوە.

نەوال ئەلمەغافی، ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی (بی بی سی) کە بەدواداچوونەکەی بۆ ئەم ڕاپۆرتە یەک ساڵی خایاندووە، دەڵێت: "کاتێک بە لای عارەبانەکانی بازاڕەکەی دەوروبەری مەزارگەکەدا پیاسەم دەکرد، تێبینی زۆر نووسینگەی هاوسەرگیریم کرد کە لە دەوروبەری مزگەوتەکە کراونەتەوە و مۆڵەتیان پێدراوە هاوسەرگیریی شەرعی ڕێکبخەن، دواتر زانیم هەندێک لە مەلاکان هاوسەرگیریی چێژیش ڕێکدەخەن کە بەگوێرەی یاسای عێراقی نایاساییە".

پەیامنێرێکی نهێنیی (بی بی سی) کە هاوکاری نەوال بووە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ 10 مەلا قسەی کردووە کە هەشتیان دانیان بەوەدا ناوە "هاوسەرگیریی چێژ"یان ڕێکخستووە، دوو کەسیان ئەوەشیان ئاشکرا کردووە کە هاوسەرگیریی چێژیان لەگەڵ کچانی تەمەن نۆ ساڵیش ڕێکخستووە.

### "ئاگاداری پەردەی کچێنی بە"

یەکێک لە مەلاکان بەناوی سەید ڕەعد بە پەیامنێرە نهێنییەکە دەڵێ: "تۆ دەتوانی بۆ ماوەی نیو کاژێر لەگەڵ ئافرەتێکدا هاوسەرگیری بکەیت، هەرکات ماوەکەی تەواو بوو، یەکسەر دەتوانی لەگەڵ دانەیەکی دیکە هاوسەرگیری بکەی". تەنانەت باسی ئەوەش دەکات کە دەتوانێ لە "هۆتێلێکی پلە یەک" سویتێک بۆ پەیامنێرەکە و ئافرەتەکە ڕێکبخات، هەرچەندە بەپێی یاسای مەدەنیی عێراقی، پیاو و ژنێک کە هاوسەرگیرییان نەکردووە ناتوانن یەک ژووری هۆتێلێک بگرن. بەپێی یاسای عێراقی تەمەنی هاوسەرگیری 18 ساڵ و لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا 15 ساڵە.

پەیامنێرەکەی (بی بی سی) وەها دەردەخات کە ئەو کچەی ئەو دەیەوێ هاوسەرگیری چێژی لەگەڵ بکات تەمەنی تەنیا 13 ساڵە، سەید ڕەعد لەگەڵ ئەوەدا کێشەی نییە، تەنیا ئامۆژگاریی دەکات کە ئاگای لە "پەردەی کچێنی"ی کچەکە بێ و لە پشتەوە سێکسی لەگەڵ بکات، ئامادەییشی دەربڕیوە لە ڕێگەی تەلەفۆن و بەبێ بەشداریی ڕاستەوخۆی کچەکە، لە بەرامبەر 200 دۆلار هاوسەرگیرییەکە ڕێکبخات.

سەید ڕەعد ئافرەتێکی دیکە بە پەیامنێرە نهێنییەکە دەناسێنێ کە ئامادەیە بە 300 دۆلار یەک شەو لەگەڵ پەیامنێرەکەدا بمێنێتەوە. کاتێک پەیامنێرەکە ڕەتیدەکاتەوە، سەید ڕەعد دەڵێ: "ڕەنگە ئەو ئافرەتە بتوانێ کچێکم بۆ بدۆزێتەوە کە 14، 15 یان 16 ساڵ تەمەنی بێت. من لەگەڵی دەچم و ئەگەر کچەکە گەنج بوو، ئەوە بۆ تۆی دەهێنم".

### لە یاسا دەترسن

شێخ عیماد ئەلعەسابی، بەنێوبانگترین مەلا لە نووسینگەی هاوسەرگیریی کەربەلا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرچەند هاوسەرگیریی چێژ لە شەرعدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەو خۆی هیچکات هاوسەرگیرییەکی لەو جۆرەی ڕێکنەخستووە، چونکە "تاوانبار بڕیاری بەندکردنی بۆ دەردەچێت، تەنانەت ئەگەر کەسایەتیی ئایینیش بێ".

بەڵام مەلا سەید مستەفا سەلاوی ئامادەیە هاوسەرگیریی چێژ لەنێوان پەیامنێرە نهێنییەکە و کچێکدا ڕێکبخات کە گوایە تەمەنی 12 ساڵە. سەید مستەفا دەڵێ: "لە نۆ ساڵ بۆ سەرەوە هیچ کێشەیەک نابێ. بەپێی شەرع هیچ کێشەی تێدا نییە. چیت پێ خۆشە بیکە".

### هەڵوێستی سیستانی

سەید ڕەعد خۆی بە شوێنکەوتووی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دەزانێت. نووسینگەی سیستانی لە وەڵامی (بی بی سی)دا دەڵێ: "ئەگەر ئەو کارانە وەک ئەوەی ئێوە باسی دەکەن ڕوویدەن، ئەوە ئێمە بە تەواوەتی ئیدانەی دەکەین.. گەورەی ئەو کچانە نابێ بێ ڕەزامەندی کچەکان ڕێگە بە هاوسەرگیری بدەن".

سیستانی لە کتێبی (مناهج الا×الحین) کە 25 ساڵ لەمەوبەر چاپکراوە، دەڵێت ئەگەر کچێکی تەمەن خوار نۆ ساڵ بەڵێنی هاوسەرگیریی هەمیشەیی یان کاتی پێدرا، ڕێگەپێدراوە بە نیازێکی سێکسییەوە بەریەککەوتنی لەگەڵ ڕووبدات. نووسینگەی ئایەتوڵڵا سیستانی لە بەیاننامەیەکدا بۆ (بی بی سی) دەڵێ: "سەردەمەکە گۆڕاوە و ئەوە لە کتێبەکانی ئەم دواییەی مەرجەعیەت لادراوە".

### مەلاکان ئافرەت دەدۆزنەوە

عەلی کە تەمەنی لە چلەکاندایە، یەکێکە لەوانەی مەلاکان بۆ دۆزینەوەی کچ و ژن بۆ هاوسەرگیریی چێژ بەکاردەهێنێ و دەڵێ: "زۆر لە مەلاکان ئەوە دەکەن، بەڵام من خۆم هەر مامەڵە لەگەڵ دوو مەلا دەکەم، چونکە ئەوان ئەوەندە کچەم بۆ دابین دەکەن کە پێویستم پێیانە. مەلاکان ئەلبوومی وێنەیان لەلایە، هەندێکجار چەندین کچ لە نووسینگەکەی دانیشتوون، ئەگەر یەکێک لەوانت بە دڵ بوو دەتوانی بیبەی، ئەگەر بە دڵیشت نەبوون، لە ئەلبوومی وێنەکاندا یەکێک هەڵبژێرە".

عەلی بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێ کە ئەو خۆی کچی 16 بۆ سەرەوەی پێ باشترە، چونکە بە ئەزموونترن و پارەی کەمتر لە کچە کەم تەمەنەکانیان دەوێت. بە گوتەی عەلی، کچانی تەمەن 12 ساڵ "تازەن"، بۆیە گرانترن و بۆ هەر گرێبەستێک دەبێ تاوەکو 800 دۆلار پارە بخەیتە دەستی مەلاکانەوە.

ڕوسول ئەوە بۆ کەناڵە بەریتانییەکە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ: "زۆر مەلا هەن بە دوای کچانی کەمتەمەن و پاکیزەدا دەگەڕێن، چونکە کڕیارێکی زۆر داوایان دەکەن، حەزی زیاتریان لەسەرە و خەڵک پارەی زیاتریان بۆ دەدات. زۆر کچ هەن ئەوەیان بەسەر دێ، ژمارەی ئەو کچانە کەم نین".

### مێزەرێک بۆ هەڵخەڵەتاندن

ڕەعنا لە بیستەکانی تەمەنیدا بوو کاتێک دوای ڕاکردن بۆ بەغدا لە هاوژینەکەی جیابووەوە. ئەوکات چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شارەکەیاندا گرتبوو. ئافرەتەکە لە بەغدا پیاوێکی ناسیبوو کە پێشنیازی هاوسەرگیری پێکردبوو، ئەویش گرێبەستەکەی نەخوێندبووەوە بۆ ئەوەی بزانێ خەریکە دەکەوێتە داوی هاوسەرگیرییەکی کاتییەوە.

ئافرەتەکە بە (بی بی سی) دەڵێ: "سێ لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بەڕێکرد، ئەو داوای خواردنی دەکرد. دڵداری لەگەڵ دەکردم. کاتێک ڕووخاویت و کەسێکی ئاوهات لێ پەیدا دەبێ کە هیوات دەداتێ، ئەوە لات دەبێ بە شتێکی گرانبەها". بەڵام ئەو خۆشییە "گرانبەها"یە لە سێ ڕۆژ زیاتری نەخایاند، پاش ئەوەی هاوژینە کاتییەکەی بردییە بازاڕ و لەناکاو دیار نەما. خێزانی ڕەعناش دوای ئەوەی زانییان کچەکەیان هاوسەرگیریی کاتی کردووە، حاشایان لێکرد.

ڕەعنا دەڵێ: "وا دەرکەوت هەمووی درۆ بووە، لای ئێمە کەسایەتییە ئایینییەکان زۆر تایبەتن، بەڵام دواتر بۆت دەردەکەوێ ئەو پیاوە مێزەر بەسەرە کلاوچییە".

نووسینگەی ئایەتوڵڵا سیستانی بە کەناڵە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە کە هۆکاری ئەو پێشێلکارییانە ئەوەیە یاسا جێبەجێ ناکرێت. گوتەبێژێکی حکومەتی بەغداش دەڵێت حکومەت ناتوانێ هیچ بکات: "ئەگەر ئافرەتەکان خۆیان نەچنە بنکەکانی پۆلیس و سکاڵا لە دژی مەلاکان تۆمار نەکەن".

بەڵام بۆ کەسێکی وەک مونا کە بەهۆی هاوسەرگیریی کاتییەوە پەردەی کچێنی لەدەستداوە و نایەوێ خێزانەکەی بەمە بزانن، سەردانی بنکەی پۆلیس و هەڵڕشتنی داخی دڵی شتێکی مەحاڵە. وەک ڕوسول دەڵێ: "هەر کاتێک کچێک دەستی بەوە کرد، ئەوە ژیانی تێکچووە".



ریم دەڵێت مەلایەک منی لەخۆی مارەکرد، پاشان بە سێ پیاوی دیکەی فرۆشتمەوە

(فۆتۆ: BBC)

> **هاوسەرگیریمان هەیە بۆ نیو سەعات**
> مەلایەک

> **مەلاکان ئەلبوومی وێنەی کچەکانیان لەلایە**
> پیاوێک

> **مەرجەعیەت لە فتوای پێشووی لەبارەی هاوسەرگیری لەگەڵ کچانی تەمەن نۆ ساڵ، پاشگەز بووەتەوە**
> نووسینگەی سیستانی

> **هەر ئەو مەلایەی هاوسەرم بۆ دەدۆزێتەوە، دەرمانی ڕێگری لە دووگیانبوونیشم بۆ پەیدا دەکات**
> ئافرەتێک

> **ئەگەر کچەکان سکاڵا تۆمار نەکەن، ناتوانین هیچ بکەین**
> گوتەبێژێکی حکومەت

### پەردەی مەرگ

لە کۆمەڵگایەکی موحافزکاری وەک عێراقدا، لەدەستدانی پەردەی کچێنی پێش هاوسەرگیری هەڕەشە لەسەر گیانی کچەکان دروستدەکات. ئێستا سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕیوە کە مونا، تەمەن 17 ساڵ، یەکەمجار هاوسەرگیریی چێژی لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەنتردا کرد.
خێزانی مونا تەنگیان بە کچەکەیان هەڵچنیوە بۆئەوەی هاوسەرگیری بکات و موناش لە ترسی نەمانی پەردەی کچێنی نەیدەوێرا قەبووڵی بکات، تەنانەت بیری لە خۆکوشتنیش کردبووەوە. مونا بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "هیچ ڕێگەیەکی دەرچوون شک نابەم، ئەگەر گوشارەکان لەسەرم زیاد بکەن خۆم دەکوژم".
بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە مونا ئێستا لە ماڵەوە ڕایکردووە.



## لە کۆیە گەنجێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی 2019/10/13 لە قەزای کۆیە، گەنجێک بە دەمانچە لە ماڵی خۆیان، گوللەیەکی بەسەر دڵی خۆیەوە نا و، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. عەلی عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کاتژمێر یەکی شەوی 2019/10/13 گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بەناوی (ع.ت.ع) دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی کۆیە لە ماڵی خۆیان بە دەمانچە خۆی کوشتووە". بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە گوتیشی: "بەگوتەی کەسوکاری گەنجەکە هۆکاری خۆکوشتنی نازانن، تیمەکانی پۆلیسیش لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە". بە گوتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، لەم مانگەدا ئەوە سێیەم حاڵەتی خۆکوشتنە لە سنووری قەزاکەیان.

# منداڵێکی 11 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

خێزانەکەی وایاندەزانی یوسف لەگەڵ منداڵانی گەڕەک خەریکی یارییە، بەڵام کاتێک پێیانزانی، یوسف لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیان، بە لەچکی دایکی، خۆی هەڵواسیبوو.

یوسف مەجید، تەمەن 11 ساڵ و دانیشتووی گەڕەکی عەسکەری لە شاری کەرکووک، ئێوارەی ڕۆژی 2019/10/5 لە نێو ماڵەکەیاندا بە لەچکی دایکی، خۆی خنکاند. یوسف، دوو برا و خوشکێکی هەبوو، سێیەم منداڵی خێزانەکەی و قوتابیی پۆلی چواری بنەڕەتی بوو.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی شاری کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی بنکەی پۆلیسی دومیز لە ڕووداوێکی خۆخنکاندن ئاگادار کرانەوە، دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کرد".

پۆلیس ئیفادەی لە باوکی کوڕەکە وەرگرتووە، باوکی یوسف دەڵێت: "ئێمە ئەوکاتە میوانمان هەبوو. کە میوانەکان ڕۆیشتن پرسیم: کوا یوسف؟ دایکی گوتی لە دەرەوەیە. زۆر گەڕاین نەماندۆزییەوە، دایکی چووەتە نهۆمی دووەمی ماڵەکەمان بەدوایدا بگەڕێ، لەناکاو گوێمان لێبوو هاواری کرد یوسف خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنی یوسف، باوکی دەڵێت: "هیچ شتێکی نامۆم لە هەڵسوکەوتی نەبینیوە، بەڵام دڵی بەوە توند بوو کە لە پۆلی چوار لە وانەیەک کەوتبوو، جا نازانم لەبەر ئەوە خۆی خنکاندووە یان نا".

مەجید مستەفا، باوکی یوسف بە (ڕووداو)ی گوت: "کوڕەکەم لە پۆلی چوار لە هەموو وانەکانی زیرەک بوو، تەنیا وانەی ئینگلیزی نەبێت، ڕۆژی 2019/9/26 لەگەڵ خۆم بردم بۆ قوتابخانە و چووین بۆ لای مامۆستاکەی بۆ ئەوەی لەو وانەیە دەریبچوێنێ، بەڵام مامۆستاکەی گوتی نمرەکەی زۆر کەمە و ناتوانم".

باوکی یوسف پەنای بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بردبوو، بەڵام ئەویش گوتبووی نمرەکانی یوسف لە وانەی ئینگلیزی هێندە کەمن، ناتوانن هیچی بۆ بکەن.

وەک باوکی یوسف باسی دەکات، کوڕەکەی ئەو ڕۆژە زۆر بێتاقەت بووە و گوتوویەتی لە هاوڕێکانی دادەبڕێ، ئەویش دڵنەوایی زۆری داوەتەوە.

باوکی باسی ڕۆژی خۆخنکاندنی کوڕەکەی کرد و گوتی: "ئەو ڕۆژە ئێمە میوانمان هەبوو. پێش بانگی شێوان میوانەکانمان ڕۆیشتن. بە دایکی یوسفم گوت کوا یوسف؟ گوتی لە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی یاری دەکات. چووم بانگی بکەم بێتەوە ژوورەوە، بەڵام هاوڕێکانی گوتیان نیو سەعات دەبێ لەلای ئێمە ڕۆیشتووە و هاتووەتەوە ماڵەوە".

ئەوان زۆری نەبرد بە بینینی دیمەنی خۆهەڵواسینی کوڕەکەیان شۆک بوون.

دایکی یوسف دەڵێت: "چووم بۆ نهۆمی سەرەوە، دەرگای ژوورێکم کردەوە کەسی لێنەبوو، ئەوەی دیکەم کردەوە، خوا گیان ئەوەی من بینیم کەس نەیبینێ، کوڕەکەم بە لەچکی من خۆی هەڵواسیبوو. هاوارم کرد، باوکی هات لەچکەکەی لە ملی کردەوە. بینیمان کوڕەکەمان نەماوە".

دایکی یوسف سەری لەوە سوڕماوە کە کوڕەکەی بەو تەمەنە کەمەوە چۆن بیری لەوە کردووەتەوە خۆی بخنکێنێ. دایکی یوسف نازانێ خۆخنکاندنی کوڕەکەی تا چەند پەیوەندی بە دەرنەچوونییەوە هەبووە و دەڵێت: "ڕاستە دەرنەچووبوو، بەڵام ئێمە کەم تا زۆر سەرزەنشتمان نەکردووە، بەڵکو دڵنەوایشمان داوەتەوە".

بەڵام باوکی دەڵێت "تاکە هۆکار کە ئێمە گومانی بۆ ببەین بەو هۆیەوە خۆی خنکاندبێ، دەرنەچوونیەتی لە قوتابخانە".

ئەو ڕۆژەی یوسف خۆی خنکاند، چوارەم ڕۆژی دەوامی بوو لە پۆلی چوار و تازە کتێبی وەرگرتبوو.



دایک و باوکی یوسف دەڵێن کوڕەکەیان لە قوتابخانە دەرنەچووە، بۆیە خۆی خنکاندووە

### خۆخنکاندنی یوسف لە ڕوانگەی دەروونناسێکەوە

هەستیار عەلی، ڕاوێژکاری دەروونی پێیوایە پرۆسەی خوێندن لە عێراق بە جۆرێکە کە قوتابی ڕقی لێی ببێتەوە، بۆیە ئەرکی دایک و باوکانە وا لە منداڵەکانیان بکەن خوێندنیان لەلا شیرین بێ. کاتێک قوتابی لە وانەیەک دەکەوێت یاخود لە پرۆسەی خوێندن سەرکەوتوو نابێت، دەبێت خێزانەکەی و هاوڕێکانی پاڵپشتی بکەن و تێیبگەیەنن کە ئەوە کۆتایی دونیا نییە".

بەتێڕوانینی ئەو ڕاوێژکارە دەروونییە، کاتێک قوتابییەک لە پرۆسەی خوێندن سەرکەوتوو نابێ یان دوادەکەوێ، لەوە دەترسێ هاوڕێکانی گاڵتەی پێ بکەن، یان خێزانەکەی سەرزەنشتی بکەن، بۆیە ڕەنگە پەنا بۆ خۆکوشتن ببات.

# دهۆک.. هەفتانە سێ سکاڵا لەسەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ تۆمار دەکرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

پۆلیسی دهۆک دەڵێت لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 80 سکاڵا لەسەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تۆمارکراون، چەند باندێکیشیان دەستگیر کردووە کە ئەمە کاریان بووە.

لە دهۆک چەند باندێک پەیدا بوون کە لە ڕێگەی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووت، پارە لە خەڵک دەستێنن. کچێکی دانیشتووی دهۆکیش دەڵێت ساڵێک بە دەست هەڕەشەی گەنجێکەوە ناڵاندوویەتی، دواتر لە ڕێگەی تۆمارکردنی سکاڵاوە لە دەستی ڕزگاری بووە.

(د.ن) کچێکی دانیشتووی شاری دهۆکە، دەڵێت ئەوکاتەی لە زانکۆ بووە، زۆر هاوڕێی کوڕی هەبووە. یەکێک لەو کوڕانە زۆر لێی نزیک بووە و دوای دەرچوونیشی لە زانکۆ پەیوەندی لەگەڵی بەردەوام بووە، بەڵام هاوڕێکەی خیانەتی لێکردووە.

(د) بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕۆژێک ئەو هاوڕێیەم تەلەفۆنی بۆ کردم، بایی 2000 دۆلار کاڵای لە کۆمپانیایەک کڕیبوو، پێویستی بە کەفیلێک هەبوو، منیش بووم بە کەفیلی. دوای چەند مانگێک کۆمپانیاکە تەلەفۆنیان کرد و گوتیان هاوڕێکەت قیستەکانی نەداوەتەوە، ناچار من لە جیاتی ئەو قیستەکانم دا".

دوای چەند ڕۆژێک (د) پەیوەندی بە هاوڕێکەیەوە دەکات و داوا پارەکەی دەکاتەوە، بەڵام کاتێک گوێی لە وەڵامی هاوڕێکەی دەبێ، تووشی شۆک دەبێ "وێنەیەکی منی لەگەڵ هاوڕێیەکەم بەڕووتی بۆ ناردم و گوتی پارەکەت نادەمەوە و دەبێ سێکسیشم لەگەڵ بکەی، ئەگینا وێنەکەت بڵاودەکەمەوە".

ئەو کچە دەڵێت ساڵێک لە ژێر هەڕەشەی هاوڕێکەیدا بووە، سەرەتا لە ترسی کەسوکارەکەشی نەیوێراوە سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام دواتر بڕیاری داوە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات. (د) دەڵێت: "پۆلیس گەنجەکەی دەستگیر کرد و منیش لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگارم بوو".

سەرەتای مانگی ڕابردوو پۆلیسی دهۆک دانپێدانانی ژن و پیاوێکی بڵاوکردەوە. ژنەکە تاوەکو کاتی دەستگیرکردنی حەوت گەنجی بۆ شوقە تایبەتەکەی بردووەتەوە و سێکسی لەگەڵ کردوون، دواتریش داوای پارە و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکانی لێکردبوون.

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: ئەو ژن و پیاوە، تۆمەتبارن بەوەی هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاویان لەو گەنجانە کردووە کە بە فێڵ پەلکێشی شوقەیەکیان کردوون".

لە گرتە ڤیدیۆیی دانپێدانانەکەدا کە پۆلیسی دهۆک بڵاوی کردەوە، ژنەکە دان بەوەدا دەنێت کە سێکسی لەگەڵ ئەو گەنجانە کردووە و ئەو پیاوەش هاوکاریی کردووە لە تۆمارکردنی گرتە ڤیدیۆییەکاندا، دواتر هەڕەشەیان لەو گەنجانە کردووە کە ئەگەر بڕە پارەیەکی دیاریکراویان نەدەنێ، ڤیدیۆکانیان بڵاودەکەنەوە.

موقەددەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دیاردەی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆر جار لە ڕێگەیانەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی لێدەکرێ، ڕوو لە زیادبوونە".

موقەددەم ئارام ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی ئاشکرا کرد و گوتی: "تەنیا لەو ماوەیەدا 80 سکاڵا لەسەر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ تۆمار کراون" کە لە هەفتەیەکدا دەکاتە سێ سکاڵا. بە گوتەی ئارام محەممەد، لێپرسینەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کراوە کە هەڕەشەیان کردووە.

موقەدەم ئارام ئاماژەی بەوەدا کە هەندێک لەوانەی سکاڵایان تۆمار کردووە، دەڵێن ساڵێک زیاتر لەژێر هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆدا بوونە. ئافرەتی واش هەبووە زێڕی خۆی فرۆشتووە و داویەتی بە کەسی هەڕەشەکار، بەس بۆ ئەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی بڵاونەکاتەوە.

سەبارەت بەو کەسانەی هەڕەشەیان کردووە، موقەدەم ئارام دەڵێت: "هەمەجۆرن، تەنانەت دوو لەوانە کچ بوون، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو کوڕانەیان دەکرد کە لەگەڵیان ڕابواردوون، ئەوانیش دەستگیرکراون".



پۆلیسی دهۆک ژن و پیاوێکیان دەستگیر کردووە کە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەیان لە حەوت گەنج کردووە

### تۆبە، مۆبایل بەکارناهێنین

لە دهۆک، جگە لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، ڕێکخراوەکانی ئافرەتانیش کار لەسەر ئەو جۆرە کەیسانە دەکەن.

داخاز فەتاح، بەرپرسی سەنتەری نەوا لە دهۆک کە سەنتەرەکەی تایبەتە بە داڵدەدانی ئەو ئافرەتانەی لەژێر هەڕەشەدان. دەڵێت: "زۆربەی ئەو ئافرەتانەی ئێستا لەلای ئێمەن، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و بڵاوبوونەوەی وێنەی ڕووتیان تووشی کێشە بوون". داخاز دەشڵێت: "ئەو ئافرەتانە زۆر پەشیمانن، دەڵێن بەس کێشەکەمان چارەسەر ببێ و لە نێو خێزانەکانمان سەلامەت بین، تۆبە هەتا مردن مۆبایل بەکارناهێنین".

# گەنجێک بە بەنزین خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

دوو جار بەختی خۆی لە ڕێگەی کۆچدا تاقیکردەوە و هەردوو جارەکە شکستی هێنا. ئینجا ڕووی لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر کرد، بەو هۆیەشەوە چوار ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەربرد، دەوروبەرەکەی دەڵێن هیوا دوای تەواوکردنی حوکمەکەی ڕەوشی دەروونیی ناجێگیر بوو، تا گەیشتە ئەوەی بەنزین بەخۆیدا بکات و خۆی بسووتێنێ.

هیوا قادر ڕەسوڵ، تەمەن 29 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ، سەعات 7:30 خولەکی ئێوارەی 2019/10/10 لە حەوشەی ماڵی خۆیاندا بەنزینی بە خۆیدا کرد و ئاگری لە خۆی بەردا. بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر مرد.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادارکرایەوە، دەستبەجێ تیمێکی پۆلیسی بەڵگە و تاوان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەرکەوت کوڕێکی تەمەن 29 ساڵ لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا بەنزینی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو گەنجە، ڕائید شۆڕش گوتی: "تا ئێستا هۆکاری خۆسووتاندنەکەی دیار نییە. بەڵام پۆلیس لە لێکۆڵینەوە بەردەوام دەبێ، تاوەکو هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات".

عوسمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی شەهیدانی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێوارەی ڕۆژی 2019/10/10 برینداریکی سووتاویان هێنایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە، چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا. بەهۆی ئەوەی ڕێژەی سووتانەکەی زۆر بوو، لە 60% زیاتر بوو، بەڕێکرا بۆ سلێمانی، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر گیانی دەرچوو".

هەموو خەونی هیوا ئەوە بووە بگاتە ئەوروپا، لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆری خەرج کرد، بەڵام بە ئاواتەکەی نەگەیشت.

خدر قادر کە برا گەورەی هیوایە، دەڵێت: "هیوا زۆر حەزی لەوە بوو بچێتە ئەوروپا، دوو جار سەفەری کرد، جاری یەکەم لە ساڵی 2007 و جاری دووەمیش لە ساڵی 2010، بەڵام هەر دوو جار لە نێوان تورکیا و یۆنان دەستگیرکرا و دیپۆرتکرایەوە".

خدر ئاماژەی بەوەدا کە ڕەوشی ئابووریی ماڵی باوکیان زۆر خراپ بوو، ئەمەش وای کرد هیوا بەلاڕێدا بچێ. خدر دەڵێت: "هیوا ڕووی لە خواردنی حەبی هۆشبەر کردبوو، لەسەر ئەمە دوو جار دەستگیر کرا، دادگایی کرا و بە چوار ساڵ بەندکردن حوکم درا".

بە گوتەی خدر، براکەی ئەوکاتەی لە زیندان بوو، هەستیان بەوە کردبوو کە باری دەروونیی جێگیر نییە، پاش ئەوەی حوکمەکەشی تەواو کرد، بەرە بەرە باری دەروونی زیاتر تێکدەچوو، چەند جارێکیش داوایان لێکردبوو لەگەڵیان بچێ بۆ لای پزیشکی دەروونی، بەڵام ئەو ڕەتیکردبووەوە.

خدر، ئاماژەی بە حاڵەتی دەروونیی براکەی کرد و گوتی: "ئارامیی نەدەما، هەڵدەچوو، حەبەکانی خوشکەکەمی دەخوارد تا ئارام ببێتەوە. زۆر جار وڕێنەی دەکرد، هەندێکجاریش لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی یان قاقای لێدەدا، بەڵام قەت هەڕەشەی خۆلەناوبردنی نەکردووە و کەسیشی ئازار نەداوە".

خدر باسی ئەو ساتە دەکات کە براکەی، خۆی سووتاندووە و دەڵێت: "ئەو شەوە باوکم و برا و خوشکەکانم هەموویان لە ماڵەوە بوون. هیوا چووەتە دەرەوە و لە حەوشە دەبەیەک بەنزینی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە. بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە، لە نەخۆشخانە هاواری دەکرد پەشیمانم، دووعام بۆ بکەن چاک ببمەوە، بەڵام بەداخەوە بەرەبەیان گیانی سپارد".

خدر پێیوایە تاکە هۆکاری خۆسووتاندنی براکەی "هەژاری بووە".

کەسێکی نزیکی ئەو خێزانە کە ئاگاداری ژیانی هیوا بووە، دەڵێت: "هیوا پێش ئەوەی بچێ بۆ دەرەوە، هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام کە دوو جار ڕۆیشت و نەگەیشتە ئەوروپا، ئیدی هەڵسوکەوتی بە تەواوی گۆڕا، بە جۆرێک تووشی بەکارهێنانی حەبی هۆشبەر بوو. لەسەر ئەمە دەستگیر کرا و حوکم درا".

ئەو کەسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت: "جگە لە هیوا لەو خێزانە کەسی دیکەشیان هەیە باری دەروونیی جێگیر نییە، بەڵام لە هیوا باشترە، چونکە هیوا باری دەروونی زۆر خراپ بوو، وڕێنەی دەکرد، هەندێکجاریش قاقا پێدەکەنی".

بە گوتەی ئەو کەسە، هیوا هەر خەیاڵی لای سەفەرکردن بووە بۆ ئەوروپا، چەند جارێکیش داوای لە باوکی کردووە، بینێرێ بۆ ئەوروپا، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی دەستی کورتە، نەیتوانیوە ئەو خواستەی بهێنێتەدی.

گوتیشی: "ئەو شەوە لەگەڵ باوکی بووەتە دەنگەدەنگیان، پاشان چووەتە حەوشە و بەنزینی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە".



هیوا پێشتر دوو جار هەوڵی دابوو بچێتە ئەوروپا، بەڵام سنووردراش کرابووەوە



گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ..

# پاشماوەکانی داعش لە 11 ناوچەی عێراق ریزەکانیان یەکخستووەتەوە

بەشی چوارەم

ڕووداو- هەولێر

**پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ ڕاپۆرتێکی درێژی لەبارەی گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ مەیدانی شەڕ ئامادە کردووە و (ڕووداو) لێرەدا بە زنجیرە بڵاوی دەکاتەوە. لە زنجیرەی چوارەمی ئەم ڕاپۆرتەدا، ئاماژە بەو شوێنانە دەکرێ کە گومان دەکرێ پاشماوەی چەکدارانی داعشی لێبن.**

## پەرینەوەی دووبارە بەرەو شەڕ و هێرشکردنەوە

داعش لە ئایاری 2017 بۆ شوباتی 2018 دەستی بە هەوڵێکی پچڕپچڕ کرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی شەڕ و هێرشکردن، بۆ ئەو مەبەستەش بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی هەڵوەشاندنەوە و هێز و لایەنگرە سەرسەختەکانی بڵاوەپێکرد.

داعش وایکرد هاوپەیمانان لە دوای شەڕی مووسڵ بەشێوەیەکی خێراتر فۆکەسی خۆیان لە عێراقەوە بگوازنەوە بۆ سووریا، ئەوەش لە کاتێکدا کە ڕێکخراوەکە دەستی لە ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی لە عێراق هەڵگرت و پێش دەستپێکردنی شەڕی ڕەققە لە حوزەیرانی 2017، هەنگاوی هاوشێوەی لە ڕۆژئاوای سووریاش نا. بەو هەنگاوە داعش خۆی لە هەڵمەتی هاوپەیمانان لەدژی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پاراست، ئەوەشی بۆ ئەوە بوو لە ناوچەکانی دیکە هەلومەرجی دەستپێکردنەوەی هێرش برەخسێنێتەوە. بەشێکی زۆر لە هێزەکانی داعش لە ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی

> لە نێوەڕاستی 2017 داعش چەکدار و تەقەمەنی بۆ چیای بادۆش گواستووەتەوە

هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا ڕایانکرد بۆ ئەوەی لە شوێنێکی دیکە گەرای هەڵمەتی گورزوەشاندنی نوێ دابنێن.

بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی ڕاگوزەر، لە زۆر شاری عێراق و سووریا چەکدارانی داعش و خێزانەکانیان لە جیاتی شەڕکردن لەدژی هێزە نەیارەکان، بە خۆڕادەستکردن و پاشەکشێ بڵاویان پێکرا. ئەوەی جێی سەرنج بوو، ئەوەیە داعش خەڵکی مەدەنی ناچار نەکرد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە عێراق بمێننەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەنیازە لەجیاتی درێژەدان بە هەڵمەتی بەرگریی چەند بەرەیی، سوود لە ڕاکردنی هاووڵاتییان ببینێ. شێوازی ئەم بڵاوەپێکردنە ئەوە پیشاندەدات کە داعش زۆر بە ئەنقەست چەکداران و لایەنگرە سەرسەختە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی لە عێراق و سووریا بڵاوەپێکردووە.

## عێراق

پێدەچێ داعش هەوڵی ڕەخساندنی هەلومەرجەکانی قۆناغی ڕاگوزەری بە دەرکردنی چەکدارانی لە مووسڵ دەستپێکردبێ، پێش ئەوەی شارەکە لە تەمموزی 2017 کۆنترۆڵ بکرێتەوە. ئەمریکا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق گەمارۆی مووسڵیان دابوو، بەڵام ڕێگرییان نەکرد لەوەی چەکدارانی داعش بەناو تۆڕی بەربڵاوی تونێلەکاندا ڕابکەن. یەکێک لە فەرماندەکانی دژەتیرۆری عێراق گوتبووی: "وەک ئەوەیە ئێمە لە دوو شەڕدا بین لە دوو شار.. لە کاتێکدا شەڕێک هەیە لەسەر شەقامەکان دەکرێت و لە هەمانکاتیشدا شارێکی بەرفراوانی دیکەش لەژێر زەوی دروستکراوە". لەوانەیە ئەم چەکدارانە لە نزیک مووسڵ چووبنە ژێر زەوی و لە تەلەعفەر یان لە دۆڵی نێوەڕاستی ڕووباری فورات لە سووریا ریزەکانیان یەکخستبێتەوە، یان بۆ حەویجە لە عێراق گوازرابنەوە.

> بە دەستبەسەرکردنی 1400 خێزانی داعش لە کەمپی تلکێف، ناوچەکە بووەتە ناوچەیەکی دیفاکتۆی پشتگیری لە داعش

ماوەیەکی کەم دواتر، داعش دەستی بە بڵاوەپێکردنەوەی ئەو هێزانەی کرد کە لە پاشماوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوون، بۆ ئەوەی دەست بە قۆناغی ڕاگوزەر بەرەو شەڕێکی نوێ بکەن. بەلانیکەمەوە 500 چەکداری داعش و 1400 کەسی مەدەنی تەلەعفەر و ڕۆژئاوای مووسڵیان بەجێهێشت و لە ڕۆژانی 29 بۆ 31ی ئاب خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد. لە ماوەی نێوان ئایار و ئابی 2017، چەکداری زیاتری داعش لەگەڵ 42 هەزار ئاوارەی تەلەعفەر ڕایانکرد. داعش لە شارەکانی دیکەی عێراقیش هەمان کاری دووبارە کردەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، سەدان چەکداری داعش لە ئەیلوولی 2017 سەنگەرەکانیان لە نزیک شرگات لە باشووری مووسڵ چۆڵکردبوو. لە تەمموزی 2017، داعش فەرمانی دابووە فەرماندە لۆکاڵییەکان، حەویجەی باشووری پارێزگای کەرکووک چۆڵ بکەن. دواتر نزیکەی 1000 چەکدار و 7000 کەسی مەدەنی بە فەرمانی والیی داعش لە حەویجە خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد. ئەوانی دیکەش خۆیان تێکەڵی خەڵکی سیڤیل کرد یان بەرەو حەشارگەکانی نزیک ناوچەکە پاشەکشێیان کرد، لەوانەش چیاکانی مەخموور و حەمرین. ڕەنگە چەکدارانی دیکەی داعش و خێزانەکانیان تێکەڵی ئەو خەڵکە ئاوارەیە بووبن کە بۆ پارێزگای کەرکووک گوازراونەتەوە یان ڕوویان لە پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە کردووە.

> پشتێنەکانی باکووری بەغدا بوونەتە حەشارگەی داعش بۆ ئەوەی لەوێ هێزەکانی یەکبخاتەوە

داعش زۆر بە خێرایی پێگەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار ڕادەستکردەوە و لە ماوەی دوو مانگدا، لە ئەیلوول بۆ تشرینی دووەمی 2017 وازی لە سێ شاری سەرەکی هێنا و بەرەو بیابانی جەزیرە پاشەکشێی کرد کە خەڵکێکی کەمی لێبوو. خێرا ڕادەستکردنی ناوچەکان ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە داعش بڕیاری داوە لەجیاتی ئەوەی بەرگری لەو ناوچانە بکات، هێزەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە و بیانکاتە کۆمەڵێک شانەی گورزوەشێن. دوور نییە چەکدارانی داعش و خێزانەکانیان لەگەڵ ئەو 60 هەزار ئاوارەیە کەوتبن کە لەنێوان کانوونی دووەم بۆ تشرینی دووەمی 2017 لە ئەنبارەوە تاوەکو دەگاتە فەللوجە و بەغدا بەرەو ڕۆژهەڵاتی دۆڵی نێوەڕاستی فورات، ڕایانکرد.

پاشماوەکانی داعش لە 11 ناوچەی عێراق ریزەکانیان یەکخستەوە، لەوانەش بیابانە دوورەدەستەکان، ناوچە شاخاوی و گوندنشینەکان

> داعش دەتوانێ چیای مەخموور بۆ ئۆپەراسیۆن بە درێژایی ڕووباری دیجلە بەکاربێنێ

کە تێیاندا خەڵکی ناوچەکە پشتگیری لە داعش دەکەن. ڕەنگە هەندێک لە هێزەکانی داعش بۆ ئەو ناوچانە گوازرابنەوە کە لەڕووی مێژووییەوە ناوچەی پشتگیریی داعشن و هیچکات لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە بە تەواوی پاک نەکراونەتەوە:

### 1 چیای بادۆش:

هێزە ئەمنییەکانی عێراق هیچکات چیای بادۆشیان لە باکووری ڕۆژئاوای مووسڵ پاکنەکردەوە کە پێدەچێ لەکاتی ڕاکردنی پاشماوەی چەکدارانی داعش لە نێوەڕاستی 2017، چەکدار و چەک و تەقەمەنیی ئەو ڕێکخراوەی بۆ گوازرابێتەوە. دوور نییە داعش پێشتریش چەک و کەرەستەی دیکەی بۆ ئەو ناوچەیە گواستبێتەوە، لەوانەش بۆ نێو تونێلەکانی. چیای بادۆش ئەو بنکەیەی داعشە کە لەوێوە دەتوانێ دزە بکاتە نێو شاری مووسڵ و هێز بگوازێتەوە بۆ کوردستانی عێراق. دەشێ داعش ئەم بنکەیە بەکاربێنێ بۆ پەیوەندی لەگەڵ کەمپی ئاوارەکان لە تلکێف و شوێنەکانی دیکەی پارێزگای نەینەوا لە باکووری عێراق.

### 2 تلکێف:

عێراق لانیکەم 1400 هاوژینی چەکدارانی داعش و منداڵەکانیانی لە کەمپی تلکێف لە باکووری مووسڵ دەستبەسەر کردووە، ئەوەش ئەو ناوچەیەی کردووەتە ناوچەیەکی دیفاکتۆی پشتگیری لە داعش.

### 3 دۆڵی ڕووباری دیجلە:

هێزە ئەمنییەکانی عێراق ژمارەیەک گومانلێکراوی داعشیان لە گرتووخانەکانی حەمام عەلیل، گەیارە، شرگات و تکریت بەند کردووە. خەڵکی مەدەنی مووسڵ و تەلەعفەریش لە کەمپەکانی ئاوارەکان بە درێژایی ڕووباری دیجلە لە شوێنی وەک حەمام عەلیل کۆکراونەتەوە. خەڵکی مەدەنیی حەویجەش لە کەمپی ئاوارەکان لە دیوی خوارتری ڕووبارەکە لە تکریت لە جێگیرکراون. ڕەنگە داعش دزەی کردبێتەوە ناو ئەو کەمپانە.

> داعش دەتوانێ لە چیای بادۆشەوە دزە بکاتەوە نێو شاری مووسڵ

### 4 چیای مەخموور:

زنجیرە چیاکانی مەخموور لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ ناوچەیەکی لەبار دەخەنە بەردەستی داعش. ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت و تۆڕی تونێلی تێدایە کە پێدەچێ داعش پێشتر چەک و کەرەستەی دیکەی بۆ گواستبنەوە. جیا لەمە، چیاکانی مەخموور دەکەونە سەر هێڵێکی درێژ لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگە. ئەوەش ناوچەیەکی گرنگە بۆ داعش تاوەکو لەوێوە بەرەو کوردستان جموجوڵ بکات و دەستی بگاتە کەمپی ئاوارەکان لە گەیارە و حەمام عەلیل. بەدەر لەوە، داعش دەتوانێ ئەو ناوچەیە بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆن بە درێژایی ڕووباری دیجلە لە پارێزگای سەلاحەدین بەکاربێنێ.

### 5 سێگۆشەی زێ:

داعش وجودێکی بەهێزی لە ناوچە گوندنشینەکانی حەویجە و داقووق لە باکووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووک هەیە. ئەو ناوچەیە بەرەو چیاکانی مەکحول و بیابانی جەزیرە درێژ دەبێتەوە. ڕێی تێدەچێ داعش پێش بەجێهێشتنی ناوچەکان بۆ هێزە عێراقییەکان لە کۆتاییەکانی 2017، چەک و کەرەستەی لەنێو نونێلەکانی ئەو ناوچەیە دانابێ. پێدەچێ لەنێو ئەو خەڵکەشدا خۆی حەشار دابێ کە لە حەویجەوە بەرەو باشووری کەرکووک ئاوارە بوون. لە کانوونی دووەمی 2018، بەرپرسانی عێراق 235 خێزانی گومانلێکراوی داعشیان ناچار کرد لە کەمپی ئاوارەکانی داقووق نیشتەجێ بن. داعش پشتگیری گوندنشینەکانی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سەرانەوە پارەی پێویست بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دەستبخات و هێرش لە کەرکووک ئەنجام بدات.

> پێدەچێ داعش پێشوەخت چەک و کەرەستەی بۆ چیای مەخموور گواستبێتەوە

### 6 بیابانی جەزیرە:

داعش ئازادانە لە سەرتاسەری بیابانی جەزیرە جموجۆڵ دەکات و کۆمەڵێک ناوچەی بۆ هێرش بەدەستەوە ماوە کە لێیانەوە دەتوانێ هێرش بکاتە سەر شارەکانی ڕووباری دیجلە. دەشێ هێزەکانی داعش کە لە پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژهەڵاتی عێراق کشاونەتەوە بەرەو بیابانی جەزیرە لە باکووری پارێزگاکە، شوێنگۆڕکێیان کردبێت. داعش توانای ئەوەی هەیە لە بیابانەکەدا کاری ترانزیت بکات و کەرەستە و پێداویستی لەنێوان عێراق و سووریادا بگوازێتەوە.

### 7 بیابانی ئەنبار:

داعش لە بیابانی ئەنبار لە باشووری ڕووباری فوراتیش ئازادانە جموجۆڵ دەکات. هێزەکانی داعش کە لەدیوی ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار کشاونەتەوە بەرەو شوێنە پارێزراوەکان لە باشوور ڕایانکردووە. ئەوەش وادەکات دەستی بگاتە شانەکانی و هەموو ئەو هێزانەش کە ڕەنگە خۆیان خزاندبێتە نێو ئەو خەڵکە ئاوارەیەی لە دیوی باشووری ناوچەی فەللوجە نیشتەجێکراون.

### 8 چیای حەمرین:

چیای حەمرین زنجیرە ناوچەیەکی لەبار دەخەنە بەردەستی داعش، بۆ ئەوەی ئەو ڕێکخراوە ناوچەی نفووزی خۆی بپارێزێ و لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی خۆی لە پارێزگاکانی سەلاحەدین و دیالە پێکەوەیان ببەستێتەوە. داعش پێشتر چەک و کەرەستەی دیکەی لە تونێلەکانی ئەو ناوچەیەدا داناوە و سەرکردەکانی ئەو ناوچەیەیان بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی بەکارهێناوە. داعش دەتوانێ لە چیای حەمرینەوە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری دووزخورماتوو ڕێکبخات.

### 9 دۆڵی ڕووباری دیالە:

هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەبێ پشتگیری ئەمریکا، لە کانوونی دووەمی 2015 پارێزگای دیالەیان لە چەکدارانی داعش پاککردووەتەوە، بەڵام داعش کۆمەڵێک تۆڕی بەتوانای لە دۆڵی ڕووباری دیالە هەیە. لە ساڵی 2015ەوە، هەڵمەتێکی خاو، بەڵام بەردەوامی هێرشی لەو

> داعش لەڕێی سەندنی سەرانە لە گوندنشینەکان، توانیویەتی پارە بۆ ئۆپەراسیۆن لە کەرکووک کۆبکاتەوە

ناوچەیەوە دەستپێکردووە، بۆ ئەوەش سەوزایی چڕی ناوچەکەی وەک حەشارگە بەکارهێناوە و بەبێ هیچ ڕێگرییەک لە ناوچە گوندییەکانی نزیک دەریاچەی حەمرین چالاکی دەکات. داعش لە خانەقین لە باکووری پارێزگای دیالەش ناوچەی پشتگیری هەیە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە تەمموزی 2018 و بە چیای حەمریندا هێزی زیاتری لە حەویجەوە بۆ ناو پارێزگای دیالە گواستووەتەوە.

### 10 پشتێنەکانی باکووری بەغدا:

پشتێنەکانی باکووری بەغدا بوونەتە حەشارگەی داعش بۆ ئەوەی لەوێ هێزەکانی یەکبخاتەوە، خۆی لە هێزە ئەمنییەکان لابدات و هەڕەشە لەسەر بەغدا دروستبکات. ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی داعش هەردوو ناوچەی تارمییە و تاجی لەخۆدەگرێت، کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق هیچکات بە تەواوی پاکیان نەکردنەوە. ڕێی تێدەچێ داعش ئەو ناوچەیە بۆ جموجۆڵ لەنێوان پارێزگاکانی ئەنبار و دیالە بەکاربێنێ. هێزە ئەمنییەکانی عێراق ژمارەیەک چەکدار و خێزانی چەکدارانی داعشیان لە گرتووخانەکانی نزیک بەغدا ڕاگرتووە.

### 11 چیای زاگرۆس:

دوور نییە داعش لە زنجیرە چیای زاگرۆس حەشارگەی دروستکردبێت کە لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالەوە بۆ نێو کوردستانی عێراق درێژ دەبێتەوە. بەشێکی زۆر لە سەلەفییە جیهادییەکانی ئەنساری ئیسلام لە 2014 تێکەڵی داعش بوون و ڕەنگە ئەنسار تۆڕەکانی لە کوردستانی عێراق خستبێتە بەردەستی داعش. بەگوێرەی وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێران، لە مانگی ئابی 2016 چەکدارانی داعش لە چیاکانی کوردستانەوە چووبوونە نێو ئێران، بۆ ئەوەی لە حوزەیرانی 2017 هێرشی گەورە بکەن. دوور نییە چەکدارانی داعش بە ناوچەکانی باکووری عێراقدا بڵاوەیان پێکرابێ و چەکدارە کوردەکانی داعش ڕوویان لە ناوچەکانی پشتگیریی ئەو ڕێکخراوە کردبێت. هێزە کوردییەکانی عێراقیش چەکدارە دەستبەسەرەکانی داعشیان بۆ ژمارەیەک گرتووخانە لە هەرێمی کوردستان گواستووەتەوە.

> داعش لە بیابانی ئەنبار ئازادانە جموجوڵ دەکات

> سەرکردەکانی داعش چیای حەمرین بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانیان بەکاردێنن

> داعش کۆمەڵێک تۆڕی بەتوانای لە دۆڵی ڕووباری دیالە هەیە

> دوور نییە داعش لە زنجیرە چیای زاگرۆس حەشارگەی دروستکردبێت

# هەموو شتێک لەبارەی چارەسەری کیمیایی

**رووداو – مێدیکاڵ نیوز**

چارەسەری کیمیایی یەکێکە لە ڕێگەکانی چارەسەرکردنی شێرپەنجە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت خانە شێرپەنجەییەکان لەناوببرێن و مەترسیی سەرهەڵدانەوەشیان کەمدەکاتەوە.

کاتێک کەسێک وەک تووشبووی شێرپەنجە دەستنیشان دەکرێت، پزیشک پلانێکی تایبەتی چارەسەری بۆ دادەنێت، بۆیە لەوانەیە هەم نەشتەرگەری بۆ بکرێت و هەمیش چارەسەری کیمیایی و تیشکی پێبدرێت، کاریگەریی ئەم ڕێگانەش بۆ چاکبوونەوە لە شێرپەنجە پەیوەندی هەیە بەو قۆناغەی کە شێرپەنجەکەی تێدا دەستنیشان دەکرێت.

خانەکانی جەستە بەشێوەیەکی بەردەوام زۆر دەبن، بەڵام ئەم پرۆسەیە کۆنترۆڵکراوە، کاتێک پرۆسەی زۆربوونی خانەکان لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، خانەکان بەشێوەیەکی نائاسایی زۆر دەبن، بۆیە کاتێک کەسێک چارەسەری کیمیایی وەردەگرێت، ئەو چارەسەرە ڕێ لەو زۆربوونە نائاساییە دەگرێت، چارەسەری کیمیایی لەوانەیە تەواوی جەستە یان بەشێکی دیاریکراوی جەستە بگرێتەوە.

چارەسەری کیمیایی ڕێگە لە زۆربوونی خانەکان دەگرێت و هەروەها خانە شێرپەنجەییەکان دەکوژێت، هەندێکجار چارەسەری کیمیایی بەر لە نەشتەرگەری بۆ لابردنی گرێ شێرپەنجەییەکان دەکرێت یان دەکرێت دوای نەشتەرگەری بە نەخۆشەکە بدرێت، ئەمەش بەپێی حاڵەتی نەخۆشەکە دەگۆڕێت.

چارەسەری کیمیایی بێ گرفت نییە، چونکە لەڕێگەی ئەم چارەسەرەوە نەک تەنیا خانە شێرپەنجەییەکان، بەڵکو خانە ساخەکانی جەستەش لەنێودەچن، بۆیە لەوانەیە لەو ماوەیەدا تووشبووەکە تووشی چەندین گرفت ببێت وەک هێڵنج و ڕشانەوە، هەڵوەرینی موو، بێهێزی، هەوکردن، کەمخوێنی، لەدەستدانی ئارەزووی خواردن و دابەزینی کێش.

چارەسەری کیمیایی بە چەند ڕێگەیەک دەدرێتە نەخۆش، بۆ نموونە لەڕێگەی دەم، خوێن یان لەڕێگەی پێستەوە. بەپێی قۆناغی شێرپەنجەکەش ماوەکەی دەگۆڕێت، لەوانەیە یەک ژەمی دەرمان لە ڕۆژێکدا بە نەخۆشەکە بدرێت یان لەوانەیە پێویست بکات زیاتر لەو ژەمە وەربگرێ.





# ئەو پێنج هۆکارەی چاو وشک دەکەنەوە

**رووداو- مایۆکلینیک**

وشکبوونەوەی چاوەکان گرفتێکی بەربڵاوە لەنێو خەڵکیدا، ئەو کاتە ڕوودەدات کە فرمێسک بەپێی پێویست دروست نابێت و ئەمەش کێشە بۆ شێدارکردنی چاو دروست دەکات. ئەو کەسانەی تووشی وشکبوونەوەی چاو دەبن هەست بە نائاسوودەیی دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی فرمێسکڕژێنەکانی چاو فرمێسک دروستدەکەن کە ئەمەش چاو بە تەڕی دەهێڵێتەوە و ڕێگە لە هەوکردنی دەگرێت، چەندین هۆکار هەن کە کار دەکەنە سەر بەرهەمهێنانی فرمێسک.

**هۆکارەکان بریتین لە:**

1- تەمەن: (لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، ئەگەری وشکبوونەوەی چاو زیاتر دەبێت).

2- هەندێک لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەتایبەتی: شەکرە، ڕۆماتیزم، گرفتی ڕژێنی پەریزادە و کەمیی ڤیتامین ئەی.

3- بەکارهێنانی هەندێ دەرمان: دەرمانەکانی دژە هیستامین، هۆرمۆنەکان و دەرمانەکانی دژە خەمۆکی.

4- نەشتەرگەریی چاو بە لەیزەر: بەشێوەیەکی کاتی لەوانەیە ببێتە هۆی وشکبوونەوەی چاو.

5- هەوکردنی فرمێسکڕژێنەکان.

ئەو کەسانەی تووشی ئەم گرفتە دەبن، بەردەوام هەست بە خوران، سووربوونەوە و لێڵبوونی بینایان دەکەن، هەروەها هەست دەکەن کە تەنێکی بێگانە لەنێو چاویاندایە و هەستیاریش دەبن بە سەیرکردنی ڕووناکی.

خانمان زیاتر تووشی وشکبوونی چاو دەبن، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خانمان ماکیاژ دەکەن کە ئەمەش زیاتر وایان لێدەکات لە بارین بۆ تووشبوون بە چەندین گرفتی چاو، بە تایبەتی وشکبوونەوەی چاو، هەروەها ئەوانەی ڕژیمێکی خۆراکیی تەندروستیان نییە و تووشی کەمی ڤیتامینەکان دەبن.

بۆ دووربوون لەم گرفتە، دەبێت لەکاتی سەیرکردنی شاشەکان چاویلکە لە چاو بکەیت، ژینگەیەک هەڵبژێرە کە پلەی گەرمیی گونجاو بێت و فرمێسکڕژێنی دەستکرد بەکاربهێنە.

# پیاوانیش تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن




**رووداو- مێدیکاڵ مێڵس نیوز**

شێرپەنجەی مەمک لە پیاواندا دەگمەنە، بەجۆرێک کە تەنیا 1%ی تووشبووانی شێرپەنجەی مەمک پیاون. بەڵام توێژینەوەکان دەریانخستووە حاڵەتەکانی شێرپەنجەی مەمک لە پیاواندا توندترن، بەو پێیەی کە ئەگەری چاکبوونەوەی پیاوان لە شێرپەنجەکە بەراورد بە خانمان کەمترە. پزیشکان دەڵێن حاڵەتەکانی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک لەنێو پیاواندا لەم دوو سەدەیەی دواییدا زیادی کردووە.

ئەم شێرپەنجەیە زیاتر لەنێو پیاوانی بەتەمەندا ڕوودەدات. هەتا لە قۆناغە بەراییەکانیدا دەستنیشان بکرێت چارەسەرەکەی ئاسانترە. ئێستا لە جیهاندا چارەسەرەکانی شێرپەنجە پێشکەوتوون، بەڵام تاوەکو ئێستاش پزیشکان لەبارەی ئەو ڕێگە چارەسەرییانە بۆ پیاوان دڵنیا نین.

توێژینەوەیەکی پزیشکانی مایۆکلینیک لە ڕۆچێستەر کە لە جۆرناڵی (Cancer) بڵاوکراوەتەوە و لەسەر 10 هەزار پیاوی تووشبووی شێرپەنجەی مەمک لەنێوان ساڵانی 2004-2014 کراوە، دەریخستووە زۆربەی پیاوانی تووشبووی شێرپەنجەکە لە قۆناغێکی درەنگ دەستنیشان دەکرێن و هەر ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی وادەکات چارەسەری شێرپەنجەکەیان زەحمەت بێت.

پزیشکانی مایۆکلینیک هەندێک فاکتەریان دیاری کردووە کە پرۆسەی چارەسەری شێرپەنجەی مەمک لە پیاواندا زەحمەت دەکەن، وەک تەمەن (تاوەکو لە تەمەنێکی درەنگتر دەستنیشان بکرێت مەترسیدارترە)، دەرکەوتووە ئەو پیاوانەی ڕەشپێستن تووشی حاڵەتە سەختەکانی شێرپەنجەکە دەبن، هەروەها یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکان بریتییە لە بوونی نەخۆشییەکی درێژخایەن.

نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمک لە پیاواندا نزیکەی هەمان نیشانەکانی نەخۆشییەکەن لەنێو خانماندا وەک دەرکەوتنی گرێیەک لەنێو مەمک و بنباڵ، گۆڕانی پێستی مەمک و دەرچوونی شلەیەک لە گۆی مەمک.

# ئایا شەکر تووشی شەکرەمان دەکات؟

**رووداو- دایابیتس یوکەی**

شەکرە نەخۆشییەکی درێژخایەنە و چەند جۆرێکی هەن کە بەربڵاوترینیان شەکرەی جۆری یەکەم و شەکرەی جۆری دووەمە. لە شەکرەی جۆری یەکەمدا خانە بەرهەمهێنەرەکانی ئەنسۆلین لەلایەن سیستەمی بەرگریی جەستەوە تێکشکاون، بۆیە لەم جۆرەدا بەهیچ شێوەیەک شەکر نابێتە هۆی تووشبوون بە شەکرە، بەڵام دەبێت لە خواردنی شەکر وریا بین، چونکە زۆر خواردنی شەکر حاڵەتی نەخۆشییەکە توندتر دەکات.

شەکرەی جۆری دووەم: هەرچەندە شەکر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی تووشبوون بەم جۆرەی شەکرە، بەڵام توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەوانەی قەڵەون ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرە زیاترە، شەکریش یەکێکە لە هۆکارەکانی قەڵەوبوون. چەندین توێژینەوە دەریانخستووە ئەو کەسانەی زۆر شەکر دەخۆن، ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرە بەڕێژەی 25% زیاترە.

سەبارەت بە شەکری سروشتیش، پزیشکانی پسپۆڕی خۆراک دەڵێن ئەو شەکرەی لەنێو میوەکاندا هەیە، بەهیچ جۆرێک نابێتە هۆی تووشبوون بە شەکرە، چونکە ئەو جۆرە شەکرەی لەنێو میوەکاندا هەیە لەگەڵ ڕیشاڵ، دژەئۆکسێنەکان و ئاو تێکەڵە و بەهێواشی هەرس دەکرێت و بەمەش نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن.

بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی تووشبوون بە شەکرە بریتین لە قەڵەوی، بۆماوە، تەمەن و شێوازی ژیانی نادروست.

تووشبووانی شەکرە بەردەوام دەپرسن ئایا دەتوانین شەکر بخۆین؟ کاتێک کەسێک تووشی شەکرە دەبێت ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە بە تەواوی واز لە شەکر بهێنێت، بەڵام ئەمە مانا ئەوەش نییە تووشبووەکە زێدەڕۆیی بکات لە خواردنی شەکر، بەڵکو دەبێت ئەمە لە ژێر ڕاوێژی پزیشکێکی پسپۆڕی خۆراکدا بێت.



# گرفتەکانی دوای وازهێنان لە شەکر

**رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی**

بەشێکی زۆری خەڵکی دەیانەوێت واز لە خواردنی شەکر بهێنن، هەرچەندە ئەمە بڕیارێکی دروستە، چونکە زێدەڕۆیی لە خواردنی شەکر دەبێتە هۆی قەڵەوبوون و تووشبوون بە چەندین نەخۆشی درێژخایەن، بەڵام وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە شەکر و هەموو ئەو خۆراکانەی بەشێوەیەکی شاراوە شەکریان تێدایە ئاسان نییە، چونکە لەوانەیە تووشی چەند گرفتێک ببین.

بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشکانی پسپۆڕی خۆراک، دەبێت کەمتر لە 10%ی وزەی ڕۆژانەی جەستە لە شەکر بێت، بەڵام ئێستا ئەو بڕەی کە دەخورێت زیاترە لە سنووری ڕێگەپێدراو. دەستەی پزیشکانی پسپۆڕی دڵ لە ئەمریکا دەریخستووە ڕۆژانە خانمان نابێت زیاتر لە 24 گرام و پیاوان زیاتر لە 36 گرام شەکر بخۆن.

ئەو کەسانەی بڕیار دەدەن واز لە شەکر بهێنن، ڕەنگە سەرەتا تووشی هەندێک گرفت ببن، لەوانە سەرئێشە، بێهێزی، ئازاری ماسولکەکان، هێڵنج، دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە خەمۆکی. ئەو نیشانانە هەموویان کاتین و پێویستیان بە چارەسەر نییە، تەنیا ڕاهاتنی جەستەیە لە بێ شەکریدا.

شەکر لەلایەن جەستەوە تێکدەشکێنرێت و لەلایەن خانەکانەوە بەکاردەهێنرێت وەک سەرچاوەیەکی وزە، بۆیە پێویستە لەکاتی وازهێنان لە شەکر هەوڵ بدەین خۆراکی دروست بخۆین بۆ ئەوەی وزە بە جەستە ببەخشن، بۆ نموونە ئەو خۆراکانەی کە بە مەگنیسیۆم دەوڵەمەندن وەک سپێناخ، چەرەس، شیر و پاقلەمەنییەکان، هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردنی شەکر، ژەمی دەوڵەمەند بە پرۆتین بخۆ، چونکە هەستی تێربوون دەبەخشن. بەپێی پێویست ئاو بخۆرەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرئێشەکەت و وەرزش بکە بۆ زیاتر دەردانی ئیندۆرفینەکان و ڕێکخستنی ئاستی شەکر لە خوێندا.

# ڕاستییە نێودەوڵەتییەکانی پشت کارەساتەکەی ڕۆژئاوای کوردستان


(فۆتۆ: AFP)

مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

جیهان پشتی لە کورد نەکردووە. ئەمریکاش دوژمنی کورد نییە. ڕاستییەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. لەبەرئەوەش ئەم بابەتەم درێژە.

لە باسی ئەمریکاوە دەستپێدەکەم، پاشان ڕووسیا و ئەوروپا و، چۆن هەوڵی وەستاندنی ئەم دۆخە بدەین.

## بۆچی ئەمریکا پشتی لە کورد کرد؟

بۆ ئەوەی لە هۆکارەکان تێبگەین، پێویستە ئەم دوو ڕاستییە ڕوونبکەمەوە.

**یەکەم:** پێویستە ئەم قسەیە بەخۆت و دەوروپشتەکەت بڵێی "ئەمریکا خیانەتی لە کورد کرد؟". هەر کاتێک تووشی خیانەت دەبینەوە، کۆمەڵێک نووسەری کوردمان لێ پەیدادەبن کە دەڵێن: "سیاسەت هەمووی بەرژەوەندییە و کورد ئەمەی لە بیرچووەتەوە و لەبەرئەوە گەیشتینە ئەم دۆخە". من باسی ئەوە ناکەم ئەم بۆچوونە ڕاستە یان هەڵە. من دەڵێم ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە هۆکارێکی سەرەکیی بڕیاری هەڵەی سەرکردەکانی کوردە. کێشەی ئەم بۆچوونە باوە ئەوەیە کە وایکردووە کاتێک وڵاتان و لایەنی دیکە لەناکاو لە پەیمانەکانیان بەرامبەر کورد پەشیمان دەبنەوە، کورد زوو لە بیری دەکات و ئامادەیە دووبارە کاریان لەگەڵ بکاتەوە. بۆچی؟ چونکە ئێمە بە خۆمان دەڵێین "سیاسەت هەمووی بەرژەوەندییە و ئەم شتە ئاساییە لە جیهانی سیاسەتدا". نەخێر ئاسایی نییە. ئێمە بیانوویەکی ئەخلاقییان دەدەینێ و دووبارە دەستدەخەینەوە ناو دەستیان.

لە کاتێکدا ڕاستییەکە ئەوەیە کە کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دەست دەخاتە نێو دەستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، یەپەگە شەڕی بۆ ئەمریکا کرد، بەو هیوایەی لە تورکیا بیپارێزێت و ئەمریکییەکان باش دەیانزانی کە ئەوە چاوەڕوانیی یەپەگەیە. پێشمەرگە شەڕی داعشی کرد بۆ بەرگریکردن لەخۆی و شەڕی مووسڵی کرد بەوهیوایەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەربەخۆیی نزیکی بکاتەوە و ئەمریکییەکانیش باش دەیانزانی کە ئەوە چاوەڕوانیی کوردە لە ئەمریکا. بەڵام ئێمە شەڕەکەمان بۆ کردن، پاشان ئەوان پاداشتەکەیان نەدایەوە. لەم حاڵەتەدا ڕاوێژکارانی سەرکردەکانی کورد و ڕۆشنبیران لەجیاتی ئەوەی ئەو قەرزەمان بەبیر بێننەوە، دێن بیانوو بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەدۆزنەوە و دەڵێن: "سیاسەت هەمووی بەرژەوەندییە". ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا کردوومانە ئاڵوگۆڕە. شەرت بۆ دەکەم لەبەرامبەردا ڕێگە مەدە تورک و عەرەب و فارس پەلامارم بدەن. ئەوەی لەسەرمان بوو کردمان و ئەوان قەرزی خۆیان بەتەواوی نەداوەتەوە. ئەگەر تۆ ئەوە بە خۆت و جیهان نەڵێیت، کێ بیڵێت؟

**دووەم:** تکایە بڕیاربەدەستانی کورد، لە چوارچێوەی تیۆرەکانی پیلانگێڕی بڕیار مەدەن. دوای نزیکەی 10 ساڵ لە ئەزموون و تێگەیشتنم لە کۆمەڵگەی ئەمریکی و چۆنیەتی دروستکردنی بڕیاری ئەمریکی و نێودەوڵەتی، دەمەوێت پێش ئەوەی ئەمە بخوێننیەوە، ئەو خورافاتە لەبیر بکەی کە "ئەمریکا پلانی کۆنی سەت ساڵی هەیە و هەموو شتێک موئامەرەیە". ئەو دیبەیتە و دەستەواژە زلانە (کە لە واقیعەوە زۆر دوورن) بۆ ژووری موحازەرەی زانکۆکان بەجێبێڵم و لێرە ڕاستییەکانی ئەو خیانەتەی ئەمریکا ڕوونەکەمەوە:

## ڕاستییە تاڵەکە:

ئەمە بڕیاری دۆناڵد ترەمپ بوو. پێچەوانەی ڕاوێژی بەرپرسانی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو. هەروەها پێچەوانەی هەڵوێستی هەردوو حیزبی سەرەکی ئەمریکا و کۆنگرێس و تەنانەت هەڵوێستی زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی ئەمریکا بوو. وردەکاری ئەم ڕاستییەم لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (ئەو ڕۆژەی هەموو ئەمریکا لەسەر کورد هاتە دەنگ) لە پۆرتاڵی (رووداو) دا ڕوونکردووەتەوە.

## بەڵام بۆچی دۆناڵد ترەمپ ئەو بڕیارەی دا؟

بەگوێرەی لێدوانە کۆن و تازەکانی، کۆکردنەوەی دەنگ هۆکاری سەرەکییە. ئەمریکییەکان بێزارن لە بینینی ڕۆڵەکانیان لە بەرەکانی شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ترەمپ بەدوای مانشێتی هەواڵدا دەگەڕێت کە بڵێت "سەرۆک دەیەوێت هێز بکێشێتەوە".

بەڵام بۆچی لە سووریا دەیەوێت سەرباز بکێشێتەوە لەکاتێکدا ژمارەی سەربازەکانی لە ئەفغانستان و عێراق زیاترە و دۆناڵد ترەمپ هەر ئەم هەفتەیە هەزاران سەربازی ناردە سعودیە؟

ترەمپ لە زۆر شت تێناگات، بەڵام دەزانێ چ ڕەفتارێک مانشێتی هەواڵ دروستدەکات و هەر ئەمەش ئەم پیاوە نیمچە-خوێندەوارەی گەیاندە دەسەڵات. کێشانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە ئەفغانستان پێویستی بەوەیە دەستبخاتە نێو دەستی کۆمەڵێک سەرکردەی ڕیشنی تاڵیبان و تووڕەکردنی دەنگدەرانی کە هێشتا 11ی سێپتەمبەریان لەبیرە. کشانەوە لە عێراق وای لێدەکات وەک ئۆباما دەربکەوێت کە خۆی دەیان جار لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە کشانەوە لە عێراقی دەگوت: "هەڵە کارەساتاویەکەی ئۆباما کە داعشی دروستکرد". بەڵام کشانەوەی لە سووریا بەگوێرەی تێگەیشتنی ترەمپ

1- نابێتە هەڕەشە بۆ ئەمریکا، چونکە ئەردۆغان سەرکەوتووانە تێیگەیاندووە کە داعش کۆتایی هاتووە.

2- ئەو بڕیارە بەوشێوەیە و خیانەتکردن لە کورد ئاوا بەئاشکرایی لەناکاو مانشێتی هەواڵ دروستدەکات لە ئەمریکا. ترەمپ باش دەزانێت دیموکرات و کۆمارییەکان و میدیا لە دژی دەبن و ئەمەش وادەکات میدیاکان گرنگی بەم بابەتە بدەن و ترەمپ لەبەردەم ڕای گشتی ئەمریکی وا دەربکەوێت کە ئەو پیاوەیە دەیەوێ سەربازەکان بگێڕێتەوە ئەمریکا.

وەک دەبینن هەموو بابەتەکە "بەرژەوەندییە"، بەڵام بەرژەوەندیی کێ، ئەمریکا یان دۆناڵد ترەمپ؟وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەندە گرنگ نییە، ئەوەندەی کە چی وادەکات تورکیا ئۆپەراسیۆنەکەی بوەستێنێ؟

ئەمریکا دەتوانێ لانیکەم، قەبارەی زیانی ئۆپەراسیۆنەکە زۆر کەمبکاتەوە. دیپلۆماتکار و شارەزایانی سیاسەتی تورکی دەڵێن گوشاری ئەمریکا هەرچی بێت، تازە زۆر زەحمەتە ئەردۆغان بڕیاری وەستاندنی ئۆپەراسیۆن بدات، بەڵام دەکرێت سنووورداری بکات.

ئێستا ترەمپ ئەوەی ویستی دەستیکەوت. ئەوە هەفتەیەکە مانشێتی هەواڵەکان ئەوەیە کە "ترەمپ سەرباز دەکێشێتەوە و گوێناداتە ئەوەی کورد چی بەسەردێت". ئینجا پاشان ئەگەر ببینێت کۆنگرێس جددیيە و دەستەبژێری کۆمارییەکان بەردەوامن لە گوشار، لەوانەیە ڕازیبێ بە سەپاندنی سزا لەسەر

> **بۆ ترەمپ گرنگ نییە چی ڕوودەدات. زیاتر گرنگ ئەوەیە چۆن دەردەکەوێت و دەنگدەر چۆن دەیبینێت**

ئەنقەرە و تەنانەت دروستکردنی "ناوچەی دژەفڕین"، بەتایبەتی ئەگەر فڕۆکەی جەنگیی وڵاتانی ئەوروپا بەشداربن لە دروستکردنی ئەو ناوچەیەدا.

بۆ ترەمپ گرنگ نییە چی ڕوودەدات. زیاتر گرنگ ئەوەیە چۆن دەردەکەوێت و دەنگدەر چۆن دەیبینێت. بۆ نموونە لە پرسی کۆریای باکوور گرژییەکانی ئەوەندە زیاد کرد کە هەموومان وامانەزانی جەنگ ڕوودەدات. لە ناکاو ترەمپمان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بینی تەوقەی لەگەڵ کیم جۆن ئون کرد و بەشێکی زۆری ڕای گشتیی ئەمریکی بە پیاوی ئاشتی ناویان برد کە لە "شەڕ ڕزگاری کردین". ئەمە ستایلی ترەمپە. قەیران دروستدەکات و پاشان وا دەردەکەوێت کە "چارەسەری" کرد. لە ڕاستیشدا ئەو کۆبوونەوانەی ترەمپ لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باکوور هیچ دەرئەنجامیان نەبوو. کۆریا هەر هەڕەشەیەکی ئەتۆمییە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەمریکاش سزاکانی هەڵنەگرت.

## ئەوروپا چی پێدەکرێت؟

دەتوانن ناوچەی دژە فڕین بکەنە پێشنیازێکی واقیعی بۆ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەوروپا لە قەیراندایە (ئابووری و برێکزت) و کێشەی بڕیاردانیان هەیە. فەرەنسییەکان بەبێ پشتگیری تەواوی ئەڵمانیا و بەریتانیا ناتوانن نە گوشاری جدی بخەنە سەر تورکیا و نە دەتوانن وا بکەن ئەمریکا هەر دەستپێشخەرییەکیان سەبارەت بە ڕۆژئاڤا بە جدی وەربگرێت.

کێشەکە بەریتانیا و پاشانیش ئەڵمانیایە. بۆ ئەم دوو وڵاتە تورکیا یەکێکە لەو دیوارانەی کە ڕێگە لە گەورەترین هەڕەشە دەگرێت: واتە ڕووسیا. دیپلۆماتکارێکی بەریتانی جارێک پێیگوتم وانەی یەکەمی ڕاهێنانمان پاراستنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەمریکا و دووەم وانە سەبارەت بە تورکیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە.

بەڵام ئێستا ئەو دوو وڵاتە گومانیان لەلا دروستبووە. تورکیا "خەریکە لە دیوارەوە دەبێتە دەرگایەک" بۆ ڕووسیا. دیپلۆماتکارێکی یەکێتی ئەوروپا پێیگوتم، ئەڵمانیا لە بەریتانیا زیاتر ئەو گومانەی هەیە. بەریتانییەکان لە گۆڕانی هەڵوێست وردترن و حیساباتی خۆیان هەیە. "زۆر شت دەکەین و پێمان دەکرێت" لە دژی ئەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیا و "ئاشکرای ناکەین" دیپلۆماتکارێکی ئاستبەرزی بەریتانی ڕۆژی هەینی وایگوت. من باوەڕم بەوەیە کە "زۆر شتیان" پێدەکرێت، بەڵام باوەڕم بەوە نییە کە "شتیان بە نهێنی" کردبێت لە دژی تورکیا. ئەوە لەوانەیە قسەیەک بێت بۆ گەرمکردنی دڵی ئەم ڕۆژنامەڤانە کوردە.

بەڵام ئەگەر ئەڵمانیا و بەریتانیاش بەتەواوی بێنە پاڵ فەرەنسا، ڕووسیا تەگەرەیەکی گەورەیە.

حیساباتی ڕووسیا زۆر ئاڵۆزترە لە هەموو وڵاتانی دیکە. بە پێچەوانەی شیکردنەوەی سیاسەتی ئەمریکا، کاتێک هەوڵی شرۆڤەی سیاسەتی ڕووسیا دەدەی، بیر لە پیلانگێڕی و حیساباتی زۆر ئاڵۆز بکەوە. بە پێچەوانەی ئەمریکییەکان، ڕووسەکان لە بڕیارداندا دووربینن، هاوپەیمانیان کەمە، ئیلتزامیان بەرامبەر هاوپەیمانەکانیان درێژخایەنە و لە ڕێککەوتنی تەکتیکی و کورتخایەن بە ئاسانی پاشگەزدەبنەوە و هەندێکجار تەڵە بۆ هاوبەشەکانیان دەنێنەوە. لەهەمووی گرنگتر، ڕووسیا وەک ئەمریکا ئەوەندە توانای سەربازی و دارایی نییە کە دەرفەت دروستبکات، بەڵکو زۆربەی جار چاوەڕێ دەکات و سوود لە پێشهاتەکان وەردەگرێت. بەهەر حاڵ، لەم بابەتەدا ئەوان دەیانەوێت لە یەک کاتدا ئەم ئامانجانە بپێکن:

1- تورکیا زیاتر لە ئەمریکا دووربخەنەوە و لە خەونی 67 ساڵەی دەرچوونی تورکیا لە ناتۆ نزیکببنەوە.

2 - تورکیا و چەکدارە جیهادییەکانی ئۆپۆزیسیۆن زۆرترین زیان و زیاترین کاتیان پێبچێت لەم ئۆپەراسیۆنە. بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا، هیوای ئەوە نەمێنێت کە ئەو ناوچانە ببنە مۆڵگەیەکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن و هەروەها تورکیاش دوای درێژەکێشانی ئەم ئۆپەراسیۆنە زیاتر پێویستی بە ڕووسیا بێت.

3- کورد ناچاری ڕووسیا بن و لە داهاتوودا ببنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی سووریا. ڕووسیا نایەوێت پرۆسەی سیاسی سووریا تەنیا بریتی بێت لە عەلەویی هاومەزهەبی ئێران و سوننەی عەرەب. هەروەها بۆ ڕووسیا گرنگە کە ئەسەد ئەوەندە بەهێز نەبێ بێ منەت بێت و جگە لە سوننەی عەرەب لە داهاتوودا فاکتەری دیکە هەبن بۆ سنووردارکردنی هەژموونی ئێران لە سووریا. من گومانم هەیە کە هەر لەبەرئەوەشە هانی ئامادەیی نوێنەرانی کریستیان و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان دەدەن لە پرۆسەی سیاسی (سەرەڕای ناڕەزاییەکانی ئەنقەرە و تاران).

من بە دووری نازانم کە بۆ ئەوەی کورد بەیەکجاری هیوای بە ئەمریکا نەمێنێت و ناچاری بکات ڕوو لە مۆسکۆ بکات، هێزە هاوپەیمانەکانی ڕووسیا تەنانەت هێرشی سەربازیش لە دژی یەپەگە ئەنجامبدەن. بەڵام هێرشەکە ئەوەندە بەهێز نەبێت کە ئەرکی تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکانی ئاسان بکات.

# ئەوانەی شەڕی سووریا دەوڵەمەندی کردن

## هەندێک لەوانەی بوونەتە ملیۆنێر، قاچاخچی نەوتی نێوان داعش و ڕژێمی سووریا بوون

**رووداو- هەولێر**

هاوینی ئەمساڵ دوو برای سووری گەشتێکیان بە هەموو ئەوروپادا دەستپێکرد، بە پێچەوانەی هاووڵاتییە سوورییەکانی خۆیان، ئەوان بە بەلەمی شەقوشڕ نەهاتبوون و بە دزییەوە سنوورەکانی ئەوروپایان نەدەبڕی. ئەو جووتە برایە بە فڕۆکە لە کان لە فەرەنسا دابەزین و دواتر بە ئۆتۆمبێلی فیراری دەستیان بە گەشتەکەیان کرد. چیرۆکی ئەو خێزانە دەریدەخات چۆن هەندێک خێزانی نزیک لە دەسەڵات لە کارەساتی شەڕی نێوخۆی سووریا دەخۆن.

محەممەد و عەلی کوڕی ڕامی مەخلووفن کە هەم ئامۆزا و هەم هاوڕێی منداڵیی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریایە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فایننشڵ تایمز)ی بەریتانی، پێش سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا لە 2011، گومان دەکرا ڕامی مەخلووف، تەمەن 50 ساڵ، نیوەی ئابووریی سووریای لەژێر دەست بێ، هەرچەند لە 2008 وە سزای نێودەوڵەتیشی لەسەر بوو. ئێستا خەڵکانێکی دیکەش لە قازانجی شەڕ دەخۆن.

لە کاتێکدا هێزەکانی ئەسەد دەستیان بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەدا گرتووەتەوە کە لەدەستی دابوون، هەشت ساڵ شەڕی هەمەلایەنە تانوپۆی ئابووریی سووریای هەڵوەشاندووەتەوە. وەک نەبیە کە کەسێکی نزیک لە دەسەڵاتە، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "چینی نێوەڕاست نەماوە، ئەوەی هەیە تەنیا دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانن". بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی 2015ی نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٪80ی سوورییەکان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

شەڕ نەک هەر دەرفەتەکانی کار تێکدەدا، بەڵکو هێزی کار و مادەی خاویش کەمدەکاتەوە، ئەوانەش جووڵە و گەشەی ئابووریی وڵات خاو دەکەنەوە، بەڵام لە هەموو شەڕێکدا براوەی ئابووریش هەن، بە تایبەتیش ئەوانەی لە دەسەڵاتەوە نزیکن.

مازن، بازرگانێکی خەڵکی حەلەب، لەوبارەوە بە (فاینەنشڵ تایمز) دەڵێ: "چینێکی نوێ لە بازرگانیی شەڕ پەیدا بوون". کە خەڵک بە "ڕوخساری نوێ" ناویان دەبەن "ئێمە نازانین چۆن پارە پەیدا دەکەن. هەندێکجار لە خۆمان دەپرسین تۆ بڵێی ئێمە لە بازرگانییەکی هەڵەدا نەبین".

بەشار ئەسەد بە پێچەوانەی حافز ئەسەدی باوکی، لە کاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی سووریا لە 2000، هەوڵیدا دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا نێوخۆیی و دەرەکییەکان بکاتەوە، بەڵام ئەمجارەش دەرفەتەکان هەر لە نێوان نوخبەیەکی جێی باوەڕدا دابەشکران کە لە سەرووی هەموویانەوە ڕامی مەخلووف دەهات. مەخلووف لە ساڵی 2011 وە سزا نێودەوڵەتییەکانی لەسەر قورستر کراون.

بەڵام جۆزێف داهەر، شارەزای ئابووریی سیاسی، بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "بە ئەگەری زۆر، مەخلووف لە ماوەی شەڕدا سامانەکەی خۆی زیاتر کردووە، چونکە ڕێگەی قاچاخی نوێی کردووەتەوە و لە پرۆژەی بزنسی نوێدا وەبەرهێنانی کردووە".

قەبارەی سامانی مەخلووفەکان دیار نییە، بەڵام لە پیشەسازیی نەوت و غازی سووریادا سەرمایەیان هەیە، خەریکی بانکداری و بیناسازین و بۆ ماوەیەکی زۆریش خاوەنی پشکێکی زۆری کۆمپانیای پەیوەندیی مۆبایلی سووریاتێل بوو، جگە لە چارەکی پشکەکانی کۆمپانیای شام هۆڵدینگیش کە هەر هی ئەو خێزانەن و مەزندە دەکرێ سەرمایەی کۆمپانیاکە نزیکەی دوو ملیار دۆلار بێ.

سامانی زۆر و خزمایەتیی لەگەڵ خێزانی ئەسەد دەسەڵاتێکی بێ وێنەشی بە ڕامی مەخلووف دابوو. نیکۆلاس، بزنسمانێکی حەلەبی کە ئێستا لە دەرەوە دەژی، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "ئەگەر ڕامی چاوی بە کۆمپانیاکەت هەڵنەهاتبا، لەناوی دەبردی".

بەڵام ئەستێرەی بەختی مەخلووف ڕووی لە کزبوونە، چونکە لەلایەن حکومەتەوە ناچارکراوە دەست لە پشکی شێری خۆی لە سووریاتێل و دامەزراوەی بوستان هەڵگرێ. خەڵکێک پێیانوایە ڕژێم ڕووی لە کۆمەڵێک بازرگانیی نوێ کردووە کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا یارمەتی دارایی گەورەیان پێشکەشی دیمەشق کردووە.

> **بزنسمانێکی حەلەبی:**
> **ئەگەر ئامۆزاکەی ئەسەد چاوی بە کۆمپانیاکەت هەڵنەهاتبا، لەنێوی دەبردی**

یەکێک لەوانە سامر فەوزە کە بازرگانێکی سوننەی تەمەن 46 ساڵ و سەرۆکی کۆمپانیای عەمان هۆڵدینگە. دەرکەوتنی سامر هاوکاتە لەگەڵ تێکشکانی کەرتی بەرهەمهێنانی سووریا و پەرەسەندنی کەرتی هاوردە لە دەرەوەی وڵات و قاچاخی کاڵا لە نێوان ناوچە جیاجیاکانی سووریا. جۆزێف داهەر دەڵێ: "تایبەتمەندیی ئەو ناوە نوێیانە ئەوەیە کە ڕۆڵی نێوانگیر (لەگەڵ هێزە نێوخۆیی و دەرەکییەکان) بۆ حکومەت دەگێڕن". فەوز بەهۆی پاسپۆرتە تورکییەکەی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیماراتییەکان، جێی سەرنجی خێزانی ئەسەد بووە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (فاینەنشڵ تایمز)، فەوز لە کارگەیەکی پاڵاوتنی شەکر، ئاشێک، کارگەیەکی پێکەوەنانی ئۆتۆمبێل، کارگەیەکی تواندنەوەی ئاسن، ژمارەیەک بانکی سووری، کارگەیەکی دەرمان، کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی کێبڵ وەبەرهێنانی هەیە. لە کاتێکدا بە نیاز بوو هۆتێلی چوار وەرز لە وەلید بن تەلاڵ بکڕێتەوە کە بەناوبانگترین هۆتێلی دیمەشقە.

بەدرێژایی شەڕی سووریا، فەوز لە سزا نێودەوڵەتییەکان بەدووربوو، بەڵام لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ سزاکانی یەکێتیی ئەوروپا ئەویشی گرتەوە، شەش مانگ دواتریش وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای لەسەر هەموو ئەو سامان و داهاتەی فەوز دانا کە بە دۆلارن.

بۆ ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ هێزەکانی دژبەری ئەسەد، فەوز پشتی بە دوو برای دیکەی خەڵکی پارێزگای حەلەب بەستووە: حوسام و بەراع قاترجی. حوسام ئەندامی پەرلەمانە و لە زۆر وێنەدا بە جلی سەربازییەوە لەگەڵ میلیشیاکانی سەر بە ڕژێم دەردەکەوێ. ئەو دوو برایە کە لەدایکبووی ڕەققەن، لەنێو ئەو بازرگانانەدا بوون کە لە 2014 هەتا 2016 نەوتیان لە داعش کڕیوە بۆ ڕژێم.

ئەو کێڵگانەی کە هەتا 2016 بەدەست داعشەوە بوون، ئێستا لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکراتدان. ئەحمەد، هاریکارێکی مرۆیی، بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "قاترجی دەیان تانکەری نەوتی هەیە کە ڕۆژانە نەوت لە ڕۆژئاڤاوە بۆ پاڵاوگەکانی حمس و بانیاس دەگوازنەوە".

بەڵام بازرگانیی نەوتی قاترجییەکان تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتی هەسەدەدا نییە. بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، بەراع قاترجی چاودێریی کۆمپانیایەکی لوبنانیش دەکات کە نەوتی ئێران بۆ سووریا دەگوازێتەوە، قاترجییەکان بە گەورەترین قاچاخچیی نەوتی سووریا دادەنرێن.

تاهیر کەسێکی کەرتی پیشەسازی و ناسیاوی برایانی قاترجی، بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: ئەو دوو برایە لۆکە و گەنمیشیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە ڕۆژهەڵاتی فورات هاوردە کردووە، لە کاتێکدا هاوکاریی دارایی پێشکەشی میلیشیاکانی لایەنگری ئەسەد دەکەن. بە گوتەی تاهیر: "قاترجییەکان ئاگایان لە چەکدارەکانە و پارەیەکیان دەدەنێ کە حکومەت ناتوانێ بیانداتێ".

## هێرش بۆ سەر ڕۆژئاڤا.. ترس لە سەرهەڵدانەوەی داعش

# ترەمپ هەسەدەی ناچارکرد لەگەڵ ڕووسیا و سووریا ڕێکبکەوێت

**گراهام: ئەرکی ترەمپە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات چونکە ئەوەی ئێستا ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش خۆشدەکات**

**ئەندامی دامەزراوەیەکی ئەمریکی: مەحاڵە تورکیا بتوانێ چاودێری کەمپ و گرتووخانەکانی داعش بکات**



(فۆتۆ: AFP)

**ئەفسەرێکی ئەمریکی: شەڕڤانانی هەسەدە یەکێک لە ڕەوشتبەرزترین ئەو خەڵکانە بوون کە لە ژیانمدا بینیومن**

**فەرماندەیەکی یەپەگە: داعش ڕیزەکانی خۆی لە کەمپی ئەلهۆل ڕێکخستووەتەوە و ناتوانین 100% کۆنترۆڵیان بکەین**

**ڕووداو- هەولێر**

کاژێر سێی بەرەبەیانی دووشەممەی هەفتەی ڕابردوو 2019/10/7، فەرماندەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی ڤیدیۆییەوە ژەنەراڵ مەزڵووم کۆبانێی ئاگادار کردەوە کە سەرۆکی وڵاتەکەی لەگەڵ هاوتا تورکییەکەی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی تورکیا هێز بنێرێتە سەر باکووری سووریا و ئەمریکاش ڕێگری لێناکات. فەرماندە کوردەکە یەک وەڵامی پێبوو: "کورد خۆی بەرگری لە خۆی دەکات، ئێمە هیچ کوێمان نییە بۆی بچین". لە کاتێکدا بیری لە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی هێرشەکەی تورکیا دەکردەوە.

## "خیانەت لە هەموو شتێک تاڵترە"

لە ڕۆژی سێشەممە 2019/10/8ەی ڕابردووەوە، فڕۆکە و تۆپخانەکانی تورکیا ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژئاڤای کوردستانیان کردووەتە ئامانج. حوسێن ڕەمۆ، دانیشتوویەکی قامشلۆ، بە (گاردیەن)ی بەریتانی دەڵێ: "خیانەت تاڵە. ئەوە 63 ساڵە دەژیم و شتی وام نەبینیوە. جاران زوڵمی ڕژێممان دەبینی و ئێستاش خیانەتمان لێدەکرێت. ئەوەی ئێستا ناخۆشترە".

تۆپێکی تۆپخانەی تورکیا قسەی بە حوسێن بڕی، لەکاتێکدا بە ترسێکی زۆرەوە بەرەو مینیبوسێک دەڕۆیشت کە بڕیار بوو لە قامشلۆ بەرەو حەسەکە دووریان بخاتەوە. بەگوێرەی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاوەکو کۆتایی ڕۆژی هەینی زیاتر لە 70 هەزار کەس لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ئاوارە بوون. ئێستاش ژمارەکە گەیشتووەتە 190 هەزار کەس. هاووڵاتییەکی خەڵکی کۆبانێ دەڵێ: "نزیکەی 40%ی خەڵکی شارەکە دوای چوار ساڵ جارێکی دیکە ئاوارە بوونەوە".

لەنێو مینیبوسەکەدا ڕەحیمە عوسمان، تەمەن 52، لەگەڵ دوو نەوەکەی دانیشتووە و دەڵێ: "هەموو کوڕەکانم بۆ ئەم دۆزە (واتە بۆ شەڕی هاوپەیمانان دژی داعش) شەڕیان کردووە، دوو کوڕم لەو ڕێیەدا شەهید بوون".

## ئەمریکییەکان شەرمەزارن

نزیکەی 10 هەزار کیلۆمەتر ئەوبەرتری ئاگربارانی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و تورکیا، ژمارەیەک فەرماندە و ئەفسەری ئەمریکی کە لەگەڵ هەسەدە کاریان کردووە، هەست بە شەرمەزاری دەکەن.

ئەفسەرێکی ئەمریکی کە ئەمساڵ ڕۆژئاڤای بەرەو ئەمریکا جێهێشتووە، بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی دەڵێ بەو هیوایەوە سووریای جێهێشتووە کە ئەمریکا بە تەواوی پشت لە هەسەدە ناکات، بەڵام دوای تویتەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە سنوورییەکان، دەڵێت "بە تەواوی ڕووخاوم".

ئەفسەرێکی دیکە بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ "شەڕڤانانی هەسەدە یەکێک لە ڕەوشتبەرزترین ئەو خەڵکانە بوون کە لە ژیانمدا بینیومن". مارینزێکیش کە لە 2017 تاوەکو 2018 لە سووریا بووە دەڵێ "هەستدەکەم لە تاو دڵەڕاوکێ و نیگەرانی نەخۆش کەوتووم، هەست بە شەرمەزارییەکی قووڵ دەکەم کە وڵاتەکەم ڕێگەی داوە هاوپەیمانە نزیکەکانمان کە هەموو شەڕەکەیان بۆ ئێمە کرد بەم چارەنووسە بچن، لەکاتێکدا ئێمە دەمانتوانی ڕێگەی لێبگرین".

هەسەدە لە ساڵی 2015 بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و بە هاوکاریی ئەمریکا لە ژمارەیەک هێزی کوردی، عەرەبی و مەسیحی دامەزراوە. ئەو هێزانە لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هێزی پیادەی هاوپەیمانان لە سووریایان گێڕاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. تورکیا ئەو هێزانە بە باڵی سووریای پارتی کرێکارانی تورکیا (پەکەکە) لە قەڵەم دەدات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە بە قووڵاییەکی ستراتیژیی پەکەکە دادەنێت.

لە دوو مانگی ڕابردوودا، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییە ئەمنییەکانی تورکیا سەرقاڵی دانوستاندن بوون لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئەنقەرە بۆ ئەوەی ناوچەیەکی ئارام لە باکووری سووریا دروستبکەن کە هێزە سەربازییەکانی تورکیا و ئەمریکا پێکەوە چاودێری بکەن. ئەمریکییەکان و هەسەدە جەختیان لەوە دەکردەوە قووڵایی ناوچەکە لە نێوان 5 بۆ 14 کیلۆمەتر بێ، بەڵام تورکیا داوای 30 کیلۆمەتری دەکرد.

## بۆچوونی جیاوازی ئیدارەی ئەمریکی

لە یەک هەفتەی ڕابردوودا ترەمپ لەلایەن بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی و دامەزراوەکانی دەرەوەی کۆشکی سپیشەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی و گوشاری زۆر بووەتەوە، تاوەکو بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤای کوردستان هەنگاو بنێت، هەرچەند بۆچوونەکان لەبارەی ئەوەی چی بکرێت جیاوازن. ترەمپ خۆی هۆشداری داوەتە تورکیا کە ئەگەر زیاد لە ئاستی خۆی هەنگاو بنێ، سزای ئابووریی توند بەسەر حکومەتی ئەنقەرەدا دەسەپێنێ.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە تائێستا بژاردەی دانانی سزا لە پێش هەموو بژاردەکانەوەیە، لە کاتێکدا بەرپرسێکی باڵای دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات نێوانگیری نێوان کورد و تورکیا "ئەو ڕێچکەیەیە کە سەرۆک لە هەموو بژاردەکانی دیکە بە باشتری دەزانێ".

ڕاوێژکارێکی باڵای ترەمپ بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ئاشکرا کردووە کە ترەمپ یەکلانەبووەتەوە، لەکاتێکدا مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و میکماڵڤانی، سەرۆکی ئەرکانی ئەمریکا بە وەکالەت پێشتر هۆشدارییان دابووە ترەمپ کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا "دەتخاتە ناو سووچێکەوە" کە دەرچوون لێی ئاسان نابێ.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، ئەمریکا و ڕووسیا بە هۆکاری جیاواز پڕۆژەی بڕیارنامەیەکی ئەورووپی بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکانی تورکیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ڕەتکردەوە. ڕووسیا کە هاوپەیمانێکی سەرەکیی ڕژێمی سووریایە، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تورکیاش هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە ئۆپەراسیۆنەکانی هەفتەی ڕابردوو دەستی ئەمریکا لە ناوچەیەکی بەرچاوی باکووری سووریا کورت دەکاتەوە، بەوەش ڕێگە بۆ چارەسەرێکی دڵخوازی ڕووسیا بۆ سووریا خۆشدەبێ.

کاربەدەستێکی باڵای کۆشکی سپی لەبارەی هۆکاری ڕەتکردنەوەی وشەی "ئیدانە" لە پرۆپۆزاڵەکەی ئەورووپییەکاندا بە (پۆست) دەڵێ "ئیدارەی ئەمریکی بڕیاریداوە بۆ وەسفی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا (بیرۆکەیەکی خراپ) بەکاربێنێ، نەک ئیدانەکردن".

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، ترەمپ لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا داوای کشانەوەی هەموو هێزە ئەمریکییەکانی لە سووریا کرد. بڕیارەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی وەزارەتی بەرگری و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا بووەوە. بەرپرسانی پێنتاگۆن لەبارەی بڕیارەکەی ئەمجارەی ترەمپ کێشەیان لەگەڵ پۆمپیۆش هەبووە و بە "زۆر پاسیڤ" وەسفی دەکەن.

## هێڵە سوورەکەی ترەمپ

ترەمپ هەڕەشەی کردووە کە ئەمریکا وەڵامی دەبێ ئەگەر تورکیا زێدەڕۆیی بکات. کاربەدەستێکی باڵای کۆشکی سپی لەبارەی "هێڵی سووری" ترەمپ بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "پاکتاوی نەژادی" لە ناوچە کوردییەکانی سووریا و "تۆپباران و بۆردوومانکردن بەبێ دەستپاراستن لە هاووڵاتیانی مەدەنی" لەنێوان ئەو شتانە دان کە دەکەونە هێڵە سوورەکەی ترەمپەوە. بەرپرسەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە "ئێمە جاری ئاوها سەیری دۆخەکە دەکەین، هیچ نموونەیەکی زەقیشمان (لەو حاڵەتانە) نەبینیوە، بەڵام هێشتا زۆر زووشە بۆ ئەو قسەیە".

لە پەیوەندییەکەی یەکشەممەی هەفتەی ڕابردوودا ئەردۆغان جەختی لەوە کردبووەوە هەر چۆنێک بێ ئەوان هێرشەکە دەکەن. فەرماندە مەیدانییەکانی ئەمریکا پێشتر هۆشدارییان دابوو تورکیا ئامادەکاریی سەربازی زۆری لەسەر سنوورەکان کردووە.

## چوار بڕیارەکەی ترەمپ

کاربەدەستێکی باڵای کۆشکی سپی بە (پۆست)ی ڕاگەیاندووە کاتێک ترەمپ ڕووبەڕووی ئەو بڕیارەی ئەردۆغان بووەوە "چوار بڕیاریدا کە هەموو ئەوەی تائێستا دەیکەین لەژێر ڕۆشنایی ئەو چوار بڕیارە دایە، واتە ئێمە پشتگیری لە هێرشە ناکەین، هاوکاریی سەربازی کە ئەردۆغان داوایکردووە پێیان نادەین، ئەمریکا بەشێوەی سەربازی ڕووبەڕووی هێرشەکان نابێتەوە، چونکە تورکیا هاوپەیمانی ناتۆیە، هەر ئەوەندەیە بە هەڵەیەکی زۆر گەورەی دەزانین".

**مارینزێک: هەست بە شەرمەزارییەکی قووڵ دەکەم کە وڵاتەکەم ڕێگەیدا هاوپەیمانەکانمان کە هەموو شەڕەکەیان بۆ ئێمە کرد بەم چارەنووسە بچن، لەکاتێکدا ئێمە دەمانتوانی ڕێگەی لێبگرین**

بەرپرسەکە لەبارەی دوایین بڕیاریش دەڵێ: "ئەگەر تورکیا بەشێوەیەکی نەشیاو مامەڵەی کرد یان ئەو هێڵانەی بەزاند کە سەرۆک ترەمپ لە مێشکی خۆیدا بیریان لێدەکاتەوە، ئەوە ئەمریکا ئامادەیە باجی قورس تووشی تورکیا بکات".

## تووڕەیی کۆنگرێس لە پڕۆژە بڕیارێکدایە

کۆنگرێسمانەکانی هەردوو پارتی سەرەکیی ئەمریکا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرقاڵی پرۆژ یاسایەکن کە تێیدا بەرپرسان و دامەزراوە باڵاکانی حکومەتی تورکیا دەکرێنە ئامانج، ئەگەر تورکیا هێزەکانی لەو ناوچانە نەکشێنێتەوە کە لە ڕۆژی 9ی تشرینی یەکەمی 2019ەوە دەستی بەسەردا گرتوون.

پرۆژەکە لەلایەن کریس ڤان هۆڵین، سیناتۆری دیموکرات و لیندسی گراهام، سیناتۆری کۆمارییەکان ئامادەکراوە و بڕیارە ئەم هەفتەیە لە هەردوو بەشەکەی کۆنگرێس بخرێتەبەر باس. بەپێی پرۆژە بڕیارەکە سزا لەسەر سامانی سەرۆککۆمار، جێگری سەرۆککۆمار، وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، وەزیری گەنجینە و دارایی، وەزیری بازرگانی، وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا لە ئەمریکا دادەنرێت.

لە پرۆژەکەدا سزا بۆ هەموو ئەو کەسانەش دانراوە کە "بەئاگاییەوە" مامەڵەی پیشەسازیی سەربازیی لەگەڵ تورکیا بکات، هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە لەڕووی تەکنەلۆژی یان زانیاری یان خزمەتگوزارییەوە پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی نەوت و غازی سرووشتیی تورکیا بکەن. سزاکە فرۆشتنی کەرستە، خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیای سەربازیی ئەمریکی بە تورکیا قەدەخە دەکات.

سزاکان هاریکاریی مرۆیی، یارمەتی دەرمانی و تەندروستی، هاوکاریی بۆ بەرەپێشبردنی دیموکراسی و هەڵبژاردن و گۆڕینەوەی زانیاریی هەواڵگری ناگرنەوە.

کۆنگرێسمانەکانی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات گەشبینن بەوەی بتوانن لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیران دوو لەسەر سێی دەنگەکان بەدەستبێنن، بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا نەتوانێ سزاکان ڤیتۆ بکات.

گراهام کە بە سیناتۆری جێی باوەڕی ترەمپیش دادەنرێت، لە لێدوانێک بۆ ماڵپەڕی (ئاکسیۆس)ی ئەمریکی دەڵێ "بەبڕوای من ئەرکی ئەو (ترەمپ) وەک فەرماندەی گشتیی هێزە هاوبەشەکان ناچاری دەکات بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات. ئەوەی ئێستا خراپترە لەوەی کە ئۆباما عێراقی جێهێشت، چونکە ئەمجارەیان زانیاریمان زۆرە کە دواتر چی ڕوودەدات، ئەمە کۆی یارییەکان لە دۆسیەی ئاسایشی نیشتمانیی ئێمەدا دەگۆڕێت، ئەمە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعش خۆشدەکات".

ڤان هۆڵین لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) دەڵێ "کوردی سووریا سەری ڕمی شەڕی ئێمە بوون لەدژی داعش. ئەوان کاریگەرترین هاوپەیمانی ئێمە بوون. بەردانی پشتیان تەنیا خیانەت نییە، بەڵکو ئاسایشی نیشتمانی ئێمەش دەخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەوە ئاماژەیەکە کە ئێمە هاوبەشێک نین پشتمان پێ ببەستریت". هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە لە پێنج ساڵی ڕابردووی شەڕی داعشدا زیاتر لە 11 هەزار شەڕڤانیان لەدەستداوە.

بڕیارەکەی هەفتەی ڕابردووی کۆشکی سپی هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی دیموکراتەکان بۆ لێپرسینەوە لە ترەمپ کە تۆمەتبارە بەوەی 400 ملیۆن دۆلار هاریکاریی سەربازیی ئەمریکا بۆ ئۆکرایناى ڕاگرتووە بۆ ئەوەی حکومەتی کییڤ ناچار بێت کەیسی کوڕەکەی جۆ بایدن لە ئۆکراینا زیندوو بکاتەوە. جۆ بایدن ڕکابەری سەرەکیی دۆناڵد ترەمپە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە 2020، دیموکراتەکان پێیانوایە ترەمپ دەسەڵاتی سەرۆکایەتیی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پێگەی ڕکابەرە دیموکراتەکەی لاواز بکات.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا ترەمپ زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە پاڵپشتیی کۆمارییەکانە، بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەوڵی دیموکراتەکان بۆ لێپرسینەوە لە خۆی بداتەوە. جۆناتان بێرک، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران، پێیوایە کۆمارییەکان ئێستا دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەستە بەرەنگاری سیاسەتی ترەمپ بەرامبەر سووریا ببنەوە. بێرک ئێستا ڕاوێژکاری میچ مەککۆنێلە کە ئەویش هەفتەی ڕابردوو هەنگاوەکەی ترەمپی بە "خەنجەرێک لە پشتەوە" لە هێزە کوردییەکان وەسفکرد.

## "کارەساتێک بەڕێوەیە"

تائێستا بە ڕوونی دیار نییە ترەمپ چی بە ئەردۆغان گوتووە و لەسەر دۆسیەی سووریا چی لە مێشک دایە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە سنوورییەکانی گرێ سپی و سەرێ کانیێ یان کشاندنەوەی هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و گەڕاندنەوەیان بۆ ئەمریکا، وەک خۆی دەڵێ دەرچوون لە "شەڕە بێمانا و بێکۆتاییەکان"ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە ڕووندەکاتەوە تورکیا ئامانجی چییە و تاوەکو کوێ پێشڕەوی دەکات، چارەنووسی بەندکراوانی داعش و کەمپی ئەلهۆل چی دەبێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نێوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ و ئەردۆغان بە کەناڵی CNBCی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کە ترەمپ بە ئەردۆغانی گوتووە ئەگەر تورکیا بەهێزێکی سنووردارەوە بێتە ناو سووریاوە ئەوە ئەمریکییەکان لە سووریا ناکشێنەوە، بەڵام ئەگەر تورکیا ئۆپەراسیۆنی بەرفراوان بکات، ئەوە بڕیاری کشانەوەی هەموو هێزەکان لە سووریا دەردەکات، بەڵام ئایا تورکیا کشانەوەی ئەمریکا لە هەموو ناوچەکانی هەسەدەی دەوێت، کە 30%ی خاکی سووریا پێکدەهێنێ و گرتن و ڕاگرتنی پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆری دارایی و سەربازی و سیاسییە؟

ئەوەی دیارە ئەوەیە هیچ ڕێککەوتنێک سەبارەت بە قووڵایی پێشڕەوییەکانی تورکیا نەکراوە. ئەردۆغان هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند لە گەشتەکەی مانگی داهاتووی بۆ کۆشکی سپی دەرفەتی ئەوەیان دەبێ لەگەڵ ئەمریکا باسی "قووڵایی ئۆپەراسیۆنەکە" بکەن.

ئارۆن لوند، لێکۆڵینڤانی کاروباری سووریا لە دامەزراوەی سەدە، پێیوایە تورکیا "ڕەنگە بەرژەوەندی بچووکی لە کۆنترۆڵکردنی هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدا هەبێ"، لەبەرئەوەی گیراوانی کەمپی ئەلهۆل کێشەیەکی پڕسەرێشەن، توانای تورکیا بۆ ئیدارەکردنی ناوچەکانی دوور لە سنووری خۆی سنوورداره، بۆیەش "کۆنترۆڵکردنی هەموو باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا هەم توندوتیژی زۆری لێدەکەوێتەوە و هەم خەرجییەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی تورکیا و هەم لەڕووی سیاسیشەوە گران لەسەری دەکەوێت".

ئەوە یەکەمجار نییە ترەمپ هاوتا تورکەکەی تووشی دۆخێکی لەو جۆرە دەکات. ساڵی ڕابردووش کاتێک ترەمپ بڕیاری کشاندنەوەی هەموو هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەکرد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد تورکیا خەمی پاشماوەی هێزەکانی داعش و ئاسایشی ناوچەکە دەخوات، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک دەرکەوت تورکیا توانای ئەو ئەرکەی لەبەردەست نییە.

بەرپرسێکی هەسەدە بە (فۆرین پۆڵسی) ڕاگەیاندووە کە "ئەوەی لەدەستمان بێ دەیکەین بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەموو دووژمنەکانمان ببینەوە" کە مەبەست تورکیا و داعشە. بەڵام ئەزموونی شەڕی عەفرین دەریخست کە شەڕی دژی تورکیا فۆکەسەکان لەسەر شەڕی داعش کەمدەکاتەوە، ئەوەش کێشە بۆ هەموو دەستکەوتەکانی هاوپەیمانان لەدژی داعش دروستدەکات.

لە یەک هەفتەی ڕابردوودا، ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا چوونەتە حاڵەتی سڕبوونەوە، نەک هەر لەبەرئەوەی هەسەدە ناچاربووە هێز ڕەوانەی باکووربکات، بەڵکو وەک بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی دەڵێ هێزە ئەمریکییەکانیش خۆیان "مات داوە و ناجووڵێن"، لەکاتێکدا هەموو هەوڵە هەواڵگریی و سیخوڕییەکانی کە پێشتر بۆ چاودێریی جموجۆڵەکانی داعش لەکاردا بوون، ئێستا "بۆ پاراستنی هێزە ئەمریکییەکان تەرخان کراون".

دوو ڕۆژ پێش هێرشەکانی تورکیا، مەزڵووم کۆبانێ بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕایگەیاندبوو: "داعش دەستی بە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی لە کەمپی ئەلهۆل کردووە و ئێمە ناتوانین 100% کۆنترۆڵی کەمپەکە بکەین". بەیاننامەکەی هەفتەی ڕابردووی کۆشکی سپی ئەرکی چاودێریی ئەو کەمپە و گیراوە داعشەکان لە داهاتوودا دەخاتە ئەستۆی تورکیا، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی نیگەرانن لەوەی بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە ئەو کەمپە و گرتووخانەکانی دیکەی ناوچەکانی هەسەدە بشکێن، لەکاتێکدا شارەزایان پێیانوایە تورکیا ئەو ئەرکەی پێ جێبەجێناکرێت.

ئایکان ئەردەمیر، پەرلەمانتاری پێشووی تورکیا و ئەندامی دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسی ئەمریکی، پێیوایە مەحاڵە تورکیا بتوانێ چاودێری ئەو کەمپ و گرتووخانانە بکات. ئەردەمیر دەڵێ: "ئەوە سەرەتای کارەساتە، لە داهاتوودا دەبینین ژمارەیەکی زیاتر لە داعشەکان لە گرتووخانەکان ڕادەکەن و خۆیان ڕێکدەخەنەوە".

## هەسەدە لەگەڵ ڕووسیا و سووریا ڕێککەوت

دوای هێرشەکەی داعش بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەرپرسانی هەسەدە زۆر هاواریان کرد کە بە هانایانەوە بچن، چونکە تورکیا بەنیازی پاکتاوی نەژادییە، بەڵام دەڵێن کەس گوێی لێنەگرتن، بۆیە دواجار بڕیاریان دا لەگەڵ ڕژێمی سووریا ڕێبکەون.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە 2019/10/13 عیسمەت شێخ حەسەن، سەرۆکی دەستەی پاراستنی کانتۆنی کۆبانێ ڕایگەیاند: "بەهۆی ئەوەی هیچ کەس گوێی بە هاوار و بانگەوازمان نەدا، لەگەڵ حکومەتی سووریا و ڕووسیا ڕێککەوتووین و بڕیارە ئەوان بێنە کۆبانێ، بۆیە داوا لە خەڵکەکە دەکەم لە ئامادەباشی تەواودابن".

سەرۆکی دەستەی پاراستنی کانتۆنی کۆبانێ بە میدیاکانی ڕایگەیاند: "ئەوشتەی کردمان کردمان، بانگەوازمان لە هەموو وڵاتانکرد، تەنانەت وڵاتانی نێودەوڵەتی و کۆمکاری عەرەبی، کە بانگەوازمان لە ئەوانیش کرد. بەهەرحاڵ کەس نەیتوانی دەردی ئێمە دەرمان بکات. بۆیە ئێمە بەخۆمان دەردی خۆمان چارەدەکەین". گوتیشی "ئێستا ئێمە و ڕژێم و ڕووسەکان ڕێککەوتووین، بڕیارە ئەمڕۆ (یەکشەممە) بێنە ئێرە".

## سزاکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لەسەر تورکیا

- بلۆککردنی سامانی سەرۆککۆمار و جێگرەکەی، وەزیرانی: بەرگری، دەرەوە، گەنجینە و دارایی، بازرگانی، وزە و سامانە سرووشتییەکانی تورکیا لە ئەمریکا.
- سزادانی ئەوانەی بە ئاگاییەوە مامەڵەی پیشەسازیی سەربازی لەگەڵ تورکیا دەکەن.
- سزادانی ئەوانەی بە تەکنەلۆژیا و زانیاری، خزمەتی کەرتی وزەی تورکیا دەکەن.
- فرۆشتنی کەرستە، خزمەتگوزاری و تەکنەلۆژیای سەربازیی ئەمریکی بە تورکیا قەدەخە دەکات.
- سزاکان هاریکاریی مرۆیی، دەرمان، هاوکاریی بۆ بەرەپێشبردنی دیموکراسی و هەڵبژاردن و گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری ناگرنەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد لە بەرانبەر ستەمکاری دەبێ چی بکات؟

پیتەر گالبرێس لە کتێبی (کۆتایی عێراق) باس لە هەوڵێکی شکستخواردووی خۆی و دوو هاوڕێی دەکات لە کۆنگرێسی ئەمریکا سەبارەت بە قەدەغەکردنی جینۆسایدی کورد. دەیگێڕێتەوە ساڵی 1988 لە ساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئەنفالدا ئەمان هاتوونەتە عێراق و گەشتێکیان بۆ ناوچەکانی سلێمانی کردووە. بەچاوی خۆیان ڕووخاندنی گوندەکانی گەرمیان و گواستنەوەی ژن و منداڵیان لە گوندەکانەوە بەرەو کەمپەکان بینیوە.

گەڕاونەتەوە ئەمریکا و پرۆژەیەکیان بەناوی قەدەغەکردنی جینۆسایدی کورد گەڵاڵە کردووە تا بەهۆیەوە کۆنگرێس ڕێگە لە دەوڵەتی عێراق بگرێت کورد جینۆساید نەکات. بەڵام لە بەرانبەر هەوڵەکەی ئەماندا نوێنەری ئەو ویلایەتانەی برنجیان بەرهەم هێناوە، پرۆژەیەکی تر ئامادە دەکەن بەناوی جینۆسایدی برنج. لە کۆنگرێس دوای مشتومڕ و گفتوگۆیەکی چەند ڕۆژە، ئەو ئاراستەیە زاڵ دەبێت کە پێویستە چاو لە تاوانەکانی عێراق بپۆشرێت و پرسی جینۆسایدی کورد نەوروژێت، چونکە دەبێتە هۆی نیگەرانیی سەدام و بەهۆیەوە سەدام برنج لە ئەمریکا ناکڕێت، ئەمەش دەبێتە جینۆسایدی برنجی ئەمریکا. بۆیە زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامان دەنگ لەسەر پرۆژەی دووەم دەدەن، بۆ ئەوەی ناردنی برنجەکەیان بۆ عێراق بەردەوام بێت.

ئەگەر تەماشا بکەیت، مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لە نموونەی هاوشێوە. دەوڵەتە گەورە و بەرژەوەندیخوازەکان خوێن و قوربانیی گەلانیان کردووە بە کاڵای بەرژەوەندییەکانیان. ئەوەی پڕوپاگەندەشیان بۆ کردووە بەناوی مافی گەلان و ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، میللەت و گەلە بێ پشت و پەناکانیان پێ فریوداوە تا بەردەوامی بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا گەلی کورد زۆرجار بووەتە قوربانی. هەر لە بنەڕەتەوە دروستکردنی کێشەکەی بۆ وزەی ئەو سیاسەت و گەمە نێودەوڵەتییە بووە. ئەگینا هیچ میللەتێک لەسەر ڕووی زەوی بە ئەندازەی کورد مرۆڤدۆست نییە، هیچ گەلێک وەک کورد لێبووردە نییە. بەڵام ئەم خەسڵەتە نەیگەیاندووەتە هیچ، بگرە لەلایەن نەیارەکانییەوە قۆستراوەتەوە و بەو هۆیەوە کۆمەڵکوژ کراوە. هەمیشەش زلهێزەکانی جیهان و پڕوپاگەندەکارانی مرۆڤایەتی چاویان لە ئاستی تاوانەکان نوقاندووە و گوێی خۆیان لە هاواری کورد کەڕ کردووە.

پرسیار ئەوەیە لە دۆخێکی وادا کورد چی بکات؟ نە کتێبە ئاسمانییەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی نەتەوە سەردەستەکانی ئەم ناوچەیە دەست لە تاوان و سڕینەوەی جیاوازی هەڵگرن، نە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بوونەتە لەمپەر، نە لێبوردەیی کورد و قبوڵکردنی پاشکۆیەتییەکەشی شەفاعەتی بۆ کردووە. ئەی ڕوو لە کوێ بکات؟ ئەگەر پێشتر لە هەر سەدەیەکدا بە چەند جارێک دووبارەبوونەوەی جینۆساید بەخوێن بەرگریی کردووە و ماوەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ، دەبێت بەرچاومان ڕوون بێت داهاتوو وەک ڕابردوو نابێت. ئەگەر جاران بەچەند تفەنگێکی ژەنگاوی ڕووبەڕووی ستەمی داگیرکەرانی بووەتەوە و جۆرێک لە هاوسەنگیی هێز لە نێواندا بووە، یا بە هۆی چیاکانەوە وەک پشت و پەنا لە کاتی تەنگانەدا پەنای بۆ بردووە و دوژمنەکانی توانایان بەسەر شکاندنیدا نەشکاوە و کورد ماوەتەوە. ئێستا بەهۆی گەشەکردنی تەکنەلۆژیاوە هاوکێشەکان گۆڕاون. کورد چی هەیە خۆی پێ بپارێزێت؟

ئەم لەشکرکێشییەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، هەڵوێستی هەریەک لە ئەمریکا و ڕوسیا و چین بۆ ڕێگری لە ئیدانەکردنی تورکیا لەو تاوانە نێودەوڵەتییەی دەیکات، چیمان پێدەڵێت؟ ئایا تەئکیدکردنەوەی ئەو وێنا دزێوەی مرۆڤایەتی نییە کە جگە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتەکان لەم چەرخەشدا هیچ شتێکی تر بەهای نییە؟ کورد چی دەکات نەک بۆ ئەوەی وەک نەتەوەکانی تر بە ئامانجەکانی بگات، لانیکەم بۆ ئەوەی لەسەر خاکەکەی خۆی بمێنێتەوە؟ لە چەند ساڵی ڕابردوودا کورد لە سێ پارچەی کوردستان گەشەی کرد، لە تورکیا بەهۆی پرۆسەی ئاشتییەوە گەیشتە دۆخێک بەبێ کورد نەتوانن حکومەت پێکبهێنن. لە ڕۆژئاوای کوردستان گەیشتە ئاستێک حوکمی جوگرافیاکەی خۆی بکات و بەشێک لە خاکی عەرەبەکانیش بکەونە ژێر قەڵەمڕەوی کورد، باشووریش دەستی گەیشت بەجوگرافیاکەی و بەدوای دەروازەی ڕزگاریدا گەڕا. نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە بڕیاریانداوە لە کورد بدەن. جیهانیش بڕیاریداوە چاوی خۆی دابخات و گوێی خۆی کەڕ بکات، ئەی خۆمان بڕیاری چی دەدەین؟ ئەو بژارانەی لەبەردەستمانن کە دڵنیایی مانەوەی کورد دەدەن، کامانەن؟ چی دەکەین ئەم قۆناغە مەترسیدارە تێپەڕێنین؟

ئەوان خاوەن چەکی پێشکەوتووی ئەلیکترۆنین، خاوەن فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ئێف شازدەن، خاوەن کاتیۆشای دوورمەودای زیرەک و چەکی لێزەرن. خاوەن دڵێکی ڕەق و گرووپگەلی دڕندەن. ئێمە بەم هەستی مرۆڤدۆستی و بیروباوەڕی چەمکی هاووڵاتیبوونەوە چۆن دەتوانین بەرەنگاریان ببینەوە، کە ئەوە سەرەڕیی یاسا نێودەوڵەتییەکان و هەڵوێستی زلهێزەکانی جیهان بێت. ئەوانەی لە دوورەوە هەستی ئینساندۆستی بە میللەتەکەمان دەفرۆشنەوە و پێیانوایە پێویستە کورد بە کلینکسێکی تەڕەوە ڕووبەڕووی جەلادەکەی بێتەوە تا ناوچەوانی گەرمی بکوژەکەی پێ سارد بکاتەوە، ئەو بڕیاری داوە تۆ بکوژێت. ئایا نابێت بیرێک لە خۆمان بکەینەوە هیچ نەبێت بە ئەندازەی ئەو دڕکانەی گوڵێک بۆ پارێزگاری لەخۆی لە پەلکەکەی دەریدێنێت، دڕکمان هەبێت؟

ئەرکی ئێمە خستنەڕووی ئەو مەترسی و خوێندنەوەی ئەو پێشهاتانەیە کە هەستیان پێدەکەین، ئەرکی عاقڵمەندانی ناو هێزە سیاسییەکانیشە ڕێگەچارەی دوورخستنەوەی مەترسییەکان بدۆزنەوە. ئێستا کورد لە ڕۆژئاوا لەبەردەم پەلاماری دڕندەترین لەشکردایە، لە باشوور گەلەکۆمە و هەڕەشەی مەترسیداری لەسەرە. تەماشای تورکیا بکەن گەورەترین پرۆژەکانی ئێستای کە لە جێبەجێکردندان و بودجەی زەبەلاحیان بۆ تەرخان کراوە، دروستکردنی سەتان زیندانی گەورەیە کە شوێنی ملیۆنان مرۆڤی تێدا دەبێتەوە. ئەمانەی بۆ شوێنی دابەستەکردنی ئاژەڵ نییە، بۆ ئەوەیەتی ساڵانی داهاتوو نێرینەکانی کوردی بۆ ئەبەد تێدا بەند بکات. ئایا خستنەڕووی ئەم مەترسییانە تاوانە؟ ختوکەدانی میللەتەکەی خۆت بۆ ئاگاداربوون لەو تەگەرە گەورانەی لەسەر ڕێن، هاندانی توندوتیژی و خراپەکارییە؟

پێویستە کورد لە خەونە خۆشەکەی خەبەر بکرێتەوە. بیهێنێتە پێش چاوی خۆی لەکوێ دەژی، بەرانبەرەکانی کێن، نیازی چییان هەیە؟ توانای خۆی و دوژمنەکانی هەڵسەنگێنێ، چۆن و بەچی دەتوانێت بەرەنگاری پلانە دوژمنکارییەکانیان بێتەوە؟ لەکوێدا دەرفەتی سەرکەوتنی لۆژیکی ماوە دەستی بۆ بەرێت. لە کوێدا دەتوانێت ڕای گشتی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بوروژێنێت، پەنای بۆ بەرێت. لەکوێی ناوەندەکانی دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکاندا نووزەیەکی مرۆڤانە دەدۆزێتەوە بەپیرییەوە بچێت. لە کوێشدا دەتوانێ ئیستێک بە ملهوڕ و ستەمکاران بکات بۆ ئەوەی سڵ لە کوشتنی ژن و منداڵ و بێتاوانی کورد بکەنەوە، دەبێت بیکاتە چەکی دەستی خۆی. ئەوەی باپیرانمان زوو گوتوویانە، مشت لە درەوشە دەگەڕێتەوە.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو کوێ؟

دوابەدوای خستنەڕووی سێ بژارەی "شەڕ، گوشاری ئابووری و ناوبژیوانی" لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە، سەرنجڕاکێشترین هەڵوێست سەبارەت بە دۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی فینلاند بووە. بەگوێرەی هەواڵەکانی کاناڵی MTV-ی فینلاندی، لە ئاخاوتنێکی هەفتەی ڕابردوویدا (12ی ئۆکتۆبەر) وەزیری دەرەوەی فینلاند لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، پێشوازیی گەرمی لە پێشنیاری نێوبژیوانیی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا کرد و بە بیرۆکەیەکی باشی ناوبرد. لەو پێوەندییەدا خاڵی گرینگ لە قسەکانی وەزیری دەرەوەی فینلاندا ئەوە بوو کە گوتی: »کورد لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە کردەوە دەسەڵاتدارێتیی ناوچەکانی باکووری سووریەیان کردووە و ئەوێیان وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بەڕێوە بردووە«. جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە »پێویستە ئیعتراف بە ڕۆڵی ئەوان بکرێ«.

پێککا هاڤیستۆ، وەزیری دەرەوەی فینلاند، بۆ خۆی کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانیی بواری نێوبژیوانییە نێونەتەوەییەکانی ئاشتییە. وا پێدەچێ بیرۆکەی "ئیعتراف بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی باکووری سووریا" بۆچوونی کۆی حکومەتی فینلاند بێت. فینلاند پێشتریش بەتوندی پەلاماری تورکیەی بۆ سەر ڕۆژئاوا مەحکووم کردبوو. هەڵوێستی لەو چەشنەی حکومەتی فینلاند لەو ڕوانگەیەوە بایەخدارە کە فینلاند هەر ئێستا ئەرکی سەرۆکایەتیی دەورەیی یەکیەتیی ئەورووپای لە ئەستۆیە و کاریگەریی لەسەر ئەجندای سیاسیی یەکیەتییەکە هەیە. بەم پێیە، ئەگەر "دانپێدانان بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی باکووری سووریا" بەکردەوە بێتە ناو ئەجندای سیاسیی یەکیەتیی ئەورووپا، دەتوانێ وەرچەرخانێکی یەکجار گەورە بەسەر دیسکۆرسی زاڵ بەسەر ئەم کێشە بەنێودەوڵەتیبووەی ڕۆژئاوای کوردستاندا بهێنێ و لە پرسی "یەپەگە\ داعش" یان "یەپەگە\ تورکیە" وە بیگۆڕێ بۆ پرسی ناکۆکیی نێوان "قەوارەی ئۆتۆنۆمی باکووری سووریا" و "دەوڵەتی تورکیە". هەڵبەت پێشمەرجی ئەم وەرچەرخانە، دانپێدانانی فەرمی و نێودەوڵەتییە بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردستاندا.

بەگوێرەی ئەو شووڵ لێهەڵکێشانەی تورکیە و هەڕەشە ڕاشکاوانەکانی ئەردۆغان لە ئەورووپا (بەوەی کە ئەگەر ڕەخنەی لێ بگرن، لێشاوی پەنابەرانیان بۆ دەنێرێ)، وا پێدەچێ ئەورووپاییەکان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی تەنیا ڕێگا بۆ گۆڕینی هاوکێشەی مامەڵە لەگەڵ تورکیە و دەرهێنانی پرسی کورد لەو بنبەستەی تورکیە تێیهاویشتووە (واتە چکۆلەکردنەوەی پرسی کورد بۆ باسی تێرۆریسم)، تەنیا ڕێگەچارەی ژیرانە قورسکردنی سەنگی لایەنی بەرامبەری تورکیەیە، کە ئەوەش دەکاتە دانپێدانانی فەرمی بە قەوارەی دیفاکتۆی ڕۆژئاوای کوردستاندا. لەڕاستیشدا، تەنیا لەو ڕێگەیەوە پرسی کورد لە پرسی دەستەوامی چاکەی "جەنگاوەرە ئازاکانی شەڕی داعش" (واتە لە پرسێکی ئەخلاقی و ئینسانییەوە) دەگوازرێتەوە بۆ ڕێڕەوی یاسایی و پێناسەکراوی نێودەوڵەتی.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا فینلاند و زۆر لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، لەپێش هەموشیانەوە فەڕانسە، بێ پسانەوە، بەڵام شەرمنانە و زۆرتر بەدزییەوە، لەژێر ناوی هاریکاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا، یارمەتیی ئینسانییان بە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. ئێستا وەختی ئەوە هاتووە، لەسەر ئاستێکی بەرزتری نێودەوڵەتی دان بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردساندا بنرێ، بۆ ئەوەی ڕێسای یارییەکە بە شێوەیەک بگۆڕدرێ کە هێزە نێودەوڵەتییەکان بتوانن قسەیەکی جددیی تێدا بکەن. یەکیەتی ئەورووپا گونجاوترین ئەکتەری نێودەوڵەتییە بۆ شکاندنی ئەم ڕچە گرینگە. هەڵبەت بەفەرمی ناسینی ئۆتۆنۆمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیاردەیەکی بێ پێشینە نییە: ساغکردنەوەی چارەنووسی دوورگەی ئۆلەند لە نێوان سوێد و فینلاند لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکلاکردنەوەی قەوارەی ئەریتیریا لە ئەسیوپیا پێش سەربەخۆیی ئەریتیریا، ستاتووی ئورشەلیم، ڕێککەوتنی تایف بۆ لوبنان، ڕێککەوتنەکانی دایتۆن و رامبوویە لەبارەی بۆسنی و کۆسۆڤۆ، دەوڵەتی دووانەی قوبرس، قۆناغی یەکەمی چارەسەری پرسەکانی تیمۆری ڕۆژهەڵات و باشووری سوودان و تاد. هەموویان نموونەی لەو چەشنەن.

ئێستا کە هەم کۆنگرێسی ئەمریکا و هەم وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا باسی ئامادەکاری بۆ سزادانی ئابووریی تورکیە دەکەن، پێدەچێ ئەو سزایانە (یان هەڕەشەی جێبەجێکردنی ئەو سزایانە)، فاکتەرێکی زەمینەخوڵقێن بن بۆ پێملکردنی تورکیە بە بژارەی سێیەمی دۆناڵد ترەمپ، واتە ناوبژیوانیی نێوان تورکیە و کورد. بێگومان ترەمپ پێشوازی لە هەر جۆرە ڕۆڵبینینێکی ئەورووپا لەم کێشە ئاڵۆزەدا دەکا. سزا ئابوورییەکانی ئەمەریکا (یان هەڕەشەی جێبەجێکردنیان) لە تەنیشت دانپێدانانی یەکیەتیی ئەورووپا بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردستان (یان باکووری سووریا)، لەبارترین زەمینە بۆ دروستبوونی دانوستانێکی هاوسەنگ پێکدەهێنن. ئەوەی لێرەدا گرینگە، پایەدارمانەوەی قەوارە سیاسییە بەرهەڤەکەی ڕۆژئاوای کوردستانە. خاڵی ستراتیژیک لێرەدا ئەوەیە کە پرسی کورد لە قەوارەی شیاوی خۆیدا و لە چوارچێوەی دەستەبەرکردنی پاراستنی قەوارەیەکی سیاسیی دیاریکراودا بۆ کورد، بهێنرێتەوە ناو ڕۆژەڤی نێودەوڵەتی.

چونکە نە دەوڵەتی سووریا نە ئۆپۆزسیۆنی ئەو دەوڵەتە دان بە ئەزموونی ڕۆژئاوا و مافەکانی کورددا نانێن، لە دۆخێکی ئەوتۆدا ئەم شەڕ و هێرشەی ئێستا ڕاشبگیرێ، هێشتا ئاسۆی بەردەم ڕۆژئاوای کوردستان بە لێڵی دەمێنێ. بەڵام مادام تا ساڵانێکی دیکەش زەحمەتە سووریا ئارامی بە خۆیەوە ببینێ، بۆیە هیچ شتێ ئەوەندەی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە ئەزموونی ئۆتۆنۆمیی ڕۆژئاوای کوردستاندا، ئایندە بۆ ئەو قەوارەیە مسۆگەر ناکات. وەک چۆن لە هەناوی کارەساتی ڕەوی ملیۆنیی باشووری کوردستانەوە قەوارەی هەرێمی کوردستان لە دایک بوو، دەشێ ئەم هێرشە ستەمکارانەیەی تورکیەش ببێتە ژانی لەدایکبوونی مەشروعیەتێکی نێودەوڵەتی بۆ قەوارەی دیفاکتۆی ڕۆژئاوای کوردستان. بێگومان کورد پێی خۆشە لە بری "قەوارەی ئۆتۆنۆمی باکووری سووریا" دان بە "قەوارەی سەربەخۆی ڕۆژئاوای کوردستان"دا بنرێ. بەڵام لێرەدا باس لە دۆخێکی هەنووکەیی و هەستیارە و، ئەو شتانەی هەر ئێستا ڕێتێچوون. دەستەبەرکردنی مەشروعیەتی نێودەوڵەتی بۆ قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردستان، خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی مەزنە.

هەڵبەت پێشڤەچوونێکی ئاوا، پێویستی بە هەماهەنگی و بەخۆداچوونەوەیەکی خێرا و هەمەلایەنەی لایەنی کوردیش هەیە: لەلایەکەوە پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆژئاوا کەمێک لەو هەموو سنگفراوانییەی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکانی ناو باکووری سووریا نیشانی داوە، کەمێک لەو گیانی پێکهاتنەی بۆ ڕێککەوتنی هاوبەش لەگەڵ تورکیە و وڵاتەیەکگرتووەکان لە خۆی نیشانداوە، بەرامبەر بە لایەنی کێبڕکێکاری کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستانیش نیشانی بدا. ئەمە نەک لەبەر زەرووڕەتی ئەخلاقیی مەسەلەکە، بەڵکو لەبەر ئەو زەرفیەتە ستراتیژیکیانەی دەشێ لەڕێی یەکیەتیی ئەم هێڵە سیاسییە جیاوازانەوە، بۆی بکرێتەوە. بەهەمان شێوە، پێویستە ئەنەکەسە و هێزەکانی ڕۆژ، بێ دوودڵی و بەهەموو هێزیانەوە لە شەڕی چارەنووسسازی پاراستنی ئەزموونی ڕۆژئاوا بەخاوەن دەربکەون. هەر لەو پێوەندییەدا، سەرکردایەتیی سیاسی و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن و دەبێ زۆر لە ئێستا شێلگیرانەتر دەستوبرد بکەن و کاناڵە دیپلۆماسییەکان بۆ پرۆسەی پشتگیریی نێودەوڵەتی لە قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردستان بقۆزنەوە. بێگومان جڤاکی کوردیی هەندەرانیش- وەک هێڵی پێشەوەی پاڕادیپلۆماسیی گشتیی کورد بۆ کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتیی ڕۆژئاوایی-، پێویستە شێلگیرانەتر و سیستماتیکتر بکەوێتەخۆ.

زەقکردنەوەی تاوانکارییەکانی تورکیە و داخوازیی پاراستنی کورد لە مەترسیی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی، دەبێ تەنیا زەمینەسازی بێت بۆ خستنەڕووی داخوازیی کۆنکرێت و ڕاستەقینە کە ئەویش دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژئاوای کوردستاندا. تەنیا لە دوای ئەم دانپێدانانەوەیە کە کورد لە "شەڕکەرە ئازاکان"ەوە دەبنە خاوەن کەسایەتیی یاسایی، کە دەبێ وەک یەکەیەکی دیفاکتۆی خاوەن کەرامەت و ماف مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. بەدەربڕینێکی تر، کورد دەبێ هاوکات لە دوو هێڵی هاوتەریبدا گوشار لەسەر دنیای دەرەوە و هێزە بڕیاردەرەکان دروست بکات: لەلایەکەوە داوای ڕاگرتنی دەسبەجێی شەڕ و ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین بکا و لە هەمان کاتیشدا، پێداگری لەسەر دانپێدانانی دەسبەجێی نێودەوڵەتی بە ئەزموونی دیفاکتۆی ڕۆژئاوای کوردستان بکا. سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، ئەمەریکا و سەبارەت بە ئامانجی دووەم، یەکیەتی ئەورووپا پشکی شێریان پێ دەبڕێت. هەموو هەوڵی نەیارانی کورد بۆ ئەوەیە کە ئەم گەلە مافخوراوە لە خاڵی سفری "دۆخی سروشتی" خۆپاراستندا ڕابگرن. کورد دەبێ دڕ بەم جغزە بدا و، ئەم هەڕەشە گەورەیەی ئێستا بقۆزێتەوە



د.سەردار عەزیز

# کاتی دروستکردنی شاندێکی دیپلۆماسی کوردییە

دروستکردنی شاندێکی دیپلۆماسی کوردیی هەمەڕەنگ لە ئێستادا، نەک هەر کار و ئەرکێکی هەنووکەییە، بەڵکو دەرفەتێکی زێڕینە بۆ پرسی کورد و بە قازانج بۆ هەموو هێزە کوردییەکان دەشکێتەوە بەبێ جیاوازی، لە هەمانکاتدا ئامادەییەکی باش هەیە لە دونیادا.

ئەم دیدەی ئێمە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بنەمای گرتووە.

یەکەم، نەیارییەکی زۆر هەیە بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانی سووریا. ئەم نەیارییە، تەنها لە پشتیوانییەوە بۆ کورد سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندیی هێز و ناوەندە جیاوازەکانی دونیاوە هەیە. بێگومان هەر لایەک بەرژەوەندی جیاوازی هەیە، بەڵام کەم ناوەندی دەسەڵاتی جیهانی هەن بەرژەوەندییان لە دۆخەکەدا نەبێت. ڕووسیا بە ڕاستەوخۆ بەشێکە لە جەنگی سووریا و پلانی هەیە کە بۆ ماوەی درێژخایەن لە ناوچەکدا بمێنێتەوە. چین دەیەوێت بکشێت بۆ ناوچەکە و پشتێنەی ئاوریشمین بەوێدا تێپەڕێ. ئەمریکا وەک لایەنێکی جیهانی کە لەژێر فشاردایە، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن هاوسەنگی لایەنەکان ڕابگرێت. لە سەرووی هەموویانەوە ئەورووپاییەکان کە بەرژەوەندی و مەترسییان هەیە لە دۆخەکە. هەموو ئەمانە پرسن کە شاندی کوردی دەتوانێت سوودیان لێ ببینێ و دیدی کوردی دەربارەیان داڕێژێت و دانوستاندنی لەسەر بکات.

دووەم، هێنانەئارای خیتابی ئاشتی و دیپلۆماسی لە ساتەوەختی جەنگێکدا کە نەیاری زۆرە، گوێگری زۆر دەبێت. ئەمە دەرفەتێک دەڕەخسێنێ کە بۆ یەکەمجار کورد گوێی لێبگیرێت، جیاواز لە جارەکانی تر لە ڕابردوودا. ئەگەر ئەم هەوڵە نەبێتە هۆی هاتنە ئارای پرۆسەی ئاشتیی دەستوبرد، ئەوا دەبێتە بنەمایەک بۆ داهاتوو کە بەپێی زانیارییەکان ئێستا تورکیا وەها بیردەکاتەوە ئەگەر کوردستانی سوریا لاوازبکات پاش ئەوە کاتی دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی دێت. ڕێگەچارەی دیپلۆماسی، کە یانی پرۆسەی ئاشتی، لە زیاتر لە سەرچاوەیەکی ئەمریکییەوە ئاماژەیان پێدراوە.

سێیەم، سیاسەتی جیهانی لە دۆخێکی وەرچەرخاندایە، سی ساڵی پاش جەنگی سارد کۆتایی هات کە ئەمریکا تیایدا باڵادەست بوو. لە وەرچەرخانی جیهاندا هێزی نوێ دێتە ئاراوە، ئەم ساتەوەختە بۆ نوێنەرایەتی کوردی بۆ ئێستا و داهاتوو گرنگە، چونکە ململانێی هێزە جیهانییەکان بەشێکی زۆری لە سەر ناوچەکە دەبێت. کورد دەتوانێت قەیرانی لەگەڵ وڵاتاندا بگۆڕێت بۆ دەرفەت و مەترسی. سیاسەتی نێودەوڵەتی هەمیشە گوێڕادێرە بۆ دەرفەت و مەترسی.

دەبێت شاندەکە چۆن بێت؟

شاندی کوردی هەتا نوێنەرایەتی زیاتری کورد بکات، هێز و سەنگی زیاتر دەبێت. لە هەمانکاتدا دەبێت خەڵکی تری کوردستان لەخۆی بگرێت. دەبێت ئافرەتی تێدابێت وەک ئەندام، دەکرێت دۆستی کوردی بیانیشی تێدابێت، کەسێکی وەک بێرنارد کوشنەر بۆ نموونە. لە هەمانکاتدا دەبێت لەڕووی تەکنیکییەوە چەند خەسڵەتێکی هەبێت: یەکەم، دەبێت تیمێکی ڕاوێژکاری بە توانای لەپشت بێت. شاندەکە دەبێت کەسی زمانزان و بە توانای تێدابێت کە بتوانێت لەگەڵ میدیای جیهانیدا بە باشی مامەڵە بکات. دەبێت پلانڕێژی باشی کارەکە بکرێت: سەرەتا لە کوێوە دەستپێبکرێت، کە بەڕای من دەبێت لە واشنتنەوە بێت، پاشان بۆ برۆکسل، ئینجا مۆسکۆ پاشان پەکین.

پاش ئەم دیدارانە دەکرێت لە جێگایەکی وەک کۆشکی ئەلیزێ کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز بکرێت، کە لە ساتی ئێستادا ماکرۆن ئامادەیی دەبێت بۆ کارێکی وەها، یان لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا، یان واشنتن.

دەبێت ئەم هەنگاوە بە خێرایی بنرێت، چونکە وەک دەنگۆ هەیە، ئەمریکا هەتا 13ی مانگی داهاتوو دەرفەتی بە تورکیا داوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# ئای عەمۆ!

"ئای عەمۆ" هاواری سارای حەوت ساڵان بوو بە دەست ئازاری پەڕینی لاقی ڕاستییەوە، بەڵام ترەمپ و جیهان هاواری سارایان نەبیست. دایکیان لەبەر دەرگای ماڵەکەیان لە ئەنجامی بۆمبابارانی تورکیادا لە گەڕەکی شاری قامشلۆ گیانی لەدەستدا. سارا لەگەڵ یوسفی برای 12 ساڵانیدا لەبەر دەرگابوون، خوێنی یوسف و سارا لەبەر دەرگای ماڵەکەیان لەگەڵ چەند تەماتەیەک و چەند نانێکی دەستیان و پێڵاوەکانیان تێکەڵبوون. ئێستاش کەس نازانێت کوشتنی منداڵان و ژنان، بۆمبابارانی شاری قامشلۆ، دەرەوەی ئەو سنوورەیە کە ترەمپ بۆ تورکیای داناوە یان نا. قامشلۆ ئەو شارەیە کە خەڵکەکەی بە خۆشەویستی خۆیان بۆ هەموو جەنگاوەرانی دژی داعش، شارەکەیان کردبووە سەنتەری ئارام دانیشتن و شوێنی هێمنی پلاندانانی ئەمریکییەکان و فەرەنسی و بەریتانی و هاوپەیمانانی دژی داعش.

سارا لەسەر تەختێکی سادەی نەخۆشخانەیەکی سادە، بە توانای پزیشکیی زۆر سادەوە برینە زۆر سەختەکەی سەروبەر دەکرا، هاواری ئازاری لاقی پەڕیو و ئازاری چارەسەرەکردنە سەرەتاییەکەی بە دەست پزیشکەوە هاواری "ئای عەمۆ"ی زیاد دەکرد، دڵی هەموو مرۆڤێکی شەقدەکرد، تەنیا ترەمپ نەبێت. ئەگەر گەلی ئەمریکا بە دروستی لە "ئای عەمۆ"ی سارا تێبگەن، شەرم دەکەن کە سەرۆکێکی وەک ترەمپیان هەیە.

"ئای عەمۆ"ی سارا هاوارێکە هەموو مرۆڤێکی کورد وەک حەسرەتێک لە دڵی خۆیدا هەڵیدەگرێت، تاوەکو ئەو ڕۆژەی ئەو جیهانە دوور لە دادپەروەرییە بەجێدەهێڵێت. تێدەگات لەوانەیە هەموو ڕۆژێک سەرۆکی گەورەترین وڵات، کە ئیدعای ئەوە دەکات سیاسەتی لەسەر بنەمای پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و مافی مرۆڤ و دیموکراسی دامەزراوە، چاو لە تاوانێکی گەورەی ئینسانیی بەوشێوەیە داپۆشێت. بەهۆی سیاسەت و تویتە خاڵی لە بەها مرۆڤایەتییەکان، هاواری سارا و منداڵانی قامشلۆ و سەرێ کانی تێکەڵاوی هاواری منداڵانی داقووق بوو، هەمووشیان پێکەوە دەچنە هزری مرۆڤی کوردەوە. ئەو کوردەی تاکە گەلی پێشوازیکار بوو لە هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا. بێگومانم دوای ئەو ئەزموونە، لەمەودوا کورد بە دوای هاوپەیمانی دیکەدا دەگەڕێت.

ترەمپ دەیەوێت، دروشمی "سەربازەکانمان لەنێو شەڕگەی شەڕە بێ کۆتاییەکاندا دەکێشمەوە"، بە خوێنی کوردەوە بکاتە دروشمی هەڵخەڵەتاندنی گەلی ئەمریکا بۆ دووبارە دانیشتنەوە لە کۆشکی سپی، بەڵام دڵنیام ئەگەر هەر ڕکابەرێکی، تەنیا چیرۆکی سارا بەکاربێنێت، دەتوانێ تاوەکو ئەبەد ترەمپ لە کۆشکی سپی دووربخاتەوە. هەروەک چۆن لە خولی ڕابردوودا ، ترەمپ خۆی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق کردە بیانووی هێرشکردنە سەر ئۆباما و دیموکراتەکان وەک "هەڵەی ستراتیژی" و "هۆکاری سەرهەڵدانی داعش". داعش 2، زۆر مەترسیدارتر دەبێت، هەروەک پەیمانگەی جەنگی ئەمریکاش لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژدا باسی لەنێونەچوون و بەهێزبوونەوەی داعش دەکات، ئەو هەنگاوەی ترەمپ بە ڕێگەدان بە هێرشی تورکیا، بەهێزبوونەوەی داعش زۆر خێراتر دەکات. هەرچەندە گرووپە چەکدارەکانی (سوپای نیشتیمانیی سووریا)ی سەر بە تورکیا لە باوەڕ و کردەوەدا هیچیان لە داعش جیاوازتر نییە .

ترەمپ لە تویتە بێسەروبەرەکانیدا، ڕەخنە لە کورد دەگرێت کە لە جەنگی جیهانیی دووەم و شەڕی نۆرماندی دا یارمەتی ئەمریکای نەداوە، ئەوە کورد لە شەڕی تێکشکاندنی داعشدا یارمەتی ئەمریکای دا و ستراتیژی شەڕکردن بە هێزە لۆکالییەکان و نەناردنی سوپای ئەمریکای بۆ بەرەکانی شەڕی داعش، بەخوێنی زیاتر لە 13 هەزار شەڕڤان و پێشمەرگە سەرخست، کەچی لە دواییدا پاداشتەکەی هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و هێرشی تورکیا بوو لە 9ی ئۆکتۆبەری 2019 .

کورد داوای لە ترەمپ و ئەمریکا نەکردووە شەڕی حەشدی شەعبی و سوپای تورکیای بۆ بکات، داوایکردووە ڕێککەوتنی سیاسی نەکات بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ هێرشی ئەو هێزانە بۆ ئەو شوێنانەی کە بە خوێنی کورد ڕزگار کراون. داوایکردووە یارمەتیدەریان بێت بۆ ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانەی ئاشتیانە.

ترەمپ دەڵێ هێز دەکێشمەوە لە سووریا و شەڕی کورد و تورک شەڕی 200 ساڵەیە، بەڵام لە هەمان ڕۆژدا دەڵێ 3000 سەرباز دەنێرینە سعودیە، چونکە ئەوان هەموو پارەکە دەدەن وەک ترەمپ دەڵێت. کورد پارەی نییە، بەڵام خوێنی دەیان هەزار کەسی دا بۆ پاراستنی ئەو بنەمایانەی کە لینکۆلن وەک شانازییەکانی ئەمریکا لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکادا دایناون. هەڵوێستفرۆشیی ترەمپ مایەی شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ مێژووی ئەمریکا.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# واشنتۆنەکەمان سووتاوە!

پرسیارێکی گرنگ هەیە: ئەمریکا خیانەتی لە کورد کردووە و کردووەتەوە یان کورد وەک هەمیشە لە ئەمریکا تێنەگەیشتووە؟ ئەگەر بە قسەی دوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی بێ، کە وەک ئێمە لە هۆنگ کۆنگن و کار لەسەر ئەو دۆزەی نزیک لە دۆزی کوردستان دەکەن، دەبێ بڵێین ئەمریکا خیانەتی لێکردووین و خەڵکی وڵاتەکەش شەرم لەو خیانەتە دەکەن. بەڵام ئەگەر بەدڵ نا، بەڵکو بە مەنتیق بیری لێبکەینەوە، دەزانین هەمیشە ئەمریکامان خۆشویستووە و قەت بەتەواوەتی سیستمەکەیمان نەناسیوە.

یەکێک لەو کێشانەی لە ساڵانی شەست و تەنانەت حەفتاشدا وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی نیگەران دەکرد، کشانەوەی بەریتانیا بوو لە ناوچەکە. ئەوان دەوڵەتۆچکەی لاوازیان هەبوون و ئێرانی پێشکەوتووی حەمەڕەزا شا چاوی لە خاکەکەیان بوو. هەرچەندە ئینگلیز هەر کشانەوە، بەڵام لەو ساڵانەدا زوو زوو بۆ ڕەواندنەوەی خەمی شێخ و میرەکان دەیانگوت: "لای ئێمە دیموکراسی هەیە و مەرج نییە حکومەتی چوار ساڵ دواتر بیەوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکشێتەوە". ئەو قسەیەی ئینگلیزەکان ڕاست نەبوو، چونکە هەر لەو ساڵ و مانگانەدا لە تەلەفیزیۆنی بی بی سی درامایەکی سیاسی پەخش دەکرا و ڕوونیدەکردەوە کە سیاسەتی وەزارەتەکان و حکومەتی بەریتانیا وەزیرەکان دایانانێن و جێبەجێی ناکەن، بەڵکو لە هەر وەزارەتێکدا ستافێکی شارەزا و ورد هەن کە لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا ناگۆڕێن و هەندێکیان چەندین دەیە کار لەسەر دۆسیەکان دەکەن. ئەو ستافانە دەزانن چۆن بڕیاری ڕاست دەدرێ و چۆن بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی بەریتانیا دەپارێزرێن. بۆنموونە ئەوەی تێرێزا مەی و دوای ئەویش بۆریس جۆنسن لە مەسەلەی بریگزیتدا پێیانبڕاوە ئەوەیە کە بەبێ ئەوەی زیان لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بدەن خواستی زۆربەی گەل جێبەجێ بکەن. بۆیەش کاتێک مەی نەیتوانی هەم ستافە شارەزا کاریگەرەکان لەسەر حیزبەکان و گەلی بەریتانیاش ڕازی بکات، ناچار بوو دەستهەڵگرێ.

لە ئەمریکا سیستمەکە تەواو پێچەوانەیە. بۆیەش هەندێکجار پاش هەڵبژاردنێک تەنیا شێوازی دەربڕینەکان ناگۆڕێن، بەڵکو تەواوی سیستمەکە دەگۆڕێت. هۆیەکەشی ئەوەیە سیستمی ئەمریکی هەر چوار ساڵ جارێک سەرۆکێک هەڵدەبژێرێت کە نزیکەی هێندەی دیکتاتۆرێک دەسەڵاتی هەیە و دەتوانێ هەموو شتێکی پێش خۆی سەرەوبن بکاتەوە. لەو سیستمەدا سەرۆک لە چوار ساڵی یەکەمیدا هەر خەریکی شارەزابوون و تێگەیشتن لە دۆسیەکان و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنە. بۆیە زۆرینەی سەرۆکەکان حەزیان کردووە هەڵببژێردرێنەوە تا لە خولی دووەمدا سەرۆکایەتیی ڕاستەقینە بکەن. ئێستا ترەمپ خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات و دەبێ بەڵێنی هێنانەوەی سەربازانی ئەمریکی بۆ ئەمریکا جێبەجێ بکات. ئەو سەلماندوویەتی کە لە نەوەی سیاسەتمەدارانی خاوەن هەندێک پرەنسیپ نییە و بزنسمەنە و تەوقەکردنەکانیشی بەوە لێکدەداتەوە کە چەندی تێدەچێ و چەندی لێ دەستدەکەوێ. ئەمە ستایلی ترەمپە و دیموکراسییەکەی ئەمریکا ڕێگەیپێداوە ئاوا هەڵسوکەوت بکات، بەڵام ئەگەر ئێمە بڕوامان بەو سەرۆکە و بەو سیستمە کرد خەتای ئەمریکایە یان خۆمان؟

کورد دەبێ دۆستەکانی ئێستای و ئایندەشی بە باشی بناسێ. ڕاستە ناچارە پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەمریکا هەبێ، بەڵام دەبێ سیستمەکەی بناسێ و زۆر دۆستی دیکەی چاکی وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیسرائیل و تەنانەت ڕووسیاشی هەبێ کە هیچیان وەک سیستمە ئەمریکییەکە نایفرۆشن. تێنەگەیشتنی ئێمە لە ئەمریکا زۆر لە چیرۆکی ئەو هاوڕێیەم دەچێ کە شارەزاییەکی تەکنیکیی باڵای هەیە و بۆ کەسێک بەو زمانە تەکنیکییە قسەی کردبوو، ئەویش بە هاوڕێکانی گوتبوو: "بە زمانێک قسە دەکات تەنانەت ئەگەر بڵێت واشنتۆنەکەی سووتاوە، دەزانم مانایەکی تەکنیکیی هەیە"، جا ڕاستییەکەی ئەمڕۆژانە ئێمەش خراپ واشنتۆنەکەمان سووتاوە!



ڕەفعەت سەلیمی

# عێراق و شیزۆفرینیای سیاسی

لە گۆڕەپانی تەحریری بەغدا، هاووڵاتییەکی نەدار، دەستکورت، بێکار و بێ داهات بەقیرەوەستاوە کە وڵاتەکەی هەرچەند بەپێی ئامارەکانی بانکی جیهانی بۆ ساڵی 2014 چوارەم گەورەترین یەدەکی نەوتی جیهانی هەیە، بەڵام ٪22ی حەشیمەتە 40 ملیۆنیەکەی بە داهاتی کەمتر لە دوو دۆلار دەژین و لە هەر شەش بنەماڵە، یەک بنەماڵەی لەگەڵ نەبوونی ئاسایشی خۆراکدا بەرەوڕووە، هەروەها بەپێی بەراوردی ڕێکخراوی ناحکومیی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە.

ئەم خۆپیشاندانانەی دوایی جەماوەری تووڕە و ناڕازی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق و ژمارەی کوژراوانی پێمان دەڵێت، خەڵکی وڵاتێک کە لە سەدەی بیستەم و لە ئەنجامی کەوتنی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە و بەشێوازێکی ئەمری و تەنانەت بەئەمری زلهێزانێک لە دەرەوەی ناوچەکە دروستکراوە، قەت ئەم یەکەی جوگرافیای سیاسییە بە نیشتمان نازانن و سەرووتر لەوەش، تەنانەت نە خەڵکەکە خۆیان بە نەتەوە دەزانن و نە حاکمانی ئەم یەکە سیاسییە خۆیان بە ڕێبەرانی نەتەوەیەک. هەنووکە جەماوەری عێراقی بەگشتی، هەرگیز بەڵگەی سەرکەوتنی پرۆژەی نەتەوەسازیی بەریتانیا و فەرەنسا و تەنانەت نوخبەی عێراقی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم نین.

مێژوو سەلماندوویەتی کە وەها وڵاتێک لە سەرەتای ساختەکردنیەوە تاکوو ئێستا، هەموو هەوڵێکی بۆ بەنەتەوەکردنی چەندین گەلی جیاواز شکستی هێناوە، تەنانەت دیموکراسیی تەوافوقیش وەک چارەسەر وەرناگرێت و دواجار دەیتفێنێتەوە. ئەم سیستەمە سیاسییەی ئێستای عێراق، ڤێرژنێکی ناسەرکەوتووی دیموکراسیی تەوافوقیە (Consensus Democ-racy) کە ڤێرژنە سەرەکیەکەی لە وڵاتانێکی وەک بەلجیکا و سویسرا هەیە و ئەم ڤێرژنە نارەسەنەی کە تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین داتاشراوە، تا ئێستا لە لوبنان و عێراقدا پیادە کراوە و لە هەردوو وڵاتیشدا فاشیل بووە. لەم مۆدیلە دیمۆکراسیە پەرلەمانیەدا، سازان و ڕێککەوتنگەلێک کە لەوانەیە زۆرجار بەتەواوی دیموکراتیک نەبن، لە دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان گرووپە قەومی، نەتەوەیی، سیاسی و تایفیەکاندا ڕۆڵ دەبینێت. دیموکراسی بەسازان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و وڵاتێکی وەک عێراق شکست دەهێنێت چونکە عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاکوو ئێستا نەیتوانیوە کێشەی سەرەکیی وڵاتێکی فرەنەتەوە کە بەرجەستەترین کۆسپی بەردەم دروستبوونی شوناسێکی نەتەوەیی مایەی شانازییە، چارەسەر بکات. ئینتیما بۆ نیشتمانێک بەناوی عێراق لەلای کوردی عێراق قەت نەبووە، هەروەها ئینتیما بۆ نیشتمانێک بەناوی عێراق لەلایەن عەرەبێکی شیعەی عێراقی تا 2004 وجودی نەبووە و لە 2003 بەدواوە و پاش ڕووخانی سەدامیش ئینتیما بۆ نیشتمانێک بەناوی عێراق لەلای عەرەبێکی سوننەی عێراقی نەماوە. واتە کورد کە بەدرێژایی مێژوو عێراقی بەنیشتمان نەزانیوە و عەرەبی عێراقیش کە بەرداشی مەزهەب دوولەتی کردوون، هەر بەشێکیان (سوننە و شیعە) تەنیا و تەنیا بەحوکمی بەرژەوەندی و سەردەمێکی کاتی کە دەسەڵاتی عێراق لەدەست حاکمێکی هاوتایفەی خۆیاندا بووە، ئینتیمایەکی هەرەلەرزۆکی عێراقیبوونیان لەلا دروست بووە. کەواتە فەشەلهێنانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان و نوخبەی سیاسیی عێراقی لە دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش لەلای هاووڵاتیی عێراقی، هەوێنی هەموو کێشە و ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییە مێژینەکانی عێراق بووە تادەگاتە ئەمڕۆ. (ئەڵبەت ئەگەر چاودێرێکی بەویژدان بین دەزانین کە وەها کارێک مەحاڵ دەنوێنێ). بەڵام ئەوەی کە ئەم نائارامی و ناڕەزاییانەی ئەخیر هیچ لیدەر، ڕێکخەر یان سەرۆکێکی نییە و خەڵک بەشێوازی خۆڕسک و لە دەرەنجامی گەندەڵی و بێکاری لە هەموو چین و توێژێک دەرژێنە سەرشەقامەکان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دوای زیاتر لە سەد ساڵ هێشتا نوخبەی سیاسیی عێراق، لەپێناو بەرژەوەندیی سیاسی و تایفی و ڕەنگە بەئەمری وڵاتانی ئیقلیمی چاوی لەئاست مەحاڵبوونی دروستکردنی شوناسێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی عێراقی نوقاندووە و پەمووشی لە گوێ ئاخنیوە و هێشتا هەر پێداگری لە بەردەوامیدان بە شکڵی ناتەندروستی پێدانی دەرمانی ئازارشکێن بە جەماوەرێک دەکات کە لەزگەی بەزۆر بەیەکەوەلکاندنیان هۆکاری سەرەکیی نەخۆشینی مێژینەیانە. سەیرە کە لەپانتایی ساحەی سیاسیی عێراقدا یەک نوخبەی سیاسی لەبەر بقەی پارچەبوونی عێراق ئامادە نەبێت نەک ڕێبەرایەتی ناڕەزاییەکان بکات، بەڵکوو تەنانەت بێتەڕیزی پێشەوەی خەڵکێکی داماوی گیانبەلێوگەیشتوو. مێژوو پێماندەڵێت کە عێراق نە کودەتا و داگیرکاری و شەڕی وڵاتانی دراوسێ و دیکتاتۆریەت و تەنانەت نە دیموکراسیی تەوافوقیش هیچیان نایکاتە وڵاتێک مایەی شانازیی هەموو هاونیشتمانیان بێت. هەر خودی هەبوونی دیموکراسیەکی تەوافوقی لەسەر سازانی کورد و شیعە و سوننە و دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوانیاندا، بەرچاوترین بەڵگەی نەبوونی شوناسی نەتەوەیی عێراقیبوونە.

هەموو ئەمانەی کە باسکران، وایانکردووە کە عێراق ببێتە گۆڕەپانی زۆرانبازی و کایەی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە، بەجۆرێک کە ئەحمەد سەولی (احمد صولی) مامۆستای زانکۆی سەنت ئەندرۆوزی سکۆتلەند لە کتێبێکدا کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نووسیویەتی، عێراق بە وڵاتێک ناودەبات کە تووشی "شیزۆفرینیای سیاسی" بووە. بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنگە نەزانن دەبێ بڵێم شیزۆفرینیا دەستەواژەیەکی دەروونناسیە کە دەلالەت لە نەخۆشینێکی نەفسی دەکات تێیدا ڕۆح و ڕەوانی کەسی تووشبوو دەبێت بە دوو پارچەوە. هەر بەگوێرەی نووسینەکەی ئەحمەد سەولی، یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکانی ئەم ڕەوشەی عێراق ئەو دەورەیە کە وڵاتانی دیکە لە عێراقدا دەیبینن و هەرکامەیان وەها دەسەڵات و نفووزێکیان پەیدا کردووە کە دەتوانن ڕووداوەکانی عێراق بەگوێرەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆیان ئاراستە بکەن. سەبارەت بە عەرەبی سوننە، دەتوانین بڵێین هێندەی خۆیان سەر بە سعودیە دەزانن ئەوەندە خۆیان سەر بە عێراق نازانن. سەبارەت بە شیعە و ئێرانیش ڕەوشەکە کەموزۆر بەهەمان شێوەیە. هەرئەمەشە وایکردووە دەسەڵاتی عێراق کە دەکەوێتە دەستی هەر کەس و لایەنێک، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ ناتوانێت خزمەتێکی شایستە بە هاووڵاتیان بکات. دەسەڵاتی عێراق ناوکی بە گەندەڵییەوە بڕاوە. تەنانەت ئەگەر هاوشێوەی کورد، هەرێمێک بۆ عەرەبی سوننەش دروستبکرێت، هەر کێشەی ناسەقامگیری و گەندەڵی لە عێراق چارەسەر نابێت. خۆ ئێستا و لەم خۆپیشاندانەی ئەخیردا عەرەبی شیعە ئەگەرچی دەسەڵاتیشیان بەدەستە و حوکمی عێراق دەکەن، بەڵام چینی مامناوەند و هەژاریان لەهەمووان ناڕازیترن و خۆیان لە هەمووان زیاتر بە مەغدوور دەزانن و هەرواشە. ئەمە دەرخەری ئەو واقیعەیە کە نوخبەی سیاسیی شیعی هێندەی گوێڕایەڵی ئێرانە و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەی لا لەپێشترە، هێندە لە خەمی نیشتمانەکەی خۆیدا و ئاسایش و خۆشبژێویی هاووڵاتیانی شیعەی عێراقیدا نییە هەرچەند شەوورۆژ گوێی فەلەکیان بە دروشمی باقوبریقی وەک "شەعبی عێراقی" و "نیشتمانی خۆشەویستی عێراق" کەڕکردبێت.

چارەسەر تەنیا لێکردنەوەی لەزگەی نێوان گەلانی عێراقە کە بەزۆر بەیەکەوەی نوساندوون و هەر دەشکرێتەوە، ڕەنگە درەنگ و زووی هەبێت، بەڵام ئەملاوئەولای نییە.



زریان ڕۆژهەڵاتی
ziryan.rojhelati@rudaw.net

# سێیەمین جەنگی ڕۆژئاوا

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، تورکیا هەر ساڵە و هێرشێکی گەورەی کردووەتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و ئامانجەکەیشی، وەک ئەوەی کە نەیشاردووەتەوە، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی قەوارەیەکی سیاسییە بۆ کورد. جاری یەکەم بە پاساوی شەڕی داعش و بە ئامانجی بڕینی پەیوەندیی نێوان عەفرین و کۆبانی، حەوت مانگ و پێنج ڕۆژ شەڕی کرد هەتا خۆی گەیاندە ئەلباب. جاری دووەم لە ساڵی 2018دا بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهان هێرشێکی دیکەی کرد و لەماوەی دوو مانگ و چوار ڕۆژدا عەفرینی گرت. ئەمەی ئەمجارەش بە پاساوی دروستکردنی ناوچەی ئارام و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە نۆی مانگەوە دەستیپێکردووە. هێشتا دیار نییە لەشکرکێشییەکەی ئەمجارەی تورکیا چەندێک دەخایەنێت و ئەنجامەکەی چۆن دەبێت، بەڵام بەر لە یەکلابوونەوەی داهاتووی سووریا، ئەنکەرە ئەمە بەدوا دەرفەتی خۆی دەزانێت بۆ لەناوبردنی ئەوەی کە بە هەڕەشەی دەزانێت و کوردیش وەک شەڕی مان و نەمان سەیری دەکەن.

## وردەکاریی ئامانجەکانی شەڕ

تورکیا بەتەمایە جوگرافیایەک بە مەودایەکی نێوان 140-120 کم و قووڵایی 32-30 کم، کە سەرێکانی و گرێسپی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بگرێت و لەوەشدا بەشێک لە گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریای لەگەڵدایە کە بەناوی جەیشی وەتەنی ڕێکخراونەتەوە. هەوڵی سەرەکیی تورکیا ئەوەیە خۆی بگەیەنێتە ڕێگای ئێم فۆر و بەوەش هاتوچۆی نێوان قامشلۆ و کۆبانی ببڕێت. بەو پێیەش، ئەگەر تورکیا ئەوە بکات، ئەوا ڕێگای نێوان قامشلۆ-کۆبانی دەبێ بچێتە خوارتر و بە ڕەقەدا تێپەڕبێت. هەرچەندە ئێستا ڕەقە و دێرەزوور هەر لە دەستی هێزەکانی سووریای دیموکراتیکدان، بەڵام لەبەر ناڕوونیی داهاتووی ئەو ناوچانە، گواستنەوەی ڕێگای قامشلۆ- کۆبانی بۆ ئەوێ، واتای دابڕانی کردەیی ئەو دووانە لەیەک دەدات. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەگەر تورکیا و هێزە پاڵپشتیکارەکانی بتوانن کۆنترۆڵی ئەو جاددەیە بگرنە دەست، بە ئاسانی دەگەنە دەشتاییەکانی بەینی پارێزگاکانی حەسەکە و ڕەقە کە زیاتر عەرەبی لێ نیشتەجێیە و ئەمەش لە ماوەی درێژخایەندا، ڕێگا ئەڵتەرناتیڤەکانی بەستنەوەی کۆبانی- قامشلۆ بە یەکتری لەناودەبات.

جگە لەوە، دابڕاندنی کۆبانی کە نفووسێکی یەکدەستی کوردیی هەیە، لە قامشلۆ- جزیرە کە بەوجۆرە نییە، وا دەکات ڕەنگی کوردی لە هەر جۆرە ئیدارەیەکی گریمانەیی ئەو ناوچانەدا کاڵتر بێتەوە.

تورکیا بە تەمایە لەڕێی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی و وشکانی، لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتەی عەرەبی، دەست بەسەر ئەو ناوچەیەدا بگرێت. لەبەرامبەردا، وادیارە کە هێزەکانی سووریای دیموکرات تا ئێستا، توانا و ئامادەکاریی بەرگرییان هەیە. دەستبەدەستبوونی چەندجارەی هەندێک شوێن لەو ناوچەیەدا لە بەینی تورکیا و هەسەدە، ئەویش تەنیا لەماوەی کەمتر لە شەش ڕۆژی یەکەمی جەنگدا، واتای بەهێزیی بەرگرییەکە دەدات. کەوتنی ناوچەکانی نێوان سەرێکانی و گرێسپی بۆ هەسەدە واتای مان و نەمان یان سنوورداربوون لە ناوچەیەکی جوگرافیی بەرتەسکتر دەدات. ئەگەر تورکیا ئەو ناوچەیە بگرێت، ئەوسا جگە لە دابڕانی پەیوەندیی جزیرە- کۆبانی، واتای دروستبوونی تەهدیدێکی سەربازی و سیاسیی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆبانیش دەدات. چونکە لە سێ لاوە (ناوچەی قەڵغانی فرات- تورکیا و ئەم ناوچەی کە ئێستا شەڕی تێدایە) دەکەوێتە گەمارۆ و ئەمەش وای لێدەکات تەنیا لەڕێی ڕەقەوە هەناسەیەک وەربگرێت کە ئەویش کاتی دەبێت و دواجار یان لەلایەن لایەنگرانی تورکیاوە دەگیرێت، یان بەناچاری دەبێ مل بۆ داواکارییەکانی دیمەشق کەچ بکات.

جگە لەوە، باڵادەستبوونی تورکیا لەو ناوچەیەی کە بەتەمایە بیگرێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەکانەوەی بەشێک لە عەرەبەکانی هاوپەیمانی کورد لەنێو هەسەدە دابنێت. بەشێکیان یان دەچنە پاڵ تورکیا یان دەچنەوە پاڵ حکوومەتی دیمەشق. ئەمەش بە کورتییەکەی واتای سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە ناوچەیەکی بەرتەسکی پارێزگای حەسەکە/ جزیرە کە هاوسنووری هەرێمی کوردستانە. ئا لەبەر ئەو هۆکارانە، ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاوا، شەڕی ئەمجارە بە شەڕی مان و نەمان سەیر دەکات و لەبەر ئەوەشە کە توانای خۆی خستووەتەگەڕ بۆئەوەی بەرگرییەکی بەهێز بکات.

## هەڵوێستی نێودەوڵەتی

جگە لە ئەمریکا، هەریەک لە ڕووسیا و ئێرانیش بێ مەیل نین بۆ ئەوەی گوێ لە خواستەکانی تورکیا سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان بگرن. پێشتر ڕووسیا و ئێرانیش باسی ئەوەیان کردووە کە پێویستە تورکیا بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییە ئەمنییەکانی خۆی لە سووریا، ڕێککەوتننامەی ئەدەنە لەگەڵ سووریا زیندوو بکاتەوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە ساڵی 1998 ڕێگای بۆ دەرکردنی ئۆجەلان لە سووریا خۆشکردبوو. ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە ئێران و ڕووسیاش، ئامادەیی قبوڵکردنی داواکانی تورکیایان تێدایە، بەس بە مەرجی ڕێککەوتن لەگەڵ سووریا. هەرچی ئەورووپاشە، لەبەر ئەگەری کردنەوەی دەرگای پەنابەران لەلایەن تورکیاوە، چەندەی دژیش بێت توانای بەرەنگاربوونەوەیەکی جددی نییە. کۆمکاری عەرەبی ئیدانەی لەشکرکێشییەکەی کردووە، بەڵام ئەو لە ساحەی سووریادا ئەکتەری سەرەکی نییە و ڕەنگە هەندێک کاریگەریی سنووورداری لەسەر هەڵوێستی خێڵە عەرەبییەکانی ناوچەکە هەبێت.

نیگەرانییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە لەشکرکێشییەکەی تورکیا بە پلەی یەکەم لەسەر ئەگەری خورتبوونەوەی داعش و دروستبوونی شەپۆلێکی نوێی کۆچبەرانە و مەسەلەی مافداریی پاراستنی قەوارەی سیاسیی ڕۆژئاوا باسێکی ئەوتۆی لێناکرێت. هەڵبەت ڕای گشتیی جیهان وەک غەدرلێکراو سەیری کورد- ئیدارەی ڕۆژئاوا دەکات کە بێوەفاییان بەرامبەر کراوە. هەرچەندە ڕای گشتی دەوڵەتانی دیموکراتیک کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە، بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئایا لەم کەیسەدا گوشارەکانی ڕای گشتی دەتوانێت سیاسەتی دەوڵەتان بە تایبەتی ئەمریکا بگۆڕێت؟ بەڵام بەئەگەری زۆر، گۆڕانکارییە مەیدانییەکانی جەنگ، فاکتەرێکی کاریگەرترە بۆئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵوێستی وڵاتان دابنێت.

## ئەنجام

لای کەم کەس شاراوەیە کە تورکیا پاساوەکەی هەرچی بێت، سیاسەتێک دژ بە وجودی قەوارەی کوردی لە ڕۆژئاوا پێڕەو دەکات. هەڵبەت ڕووداوەکانی دوای گشتپرسیی هەرێمی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێن کە ڕەنگە ئەمە تەنیا بە سووریاشەوە سنووردار نەبێت. سنووردارکردنی هەسەدە لە جزیرە، لەوانەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ببێتە پاساوێک (پاساوی بوونی پەکەکە لە شنگال و جزیرە) بۆ نائارامکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنی قەوارەی سیاسیی کوردی لە عێراقیش. بۆیە مانەوەی ڕۆژئاوای کوردستان و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستووری داهاتووی سووریا لە ریزی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی هەرێمی کوردستاندایە. ئەو جەنگە دەتوانێت ڕێگا بۆ گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافیی خێرا لەناوچەکە خۆش بکات. جگە لەوە، پوتانسیێلی کۆچ، خورتبوونەوەی داعش و نائارامییەکی درێژخایەنیشی تێدایە کە ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان باش نییە. بۆیە ڕاگیرانی جەنگ لە قازانجی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستانیشە. ئالێرەدا پاڵپشتی هەوڵەکانی دەوڵەتان بۆ ناوبژیوانی و یەکخستنی گوتاری کوردی لە ڕۆژئاوا، بایەخی زۆری هەیە کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەوری تێدا بگێڕێت.

***توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو**

RÛDAW



## میهرداد ئوسکویی: بەنیازی دوو دۆکیۆمێنتاریم لەسەر کورد

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | 0750 486 34 12 – Tel: 0751 811 00 04 | rudaw@rudaw.net


# شەڕی رۆژئاڤا لە چاوی جیهانەوە







## ترەمپ: سزا بەسەر تورکیا دەسەپێنین

لەگەڵ لیندسی گراهام و زۆر ئەندامی کۆنگرێس، لەوانەش دیموکراتەکان، کار دەکەین بۆ ئەوەی سزای بەهێز بەسەر تورکیادا بسەپێنین. وەزارەتی گەنجینە ئامادەیە کاری لەسەر بکات، رەنگە هەوڵی کۆمەڵێک یاسای دیکەش بدرێ. هاودەنگییەکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە. تورکیا داوای کردووە ئەوە نەکرێ. ئاگادار بن!

## ڤلادیمیر پوتین:

هەرکەسێک بێ شەرعییەت لە سووریایە دەبێ خاکی ئەو وڵاتە جێبهێڵێ. ئەمە هەموو دەوڵەتەکان دەگرێتەوە.

## 130 هەزار کەس ئاوارە بوون

نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند زیاتر لە 130 هەزار کەس بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە ئاوارە بوون و 400 هەزار کەس پێویستیان بە هاریکاری مرۆییە، لە کاتێکدا شەڕ رێگرە لەوەی هاریکارییە مرۆییەکان بگەنە ناوچەکە.

## 52 مەدەنی کوژران

بەپێی ئاماری رواندگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ 104 شەڕڤانی هەسەدە شەهید بوون و 76 چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کوژران و 52 هاووڵاتی مەدەنی لە پێکدادانەکاندا کوژراون، بەڵام هەسەدە باس لە شەهیدبوونی 76 شەڕڤان دەکات و تورکیاش باسی کوشتنی 480 شەڕڤان دەکات.



## لە تورکیاش کوژراو هەیە

ئاژانسەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە لە دیوی تورکیاش 18 هاووڵاتی کوژراون

## میدیای ئەمریکی:

ترەمپ فەرمانی بە وەزارەتی بەرگری کردووە کار بە "کشانەوەیەکی بەپلانی" هێزە ئەمریکییەکان لە باکووری سووریا بکات.

## وەزیری بەرگریی ئەمریکا:

- ئامادەکاری دەکەین بۆ کشاندنەوەی هێزەکانمان لە باکووری سووریا.
- زانیاریمان هەیە کە هەسەدە بەنیازە رێککەوتنێک لەگەڵ سوورییەکان و رووسەکان بکەن بۆ ئەوەی هێرشی پێچەوانە لە دژی تورکەکان لە باکوور بکەن. ئەوان بە ئاراستەی رێککەوتن (لەگەڵ سووریا و رووسیا) کاردەکەن.



## 758 کەس لە گرتووخانەیەک رایانکردووە

هێزەکانی سووریای دیموکرات دەڵێن بەهۆی تۆپبارانی هێزەکانی تورکیا 758 کەسوکاری چەکدارانی داعش لە گرتووخانەیەکی نزیک عەین عیسا رایانکردووە.